# قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی کوردستاندا

سیروان ڕێناس

لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ١٣٥ نەتەوە هەن کە جەماوەریان لە کورد کەمترە (XXI:١٩٩٦,Qutoed in O›balance).


## • پوختە

ئـەم وتـارە بـاس لـە قەیرانـی ناسـنامەی نەتەوەیـی لەنـاو بزووتنـەوەی کوردسـتاندا دەکا. وەلـێ ناچێتـە نـاو وردەکارییەکانـی پەیوەندیـدار بـە بزووتنەوەکـە بەڵکـوو زێدەتـر ڕەخنەیەکـی تیۆرییـە، لـە ئاسـتی بوونناسـیدا.[1] گریمانـەی ئـەم وتارە ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردسـتان تووشـی قەیرانی ناسـنامەی نەتەوەییە. ئـەم قەیرانـە لەنـاو بزووتنـەوە کوردییەکانـدا هەبـووە و بەردەوامـە. هـۆکاری ئـەم قەیرانـەش لە خۆنەناسـینی کورددایـە کـە بووەتـە هـۆی پێناسـەیەکی ناتـەواو لـە خـۆی، واتـە کـورد وەک نەتەوەیەکـی بێدەوڵـەت، و کوردسـتان وەک نیشـتمانی کـورد. لـە بەرژەوەندیـی نەتەوەگەلـێ تر بەسـەر پێنـج دەوڵەتدا دابەش کـراوە و ناسـنامەی شـێوێندراوە وەلـێ کورد خۆشـی لـە بزووتنەوەی کوردسـتاندا تـا ڕادەیەکـی زۆر ئەمـەی قەبووڵ کـردووە. خۆناسـین و هۆشـیاریی نەتەوەیـی پێویسـتی بـە وەڵامـی ئـەم سـێ پرسـیارە هەیـە کـە ئێمـە کێین، ئێمـە چیـن، و چیـمان دەوێ. لـێ بزووتنـەوەی کوردسـتان وەک پێویسـت وەڵامـی دروسـتی بەم پرسـیارانە نەداوەتـەوە. بـە جیاکاریـی تێگەیـی پرسـی کـورد و پرسـی کوردسـتان، بـاس لـەوە دەکـەم کـە ئامانجـی سـەرەکیی بزووتنـەوەی کوردسـتان پێویسـتە ڕزگاریـی خاکـی کوردسـتان (سـەربەخۆیی نەتەوەیـی) بـێ. کەواتـە پێشترخسـتنی هـەر ئامانجێکـی ئایدیۆلۆژیکـی لـە ڕزگاریی خاکـی کوردسـتان لادانە لـەو ئامانجە


1- Ontology

*سەرەکییەی بزووتنەوەی کوردستان. لەم نێوانەدا، باس لە پرسی کوردستان لە تیۆری سیاسیدا دەکەم. هەروەها، کۆنفیدرالّیزمی دێموکراتیکی ئۆجالان و سۆسیالیزمی دێموکراتیکی قاسملوو، وەک دوو تێزی ناسراو، دەدرێنە بەر تیشکی رەخنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە یەک، ناسنامەی نەتەوەیی گرنگترین ناسنامەی مرۆڤی سەردەمە؛ و دوو، پاراستن و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا مومکینە، ئەم وتارە جەخت لەسەر گرنگیی بازدانی پارادایمی لە «پارادایمی ریفۆرمخوازی»یەوە بەرەو «پارادایمی سەربەخۆییخوازی» دەکاتەوە.*

**وشە سەرەکییەکان:** *بزووتنەوەی کوردستان، پرسی کوردستان، پرسی کورد، نەتەوەی بێدەوڵەت، پۆست-حیزبایەتی، سۆسیالیزمی دێموکراتیک، کۆنفیدرالّیزمی دێموکراتیک، قاسملوو، ئۆجالان، پارادایمی ریفۆرمخوازی، پارادایمی سەربەخۆییخوازی.*

## پێشەکی

بزووتنەوەی کوردستان دەگەڕێتەوە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە رۆژهەلاتی ناڤیندا. ئەم بزووتنەوەیە بە پالّەری ئەوەی کە کورد نەتەوەیەکە کە پێویستە خۆی سەروەری خۆی بێ، بە دەیان سەرهەلّدانی بە خۆیەوە بینیوە. لەم بەینەدا، کورد دەیان حیزب و سەدان رێکخراوەی سیاسی و هەزاران رێکخراوەی مەدەنی و کولتووریی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراندووە. زۆر کەسایەتیی کورد ژیانیان لەم پێناوەدا تەرخان کردووە. بە سەدان هەزار کورد گیانیان بەخت کردووە و بە ملیۆنان کوردیش بە هۆی داگیرکارییەوە یان بوونەتە قوربانی یان ئاوارەی ولّاتان بوون. بەم حالّەشەوە کورد دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە و داهاتووی مرۆڤ و نەتەوەی کورد ئێستاش هەروا لەژێر هەرەشەدایە. پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە: چما بزووتنەوەی کوردستان هێشتا سەرکەفتنێکی ئەوتۆی تۆمار نەکردووە؟ هەلّەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە چیدان؟ گەلۆ بەدەر لە دۆخی جیۆپۆلیتیکی کوردستان و بێدەسەلّاتیی نەتەوەی کورد، بزووتنەوەی کوردستان خۆی تووشی هەلّەی (یان هەندێ هەلّەی) ستراتژیک بووە کە بوونەتەوە هۆکاری سەرنەکەفتنی؟ بزووتنەوەی کوردستان چۆن چاو لە پرسی کوردستان دەکا؟ چۆن خۆی پێناسە دەکا و رێگا چارەسەرەکانی لە چیدا دەبینێتەوە؟ بەگشتی دەکرێ لە روانگە و رەهەندی جیاواز و بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکان –وەک فەلسەفە، سیاسەت، کۆمەلّناسی، دەروونناسی و هتد– وەلّامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. یەکێک لە پێویستییەکانی توێژینەوە لەسەر کورد و کوردستانیش پێویستە وەلّامدانەوە بەم پرسیارانە بێ.

## ● ١- ناسنامە

ناسـنامە ڕیشـەی لـە جیاوازیدایـە. شـتەکان بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە گەوهـەر[٢] و تایبەتمەندیـدا لـە یـەک جیـاوازن. ئـەو جیاوازییـە کاتێـک دێتـە نـاو دونیـای مرۆییـەوە گرنگییەکـی زۆری هەیـە لەبـەر ئـەوەی کـە واتـا دەدا بـە ژیانـی مـرۆڤ و ئایدیایـەک بـە نـاوی ناسـنامە بەرهـەم دێنـێ. بۆیـەش، ناسـنامە تەنـێ شـتێکی سـاختەی بێکەڵک نییـە بەڵکـو بەشـێکی سـەرەکی و گرنگـی ژیانـی مرۆڤـە کـە هەنـدێ لایەنـی سروشـتی هەیـە و هەنـدێ لایەنـی کولتـووری هەیـە کـە لـە پرۆسـەیەکی مێژووییـدا بەرهـەم هاتـووە. بـۆ نموونـە مرۆڤبـوون –واتـە سـەر بـە ڕەگـەزی مـرۆڤ بـوون– لایەنـی سروشـتی هەیـە وەلـێ ناسـنامەی نەتەوەیـی بەرهەمـی پرۆسـەیەکی دوورودرێـژی مێژووییـە کـە دەبێتـە بەشـێک لـە سروشـتی کولتـووری نەتەوەیـەک. لـەم ڕووەوە، مـرۆڤ نەتەنـێ خـاوەن سروشـتە[٣] بەڵکـو بوونەوەرێکـی کولتوورییشـە[٤]. بـە درێژایـی مێـژوو مـرۆڤ لـە فۆرمگەلـی جیـاوازدا کولتـووری بەرهـەم هێنـاوە. مرۆڤـەکان هەمیشـە ئەندامـی کۆمەڵگەلێکـی کولتووریـی لەیـەک جیـاواز بـوون. لـە ڕوانگـەی تەیلـۆرەوە، کولتـوور دەربڕینـی ناسـنامەیەکی ڕەسـەن[٥] و بیۆینـەی خەڵکێکـی جیـاوازە (Markell, 2003: 154). بۆیەشـە کـە پاراسـتنی و گەشـەپێدان بـەم جیاوازییـە پاراسـتن و گەشـەپێدانی مرۆڤایەتییە. نکۆڵیکـردن لەم جیاوازییە (ناسـنامەییە) تـا ڕادەیەکی زۆر نکۆڵیکردنـە لـە مرۆڤبوونـی مرۆڤـەکان. واتـە، کاتێـک ناسـنامەی کەسـێک یـان گرووپێکـی مرۆیـی سـەرکوت دەکـرێ ئەمـە تەنیـا سـەرکوتێکی سیاسـی نییـە بەڵکـو لەناوبردنـی بەشـێک لـە مرۆڤبوونـی ئـەو مرۆڤانەیـە. چارلێـز تەیلـۆر لـە وتـارە ناسراوەکەیـدا لەژێـر نـاوی *«سیاسـەتی بەفەرمیناسـین»*دا داکۆکـی لـە وەهـا ڕوانگەیـەک لـە ناسـنامە دەکات. ناسـنامە لـە واتـای «شـتێک وەکـوو تێگەیشـتنی کەسـەکان لـەوەی کە کێـن، تێگەیشـتنیان لەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییانـەی کـە خۆیانـی وەک مـرۆڤ پـێ پێناسـە دەکـەن» (Taylor, 1994: 25). بۆیەشـە کـە ئـەو داکۆکـی لـە ناسـنامەی کۆیـی[٦] لەسـەر ئـەو بنەمایـە کـە ئـەو جـۆرە ناسـنامانە ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە کەرامـەت و سـەنگەخودی[٧] مرۆڤـدا هەیـە (Ibid: 25-43). وەهـا تێگەیشـتنێک لـە کولتـوور لە مرۆڤناسـیدا[٨] باوە. بـۆ وێنە، گیرتز بەڵگە دەهێنێتەوە کـە چلـۆن بوونـەوەری مرۆیـی لـە ڕێگـەی فۆرمگەلـی کولتووریـی بێوێنـەوە دروسـت بـوون. لـە ڕوانگـەی ئـەودا، «بوونـەوەری مرۆیـی ئاژەڵێکـی ناتـەواو یـان ناپوختـە کـە لـە ڕێگـەی کولتـوورەوە [دەبێتـە مرۆڤـی] تـەواو – و نـەک لـە ڕێگـەی کولتـوور بـە واتـا گشـتییەکەی بەڵکـو لـە ڕێگـەی فۆرمگەلێکـی زۆر تایبـەت لـە کولتـوور» (Geertz,

---

2- Essence
3- Nature
4- Cultural creature
5- Authentic
6- Collective identity
7- Self-esteem
8- Anthropology

(1973: 35). ئـەم کولتوورەیـە کـە دەبێتـە بنەمـا بـۆ ناسـنامەی کۆمەڵگەلێکـی جیـاوازی مرۆیـی –وەک بەشـێکی گرنـگ لـە پێناسـەی مرۆڤبوونیـان. کوردبـوون وەهـا ناسـنامەیەکە. لـەم سـۆنگەوە، کوردبـوون بەشـێکی هـەرە گرنگـی مرۆڤبوونـی مرۆڤـی کـوردە.

بەگشـتی، ناسـنامە بەسـەر دوو جـۆری ناسـنامەی کەسـی و کۆییـدا دابـەش دەبـێ. لێـرەدا باسـەکە پەیوەندیـی بـە ناسـنامەی کۆیـی یـان بەکۆمەڵـەوە هەیـە. کاتێـک کۆمەڵێـک مـرۆڤ وەکیـەک دەچـن، یـان بـە دەسـتەواژەیەکی تـر، لـە جیـاوازی لەتـەک کۆمەڵێکـی تـردا وەکیـەک دەچـن، ئـەوان بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی ناسـنامەیەکی کۆیـی بـە خـۆ دەگـرن و وەک گرووپێـک وێنـا دەکرێـن و خۆیشـیان وەک گرووپێـک خۆیـان دەبینـن. کەواتـە، ناسـنامە بـەر لـەوەی لـە وێکچـوون دروسـت ببـێ، لـە «وێکچـوون لـە جیاوازیـدا» دروسـت دەبـێ. مینـاک، لەبـەر ئـەوە ئێمـە بـە خۆمـان دەڵێیـن کـورد کـە لە کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی لەتـەک نەتەوەکانی تـردا جیاوازیـن. واتـە، لە جیـاوازی لەتەک ئەوانـدا ئێمـە وەکیـەک دەچیـن یـان زەینی-وەکیەکـمان[9] هەیـە نـەک ئـەوەی کـە ئێمـەی کـورد هەمووـمان وەکیـەک بچیـن. لێـرەوە ناسـنامەی نەتەوەیـی پەیوەنـدی بـە نەتەوەکانـی تریشـەوە پەیـدا دەکات بـە جۆرێـک کـە نەتـەوەکان «خود»یـان لـە بەرامبـەر «ئـەوی تر»ەکانیانـدا زەق دەکەنـەوە.[10] شـایانی ئاماژەیـە کـە ناسـنامەی کۆیـی زۆر جـۆری جیـاوازی ناسـنامە لـە خـۆ دەگـرێ. هـەر لـە ناسـنامەی نەوەییـەوە هەتـا چینێکـی کۆمەڵایەتـی، جێنـدەر، کۆمەڵەیەکی زانسـتی یـان وەرزشـی و هتـد. ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتی ئـەم وتارەیـە ناسـنامەی نەتەوەییـە. ناسـنامەی نەتەوەیـی ناسـنامەی زاڵـی مرۆڤـە لـە دونیـای مۆدێرنـدا. واتـە ئەگەرچـی مرۆڤـەکان هـاوکات ئەندامـی کۆمەڵـە و گرووپگەلێکی جیـاوازن وەلـێ لـە دونیـای نوێـدا مرۆڤەکان بەسـەر کۆمەڵگەیلێکـی نەتەوەییدا دابـەش بـوون.[11] هۆکارەکەشـی ئەوەیە کـە مرۆڤـەکان هەسـتێکی زۆر قووڵـی پەیوەندارێتییـان بـە نەتەوەکەیانـەوە هەیـە و «هـۆکاری ئـەو پەیوەندارێتییە دۆخی مرۆڤـە»[12] کـە بەسـتراوەتەوە بـەو شـێوازەی کـە مرۆڤـەکان وەک بوونەوەرێکـی مرۆیـی پێویسـتیان بەوەیـە کـە واتـا بـە

9- Likeminded

١٠-هەنـدێ لـە بیرمەندانـی بـواری ناسـنامە تەنانـەت لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە ناسـنامەکان لـە بەرامبـەر یەکتردا دروسـت دەبـن. بۆیـەش، لـە ئاسـتی سیاسـیدا نەتـەوەکان پێویسـتیان بـە دروسـتکردنی «ئـەوی تـر»ە. بـەم پێیـەش، کوردیـش وەک نەتەوەیەک پێویسـتە ئـەوی تری خـۆی بناسـێ و لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە پێناسـەی بـکا. بـۆ وتارێـک لەمـەڕ زەروورەتـی دروسـتکردنی ئـەوی تـر لـە گوتـاری ناسـنامەی کـورددا بڕوانـە:

حقمرادی، محمد (٢٠٢٠). ضرورت تاسیس ‹دیگری› در گفتمان هویت کوردی. گۆڤاری پۆلیتیا. ساڵی دووەم. ژمارەی ٤. لل ٤-٢٥.

١١-بـۆ نموونـە، کەسـێک هـاوکات پیـرە، ژنـە، دەوڵەمەنـدە، وەرزشـکارە، خوێنـدکارە و سـەر بـە گرووپێکـی مۆسیقاشـە. ئەمانـە هـەر کامیـان بەشـێک لـە ناسـنامەی پێـک دێنـن بـەڵام لـە سیاسـەتدا ناسـنامەی سـەرەکی کـە بانـدۆری لـە گشـتیان زۆرتـرە و مرۆڤـەکان زیاتـر بـەم خۆیـان دەناسـێنن هەمـان ناسـنامەی نەتەوەییە. مینـاک، کرێکارێـک لەوانەیە بتوانێ چینـی کۆمەڵایەتیەکـەی بگـۆڕێ بـەڵام گـۆڕینی نەتـەوە شـتێکی ئەسـتەمە. بۆ وتارێـک لەمـەڕ گرنگیـی ناسـنامەی نەتەوایەتـی و بەراوردێکـی لەتـەک ناسـنامەی چینایەتیـدا بڕوانـە:

Tamir, Yǎel (1995). The Enigma of Nationalism. World Politics. April 1995 v47 n3 p418(23).

12- Human condition

جیهانەکەیان بدەن» (Kymlicka, 2000: 25; Kymlicka, 1995: 90). کەوابوو، مرۆڤەکان نەتەنێ سروشتی هاوبەشیان هەیە وەک مرۆڤبوون، بەڵکوو جیاوازیی زۆر گرنگیان هەیە بە هۆی جیاوازی لە «دۆخی مرۆڤ»دا. واتای مرۆڤبوون هەم لایەنە هاوبەشە یۆنیڤێرساڵەکە (سروشتی مرۆڤ) دەگرێتەوە هەم لایەنە جیاوازە تایبەتییەکە (دۆخی مرۆڤ). لە ئەنجامدا، نکۆڵیکردن لە جیاوازی و ناسنامەی مرۆڤەکان (لایەنە تایبەتییە جیاوازەکەیان) نکۆڵیکردنە لە بەشێکی گرنگ لە پێناسەی مرۆڤبوونیان.

**١-٢-ناسنامەی نەتەوەیی**

ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای نەتەوەبوون دادەمەزرێ. نەتەوەکان لە دونیای نوێدا بە دامەزراندنی دەوڵەت لە ڕێگەی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە گەیشتوون بەم فۆرمە لە نەتەوە کە ئێمە ئێستا دەیانناسین. نەتەوە ڕۆژئاواییەکان وەک دامەزرێنەری ئەم فۆرمە سیاسییە نوێیە هەر بەر لە دەسپێکی مۆدێرنیتەوە بەرەو شوێنگەلی تری دونیاش وەڕێ کەوتن. ئەوان دواتر بە پێشکەوتنی پیشەسازی، بەرەوپێشبردنی سیستەمی سەرمایەداری، گەشەپێدان، کاولکاری، کۆیلەگەری، و دۆزینەوەی دونیا دەستیان بەسەر زۆربەی وڵات و کۆمەڵگەکانی تردا گرت. لەم قۆناغەدا کە بە کۆلۆنیالیزم ناسراوە، نەتەوەکانی وڵاتە ناڕۆژئاواییەکان هەوڵیان دا بە جۆرێک خۆیان پێناسە بکەن کە بتوانن دژی کۆلۆنیالیزم بوەستنەوە و پێشکەوتنیش بە خۆیانەوە ببینن و پێ بنێنە ناو دونیای نوێوە. ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتانە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامە کە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان پێویستە پێناسەیەکیان لە خۆیان هەبێ بۆ ئەوەی خۆیان بدۆزنەوە و بتوانن بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن. بە وشەگەلێکی تر، ناسنامە و بەرژەوەندیی خۆیان دیاری بکەن، بیپارێزن و گەشەی پێ بدەن. ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرندا مومکین بوو. ئەوانە کە وا بێدەوڵەت مانەوە بەشێکی زۆر لە ناسنامە و بەرژەوەندییان تێدا چوو، تەنانەت هەندێک کولتوور و شارستانیەت بە تەواوی لەناو چوون.

بەریەککەوتنی کۆلۆنیالیستەکان و بەکۆلۆنیکراوەکان تێچوویەکی زۆری هەبوو و تەنانەت ئێستاش کاریگەرییەکانی زۆر بەرچاوە. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەو بەریەککەوتنە دیاریکردنی سنوورە سیاسییەکانی دونیای نوێ بووە. لەم نێوەدا، کوردستان لە پرۆسەیەکی مێژووییدا و لە دابەشکاریی نوێ لە ڕێککەوتننامەی نێوان کۆلۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان و داگیرکەرانی کوردستاندا دابەش بوو.[١٣] گەشەی نەتەوایەتی لە زۆر وڵاتدا ڕەوتێکی سروشتی و نێوخۆیی تێپەڕ نەکرد بەڵکوو لە ڕێگەی دیاریکردنی سنوورە کۆلۆنیالیستییەکانەوە نەتەوە-دەوڵەت و ناسنامەی نەتەوایەتی پەرەی ستاند. بەشێکی بەرچاوی ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی سنوورە

١٣- ئاشکرایە کە بەر لە دابەشکردنی کوردستان لە پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣دا، پێشتر لە گرێبەستی زەهاو لە ١٦٣٩دا (دوابەدوای شەڕی ١٥١٤دا) کوردستان بە دووبەش کرابوو. *کوردستانا سۆریش* کە ڕووسەکان داگیریان کردبوو.

کۆلۆنیالیستییەکان بوون، بوونە دەوڵەتی فرە-نەتەوە.[١٤] لەم دەوڵەتانەدا نەتەوەگەلێک کە لە دەسەڵاتدا بوون هەموو هەوڵی خۆیان دا کە خۆیان وەک نەتەوەیەک پێناسە بکەن و یەک ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەم بهێنن. واتە، لە کۆمەڵێک لە نەتەوەکان یەک نەتەوە دروست بکەن – بەتایبەت کە پێویستیان بە پێشکەوتنێکی خێرا هەبوو بۆ ئەوەی کە ناسنامەی خۆیان لە بەرامبەر ڕۆژاڤاییەکاندا بپارێزن و گەشەی پێ بدەن. بۆ ئەم مەبەستە، زۆربەیان پەنایان بردە بەر دۆزینەوە و تەفسیری مێژوو و زیندووکردنەوەی قۆناغی زێڕینی مێژوویی و هاوکات سەرکوت و تواندنەوەی بەزۆری نەتەوە بندەستەکان و دیاریکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوە باڵادەستەکە وەک ئایدیۆلۆژیی فەرمیی دەوڵەت.[١٥] لەم جۆرە نەتەوەسازییە کە وەک ئایدیۆلۆژییەکی فەرمیی دەوڵەتی بەڕێوە چوو نەتەوە داگیرکەرەکان دەستیان بەسەر کولتووری نەتەوە بندەستەکاندا گرت. بەشێکیان دزی، بەشێکیان شێواند و بەشێکیشیان لەناو برد. مێژووی ئەو نەتەوانەیان شێواند و ناسنامەیەکی نەتەوەیی ساختەیان بەسەردا سەپاندن. دەوڵەت وەک گەورەترین دامەزراوەی مۆدێرن ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بوو. نەتەوە باڵادەستەکان تایبەتمەندییەکانی خۆیان بە دروست و تایبەتمەندییەکانی نەتەوە بندەستەکانیان بە بێکەڵک یان هەڵە لە قەڵەم دا. سەرکەوتنە مێژوویی و هەنووکەییەکانیان بە ناوی خۆیان و بنکەوتنەکانیشیان بە ناوی نەتەوە بندەستەکانەوە تۆمار کرد.[١٦] لە باشترین حاڵەتدا، نەتەوە بندەستەکانیان وەک ئەتنیک[١٧] پێناسە کردن.

ناسنامەی نەتەوەیی ئەو ناسنامەیە کە لەسەر نەتەوەبوون دادەمەزرێ. گرێپووچکەیەکی سەرەکی ئەوەیە کە لە ئاستی گوتاری سیاسی و میدیاییدا[١٨] بۆ ماوەیەکی زۆر، کە وەک لەسەرەوەش ئاماژەی پێدرا، بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکان نکۆڵی لە ناساندنی «نەتەوە بندەستەکان» وەک نەتەوە کراوە. لە ئاستی سیاسەتی

---

١٤-سەیرێکی سەرپێیی نەخشەی سیاسیی وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەوە نیشان دەدا کە چۆن ئەم سنوورانە هاوشێوەی شێوەگەلی ئەندازەیی وەک سێگۆشە، چوارگۆشە، لاکێشە و هتد بە دەست کێشراون و لەتەک سروشتی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکان یەکانگیر نین. سنوورە کۆلۆنیالیستییەکانی لە وەڵاتەکانی تریشدا کێشەی زۆریان ناوەتەوە. بۆیە وێدەچێ لە داهاتوودا نەتەوە بندەستەکان بەرپەرچی ئەم سنوورانە بدانەوە.

١٥-لەبەر ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیاکان، بەتایبەت ناسیۆنالیزم، لە خۆیاندا خۆ-تەواوکەر نین تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیاکانی تر دەبن. لەم وڵاتانەشدا وەنەبێ تەنیا ناسیۆنالیزم هەبووبێ بەڵام بۆ دۆزی نەتەوەسازی ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیای فەرمیی ئەو دەوڵەتانە بوو. بۆ وێنە، ئەو جۆرە لە «نەتەوە-دەوڵەتسازی»یەی کە فارسەکان لە ئێران و تورکەکان لە تورکیادا بردیانە پێشەوە. بڕوانە:
انتخابی، نادر (١٣٩٠). ناسیونالیسم و تجدد در ایران و ترکیه. تهران. نگاره آفتاب. چاپ اول.
بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٠ [١٩٧٧]). هەردی، ئاسۆس. تێزی تورک بۆ مێژوو تیۆری زمانی خۆر. سلێمانی. سەردەم.

١٦-ناهۆشیاری نەتەوەیی و هەروەها بەرژەوەندیخوازی هۆکارگەلێک بوون کە تەنانەت بەشێک لە نوخبە و ڕۆشنبیرانی نەتەوە بندەستەکان هاوکاری نەتەوە و دەوڵەتی باڵادەست بوون. میناک، ڕۆڵی مێژوونووسانێک وەک ڕەشید یاسەمی لە کتێبی «کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او» بە مەبەستی شێواندنی مێژووی کورد لە بەرژەوەندیی فارسەکاندا.

١٧- ئەتنیک لە زمانی فارسیدا بە «قوم» وەرگێردراوە، تا ڕادەیەک نزیکن لە یەکتر. بەس بەگشتی، قەوم واتای بەرتەسکتری هەیە. ئەتنیک لە زانستە سیاسییەکاندا جار وایە بە واتای کۆمەڵە خەڵکێک دێ کە خاوەنی «کولتووری جیاواز»ن. وەلێ لە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا بە واتای خەڵکێک دێ کە خاوەنی «هورد-کولتوور»ن نەک کولتوور.

١٨-نووسەری فەڕەنسی، ڕۆڵان بێرتۆن، ئاماژە بە ڕۆڵی گوتاری سیاسی و میدیایی لە پێناسەکردنی ئەو نەتەوەگەلە وەک «ئەتنیک» دەدات. بڕوانە: برتون رولان (١٣٨٢). فکوهی، ناصر. قومشناسی سیاسی. نشر نی. تهران.

نێونەتەوەییشدا ئەو وادانانە[19] لە ئاستی تیۆر و کردەی سیاسیدا بوو بە باو کە نەتەوە-دەوڵەت یەکەیەکی سیاسی نەتەوەییە. واتە، سنوورە سیاسییەکانن کە دەبنە پێوەری سەرەکی بۆ پێناسەکردنی نەتەوە، بە واتایەکی دیکە، بەپێی ئەم پێناسەیە هەر دەوڵەتێک لە یەک نەتەوە پێک هاتووە. بۆیەش ناسنامەی نەتەوەیی لە وێژەی سیاسیدا تێکەڵ بە ناسنامەی دەوڵەتەکان بووە. هەنووکە، زۆرێک لە تیۆریستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسەکان گەیشتوونەتە ئەو تێگەیشتنە کە پێویستە لە نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکاندا جیاوازی دابنرێ بەڵام کێشەیەکی گەورە ئەوەیە کە ئەمە نەک نەبووەتە خەمی زۆربەیان بەڵکوو ئامادەش نین بە ئاشکرایی دان بەمەدا بنێن و باس لە ڕێگاچارەسەر بکەن. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش ئەمەیە کە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژاوا، واتە وڵاتانی خودی ئەم ڕۆشنبیرگەلە، ئەگەری لەتبوونیان هەیە و چاوەڕوان ناکرێ ئەمان وا بەسانایی دان بەم کێشەیەدا بنێن.[20] بەم حاڵەشەوە، لە بەستێنی ئەو وڵاتانە کە پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هەبووە بیرمەندگەلێک هەوڵی پێناسە و فۆرموولەکردنی پرسی بێدەوڵەتییان داوە. کاتێک تێگەی نەتەوەی بێدەوڵەت ناس بکەین ئەوە دەتوانین باس لە ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەی بێدەوڵەت، یان لانیکەم لە دەرەوەی کانتێکستی دەوڵەتداریدا، باس لە ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە دۆخی بێدەوڵەتیدا بکەین. بەو واتایە کە چۆن ناسنامە و بەرژەوەندیمان دەستنیشان بکەین کە بتوانین بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بڕۆین. مانوێل کاستێلز دەربارەی ناسنامە باس لەوە دەکا کە هەندێ لە «نەتەوە، و ناسیۆنالیزمەکان، نەگەیشتنە دروستکردنی نەتەوە-دەوڵەت (مینا: سکۆتلەند، کاتالۆنیا، کۆبێک، کوردستان، فەلەستین)، بەڵام هێشتاش هەر بەرچاون، هەندێکیان بۆ چەند سەدە [خەباتەکەیان] دیار بووە، ناسنامەیەکی کولتووری/سەرزەوینی[21] کە خۆی وەکوو کارەکتەرێکی نەتەوەیی بەیان دەکا.» (Castells, 2010: 32). ئانتۆنی گیدێنز لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «بەرخۆدانی ئەتنیکە ناسراوەکان[22] لەناو نەتەوەگەلێکی دامەزراودا بووەتە هۆی دیاردەیەک بە ناوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان» (Giddens, 2009: 1035)، وەکوو، سکۆتلەندییەکان، وێڵزییەکان، کاتالانەکان، کۆبێکەکان، فلاندێرەکان، فەلەستینییەکان، تەبەتییەکان و کوردەکان

---

19- Presumption

٢٠- زۆربەی وڵاتەکانی دونیا خاوەنی لانیکەم «کەمینەیەکی نەتەوەیی»ن. جا ئەگەر هەرچەندێکیش بچووک یان گەورە بن ئەوە «مەترسیی جیابوونەوە»یان دروست کردووە بۆ ئەم وڵاتانە. میناک، کانادا (کۆبێک و نەتەوە خۆجێییە سوورپێستەکان)، بریتانیا (سکۆتلەند، ئایرلەند و وێڵز)، سپانیا (کاتالان و باسک)، بەلجیک (فلامان)، فەڕەنسا (برێتۆنەکان. فەڕەنسا زۆر کەمینەی نەتەوەیی بچووکی تریشی هەن. بەشێکی کاتالانەکانیش کەوتوونە ناو فەڕەنسا)، ئەمریکا (پۆرتۆریکۆ. هەورەها، لە ئەمریکا بەردەوام جوداییخوازی لە هەندێ ویلایەتی باشووردا هەیە و لە دوای شەڕی ناوخۆوە ئەم پرسە وەک هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی ئەمریکاییبوون بیندراوە). تەنانەت ئیتالیا و ئەڵمانیا چەند گرووپی کولتووریی هاوشێوەیان هەیە. لەناو وڵاتە زلهێزەکاندا هەموویان فرەنەتەوەن. بۆ نموونە، هیندستان (کەشمیر وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و چەن کەمینەیەکی نەتەوەیی تر)، چین (ئوغور، تەببەت و تایوان)، ڕووسیا (چێچێن، تاتارستان و دەیان کەمینەی نەتەوەیی تر).

21- Territory

22- Well-defined

(Ibid: 1038-39). لای فەیلەسووفی سیاسی لیبراڵ، ویل کیملیکا، ئەوانە «نەتەوەی بێدەوڵەت»ن (Kymlic-ka, 2000: 208). هەروەها، کۆمەڵناسی کاتالۆنیایی، مۆنتێسترا گوبیێرنائۆ هەوڵی تیۆریزەکردنی تێگەی «نەتەوە بێدەوڵەتەکانی» داوە. ئەو بەم جۆرە پێناسەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەکات: «ئەو کۆمەڵە کولتوورییانەی کە خاوەنی ڕابردوویەکی هاوبەشن، بە خاکێکی[٢٣] دیاریکراوەوە گرێ دراون، خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و حەز دەکەن کە بڕیار لەسەر داهاتووی سیاسیی خۆیان بدەن» (Guibernau, 1999: 1)، وەکوو، کاتالۆنیا، سکۆتلەند، کۆبێک و کوردستان (Guibernau 2004).[٢٤] یان بە پێناسەی کریستۆفێر وێلمەن، «نەتەوە خەڵکێکن کە لە گرووپێکی کولتووری پێک هاتوون و بەیەکەوە دەناسرێن جا یان چارەنووسی سیاسییان تا ڕادەیەک دیاری کراوە یان بە دوایدان» (Wellman, 2005: 98).[٢٥] یان هەیڤوود دەڵێ کە: «نەتەوە یەکەیەکی کولتوورییە، جەستەیەک کە خەڵک تیایدا لە ڕێگەی میراتی کولتووری هاوبەشەوە بەیەکەوە بەستراونەوە» (Heywood, 2004: 98). کەوابوو هەندێک نەتەوە هەن کە بێدەوڵەتن. هەمدیسان هەیڤوود جەخت دەکاتەوە کە «نەتەوەکان لەوانەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبن چ بە هۆی کۆلۆنیالیزمەوە –وەک نەتەوە ئاسیایی و ئەفریقییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا– یان بە هۆی ئەوەی کە بەشێک بن لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە. میناک، بریتانیا یان یەکێتیی سۆڤیەتی جاران» (Ibid)، بۆیەشە کە دەتوانین بڵێین کە لە وڵاتێکی وەک بریتانیا چوار نەتەوەی ئینگلیزی، سکۆتلەندی، وێلزی و ئایرلەندی هەن (Ibid, 99).

بۆ ئەوەی بتوانین باس لە ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بکەین سەرەتا پێویستە تێگەی دەوڵەت، نەتەوەی بێدەوڵەت، نەتەوە-دەوڵەت، دەوڵەتی فرەنەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی لەیەک جیا بکەینەوە.[٢٦] وەک لەسەرەوە باس کرا، کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە. لەناو تیۆر و فەلسەفەی سیاسیشدا لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە ئەو جیاکارییانە کراوە و ئەڤرۆ لە ئاستی ئاکادیمی و توێژینەوەی زانستیدا جیاکاری لە نێوان

---

23- Terittory

٢٤- گوبیێرنائۆ لەم وتارەیدا بە وردی باس لەوە دەکات کە چۆن ئەم چوار نەتەوە بوون بە نەتەوەی بێدەوڵەت. هەروەها ئەوەی کە چۆن کوردستان بە زۆرەملێ بەسەر پێنج دەوڵەتدا دابەش کراوە (Guibernau, 2004: 1275). بڕوانە:

Montserrat Guibernau, Nations Without States: Political Communities in the Global Age, 25 Mich. J. Int›l L. 1251, (2004).

٢٥- وێلمەن دەڵێ ئەوە سێنارێۆیەکی ناواقیعی نییە و مافێکی ڕەوای کوردەکانە ئەگەر کە لە ئێراق، ئێران، و تورکیا جیا ببنەوە و یەک دەوڵەتی نوێ و سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنن. (Wellman, 2005: 59)

٢٦- نەتەوە-دەوڵەت بە دەوڵەتێک دەگوترێ کە یەک نەتەوەی هەیە، وەکوو ژاپۆن. دەوڵەتی فرەنەتەوە بەو دەوڵەتانە دەگوترێ کە چەند نەتەوەیان تیایە، وەکوو ئێران. پێناسەی ناسراوی دەوڵەت لای ماکس وێبێر بەم جۆرەیە: «کۆمەڵەیەکی مرۆیی کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئیدعای هەبوونی مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی توندوتیژیی هەیە لە خاکێکی دیاریکراودا» (Weber, 1946). بڕوانە:

Kim, Sung Ho, «Max Weber», The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Winter 2019 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = https://plato.stanford.edu/archives/win2019/entries/weber.

نەتەوە و دەوڵەتدا ئاساییە. بۆ نموونە، کیملیکا تێگەی «کەمینەی نەتەوەیی» (١٩٩٥) هێناوەتە ناو فەلسەفەی سیاسییەوە، کە بە وتەی ئەو دوو جۆری هەیە: «نەتەوە بێدەوڵەتەکان»، ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتێکیان نییە کە تیایدا زۆرینە بن، وەکوو کاتالانەکان، فلێمیشەکان، سکۆتلەندییەکان و هتد؛ و «خەڵکی خۆجێیی»، خەڵکێک کە بەشێکی زۆری خاکەکەیان بەزۆری کراوەتە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکانی تر، وەکوو سامییەکان، سوورپێستەکانی ئەمریکا و هتد (Kymlicka, 2000: 207-8). دواتر لە وێژەی سیاسیدا باس لە نەتەوەبوونی ئەو نەتەوانە دەکرێ کە لەسەرەوە باسیان کرا.[٢٧] گوێبێرنائۆ پێی وایە کە «ناسنامەی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی هەستی پەیوەندارێتی بە نەتەوەیە بەدەر لەوەی کە ئەو نەتەوەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێ یان نەبێ» (Guiber-nau, 2004: 135) و ئەو ناسنامەیە پێنج لایەنی دەروونناسی، کولتووری، سەرزەوینی، مێژوویی و سیاسی لە خۆ دەگرێ (Ibid). تیۆرە ناسراوەکانی بواری ناسیۆنالیزم کە لە دەیەی هەشتادا سەریان هەڵدا توانایی ناسینی پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکانیان نەبوو. تەنانەت تیۆرەکانی ئەندێرسۆن (١٩٨٣)، گێلنێر (١٩٨٣) و هابزباوم و ڕێینجێر (١٩٨٣) هەموویان دروستبوونی نەتەوە دەگەڕێننەوە بۆ قۆناغی مۆدێرن و بە دروستکراو و بەرهەمی مۆدێرنیتەی دەزانن.[٢٨] ئەوە لە حاڵێکدایە کە؛ یەکەم، نەتەوەکان لە هەموو دونیا وەکیەک نەبوون و نین. دووهەم، هەر وەک ئانتۆنی سمیت -کە دامەزرێنەری پارادایمی ئەتنۆسیمبۆلیزمە لە توێژینەوەکانی ناسیۆنالیزمدا- ڕەخنەیان لێ دەگرێ، ئەگەرچی ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مۆدێرنە[٢٩] بەڵام زۆربەی نەتەوەکان هەمان درێژکراوەی کۆمەڵە کولتوورییەکانی (ئەتنیکەکان) بەر لە قۆناغی مۆدێرنن. هەروەها نەتەوەکان هەموویان بەقەدەر یەک تەمەنی مێژووییان نییە. هەندێکیان مێژوویەکی کۆنیان هەیە و دەگەڕێنەوە قۆناغی مێژووی کۆن، هەندێکیان بۆ چاخی ناوەڕاست و هەندێ تریش بۆ قۆناغی مۆدێرن (Smith, 1986). میناک، ئەو باس لە بوونی فارس و کورد و ئارەب دەکا وەک ئەتنیک لە سەدەی یازدەیەمدا (Smith, 1991: Ch.1). دیارە مێژووی کورد دەگەڕێتەوە زۆر

٢٧-بۆ نموونە بڕوانە ئەم ژێدەرانە:
Moore Margaret. 1997. Ed. National Self-Determination and Secession. Oxford: Oxford University Press.
Moore, Margaret and Buchanan Allen. 2003. States, Nations, and Borders; The Ethics of Making Boundaries. Cambridge University Press. New York.
Miller, David. 2016. Boundaries, Democracy, and Territory. The American Journal of Jurisprudence. Vol. 61, No. 1 (2016), pp. 33–49.
Patten, Alan. (2014). Equal Recognition: The Moral Foundations of Minority Rights. Princeton; Oxford: Princeton University Press.

٢٨-بڕوانە:
Anderson, Benedict. 1983. Imagined Communities: Reflections on the origins and spread of nationalism. London: Verso
Gellner, Ernest. 1983. Nations and Nationalism. Oxford: Basil Blackwell.
Hobsbawm, Eric and Terence Ranger (eds.). 1983. The Invention of Tradition. Cambridge: Cambridge University Press

٢٩-بۆ نموونە، سمیت ناسیۆنالیزمی کورد دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ١٨٨٩ و هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەی *تەعالی و تەرەقی* لە پاییزی ١٩٠٨دا و *هێڤیا کورد* لە ١٩١٠دا (Smith، ١٩٩١: ١٣٢).

کۆنتر. بەس مەبەست ئەوەیە کە تەنانەت بە بۆچوونی سمیت، کورد لە سەدەی یازدەدا بە کورد ناسراوە. هەر وەک نەبەز جەخت دەکاتەوە کورد بە لانیکەم هەزار ساڵە ناوی بە کورد ڕۆیشتووە (نەبەز، ٢٠٠٧: ١٤-١٥). تەنانەت کورد «لە سەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە ناسراوە» (قاسملو: ٢٠٠٤ [١٩٦٤]: ٢٦٠). کەوابوو نەتەوەی کورد شتێک نییە لەم دواییانە دروست بووبێ. ئەم لێکدانەوەیە کە کورد لە کۆنەوە وەک «ئەتنیک»ێک هەبووە و لە قۆناغی مۆدێرندا بووەتە نەتەوە بە تیۆرەکەی سمیت بە سانایی شی دەکرێتەوە. ئەم تیۆرە پارادایمێکی نوێی بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری ناسیۆنالیزمدا کردەوە. بە چەشنێک کە تیۆریستە سیاسییەکان لە دەیەی نەوەتدا، هەر وەک باس کرا، لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە چیتر نەتەوەبوون نابەستنەوە بە دەوڵەتەوە.[٣٠] لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت ئیتر ناسیۆنالیزم جارێکی تر لە ئاستی کردە و تیۆری سیاسیدا زیندوو بووەوە.

### ١-٢-١-قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی

مرۆڤەکان هەم بە نیسبەت خۆیان هەم بە نیسبەت جیهان هۆشیارییان هەیە، بۆ ئەوەشە کە هەست بە بوون دەکەن و هۆشیارییان هەیە بەسەر خۆیاندا. لێرەوەیە کە مرۆڤەکان خۆوشیاریی خۆیان لە بکەری وەک «من» و «ئێمە»دا دەدۆزنەوە. «هەر کام لە ئێمە وشەگەلێک وەک «من»، «ئی من» بەکار دەهێنین هەتا ئاماژە بە خۆمان بکەن» (Smith, 2020). لە ئاستی بەکۆمەڵیشدا جۆری جیاوازی «ئێمە» بەکار دێنین بەپێی ئەو مەبەستەی کە هەمانە. «ئێمە» کاتێک بۆ ئاماژە بە نەتەوەکەمان بەکار دێنین بەهێزترین «ئێمە»یەکە کە لە دونیای مۆدێرندا دەکار دەکرێ. قەیرانی ناسنامە کاتێک دروست دەبێ کە ئێمە نەزانین ڕێک مەبەست لە ئێمە کێیە و چییەتیی «ئێمە»، واتە خۆمان (تایبەتمەندی و تواناکانمان) نەناسین و لە ئاکامدا نەزانین چیمان دەوێ.

لێرەدا مەبەست لە قەیرانی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆلێونبوون و خۆنەناسینە لە ئاستی نەتەوەییدا. واتە کاتێک وەک کورد ئاماژە بە «ئێمە» دەکەین ڕێک نازانین باس لە کێ و لە چی دەکەین. بە تایبەت کە وەک کورد هۆشیاریمان بەسەر تایبەتمەندییەکانی (باش و خراپ) خۆماندا نییە.[٣١] تاکی کورد خۆی لە نێوان سێ ئاستدا هاوکات لە چوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا (ئێرانی، تورکیایی و هتد)؛ و هاوکاتیش وەک ئەندامێکی کوردی بەشێک لە کوردستان (وەک کوردی ڕۆژهەڵات)؛ و زۆر بە لاوازییش، وەک کوردێکی کوردستانی (وەک ئەندامێکی نەتەوەی کورد) پێناسە دەکات. ئەمە بووەتە هۆی ئاڵۆزییەکی یەکجار زۆر لە دیاریکردنی ناسنامە و بەرژەوەندیی مرۆڤی کورددا. هۆکاری

---

٣٠- لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە هیچ بیرمەندێکی سیاسی نەتەوەبوون بە دەوڵەت نابەستێتەوە بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە هەردوو بەرەدا بەڵگاندن و توێژینەوەی زانستی هەن بەڵام بۆ زۆربەی تیۆریستەکان نەتەوەبوونی کوردەکان، کاتالانەکان، کۆبێکەکان و هتد جێگەی موناقشەیەک نییە.

٣١- بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە بەربڵاوی لەسەر واتای ئەوەی کە کوردبوون چییە بکۆڵینەوە. ئەم وتارە ناپرژێتە سەر ئەم باسە لەبەر ئەویکە ئەم بەشە خۆی پێویستی بە نووسینی وتاری تر هەیە.

ئەمەش خۆنەناسینە. واتە، «خۆوشیاری نەتەوەیی»[32] لە ناو کورددا لاوازە. خۆوشیاری پەیوەندیی نێوان دوو شتە؛ ئەو جۆرەی کە ئێمە خۆمان دەبینین و بیر دەکەینەوە لە خۆمان، لەتەک ئەو جۆرەی کە بوونی ڕاستەقینەی ئێمەیە. بە وشەگەلی تر، لە نێوان بوونی ئێمە وەک نەتەوە و هۆشیاریی ئێمە بە نەتەوەبوونمان کەلێنێکی گەورە هەیە. ئەمەش ئەو قەیرانەیە کە کۆی مەعریفە و کردەی سیاسیی مرۆڤی کوردی داگرتووە. بە کورتی، ئێمە وەک «نەتەوە»یەک خۆمان بە چەشنێک دەبینین کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ بوونی نەتەوەیی خۆمان. خۆوشیاریی نەتەوەیی یانی ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ جووڵەی نەتەوەکەی لە مێژوودا دەرک پێ بکات و خۆی وەک بەشێک لەم نەتەوەیە لەم پرۆسە مێژووییەدا بناسێ. ئەم جۆرە وشیارییەیە کە نەتەوەیەک دەباتە ناو جیهان و مێژووەوە و لە سەرلێشێواویی مێژوویی و سیاسی و فیکری دەربازی دەکا. بۆ ئەم مەبەستەش هەر نەتەوەیەک پێویستی بە پێناسەکردن و وێناکردنی خۆی هەیە بۆ ئەوەی کە بە ڕوونی خۆی وەک ئەندامێکی ئەو نەتەوەیە ببینێ. نەتەوەش بێ گومان لە پەیوەندی لەتەک خاک و نیشتمانێکی دیاریکراودا دەتوانێ بوونی هەبێ. ئەم سەرلێشێواوییە بە ساکاری لە پێناسەکردنی مرۆڤی کورددا وەک «کوردی ئێرانی»، «کوردی تورکیایی» و هتد دەردەکەوێ. لەم نێوانەدا سنووری واتایی و سنووری جوگرافیی ئەم ناسنامەیە دیاریکراو نییە. بەهەڵە پێناسەکردنی کورد بووەتە هۆی قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. بەهەڵەناسینی بوونی نەتەوەییمان بریتییە لە: لێنەکۆڵینەوە و نەناسینی چییەتی کوردبوون و تایبەتمەندییەکانی، نەناسینی مێژوویەک کە پێیدا هاتووین، نەناسینی دۆخێک کە تیایدا دەژین، تایبەتمەندیگەلێک کە هەمانە، نەناسینی دوژمنەکانمان[33]، لاوازیمان لە ناسینی ئەندامبوونمان وەک هاونیشتمانییەکی کوردستان، نەبوونی وێنەیەک لە داهاتوومان، نادیاربوونی ئامانجی سیاسیمان، نەبوونی هۆشیاری بە چارەنووسی هاوبەشمان و دیارنەبوونی پێگەمان لە جیهاندا. ئەمە قەیرانە بۆ کورد کاتێک قووڵ دەبێتەوە کە سەر لە دەگمەنبوونی پرسی کوردستان دەربکەین.[34] واتا ئەو شتەی کە بە «پرسی

32- National self-consciousness

٣٣- نموونەگەلی زۆر لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا هەیە کە ڕێبەرە سیاسییەکانی کورد لە ناسینی دوژمنەکانیاندا تووشی هەڵە بوون. برێندێن ئۆلییەری باشووری کوردستان و سودانی باشوور پێک گرتووە و باس لە پرۆسەی نووسینی یاسای بنەڕەتی نوێ لە ئێراق سودان دەکات. ئەو ئاماژە دەکا کە هەم کوردەکان و هەم سوودانی باشوور گەیشتبوونە تەوافوقیکی هاوشێوە لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکانیاندا (O'Leary, 2014: 240) بەڵام سوودانییەکان جەختیان کردەوە کە دەبێ لە یاسای بنەڕەتی مافی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بەفەرمی بناسرێ. ئەوە بوو کە لە جانیوەری ٢٠١١دا ریفراندۆمەکە بەڕێوە چوو و سوودانی باشوور بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەڵام وەک باس دەکا «ڕێبەرانی کورد خۆیان بڕیارپان دا کە هەوڵ نەدەن بۆ ئەوەی کە مافی جیابوونەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە یاسای بنەڕەتی ئێراقدا هەبێ، ئەگەرچی ئەو دەڵێ کە بە دەستپێشخەری بارزانی جەخت کرایەوە کە لە پێشەکییەکەدا ئێراق وەک «یەکەیەکی دڵخواز لە خاک و خەڵک بناسێندرێ» (Ibid, 240) ئۆلییەری بەڵگە دەێنێتەوە کە کوردەکان مامەڵەیان کرد. لەبەر ئەویکە کە دەرفەتی باشیان دەدی لە ئێراقدا چونکە ئارەبەکان یەکگرتوو نەبوون. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ڕێبەرە کوردەکان متمانەیان بە ئارەبەکان کردەوە لە دوای ئەوەی ئارەب کوردیان جینۆساید و کیمیاباران کرد. لەم جۆرە هەڵە گەورانە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا زۆرن کە ئاماژەیە بە لاوازیی دوژمنناسی لە ناو ڕێبەرە سیاسییەکانی کورددا. چیرۆکی تیرۆرکردنی ڕێبەرە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن «نەتەوەی فارس» نموونەگەلێکی ترە لە نەناسینی دوژمن.

٣٤- بۆ ڕامانێک لەسەر دەگمەنبوونی پرسی کوردستان بڕوانە: بۆکانی، کاردۆ (٢٠١٦). دۆزی دەگمەن، دۆزی کورد. بڵاوکراوە لە ئینتەرنێتدا. لێرەدا لەبەر دەستە: https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2019020622181066351

کورد» ناسراوە چ سروشتێکی هەیە و تایبەتمەندییەکانی چین. هەروەها، خاڵێکی گرنگ لەمەڕ ناسنامەی نەتەوەیی ئەوەیە کە گرێدراوە بە چەشنێک لە هۆشیاریی مێژووییەوە. هۆشیاریی نەتەوەیی لەم سۆنگەوە، بەم واتایەیە کە مرۆڤی کورد خۆی وەک ئەندامی نەتەوەیەک ببینێ کە ئەم نەتەوەیە لە مێژوودا خەریکی جووڵەیەکی مێژووییە.

چەند نموونەیەک لە خۆنەناسینی کورد لە ئاستی سیاسیدا بریتین لە: خۆ تێوەگلاندنی کورد لە شەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی بەرەی چەپ و ڕاست لە جیهاندا؛ داواکردنی کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک بۆ کورد و «گەل»انی تر؛ داوای دێموکراسی کردن بۆ نەتەوەکانی تر و خودموختاری بۆ ئێران؛ برایەتیی کورد و عارەب لە ئێراق[٣٥]؛ «برایەتیی گەلان» و خۆ بە ئێرانی، تورکیایی، ئێراقی و سووریایی زانین؛ ئاخافتنی ڕێبەرە سیاسییەکانی باکووری کوردستان بە زمانی تورکی و خۆلێنەبانکردن لە زمانی کوردی[٣٦]؛ پاشکۆبوونی هێزە ئیسلامییەکانی کورد و لاساییکردنەوەی ئیسلامی عارەبی و تورکی و فارسی؛ و شوێن ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان کەوتن بەبێ شەنوکەوکردنیان بە نیسبەت پرسی نەتەوەیی. لەپاڵ ئەمەشدا، پاشەکشەی گوتاری لە ناسیۆنالیزمی کوردییەوە بۆ ناسیۆنالیزمی دەوڵەتە داگیرکەرەکان کە خۆی لەم نموونانەدا دەبینێتەوە: خۆبواردنی ڕۆشنبیرانی کورد لە نووسین و ئاخافتن بە زمانی کوردی؛ ناودێرکردنی نەتەوەی کورد بە ئەتنیک، «قەوم»، «گەل»، کەمینە و خەڵک؛ خۆبواردن لە بەفەرمیکردنی تێگەی نەتەوە؛ ناولێنانی کوردستان بە «ناوچەی کوردنشین»؛ پێوەنووساندنی پاشگری ناسنامەی داگیرکەرەکان بە کوردستان و نەتەوەی کورد وەک کوردستانی ئێران، کوردی ئێرانی، کورستانی تورکیا، کوردستانی ئێراق و هتد؛ بە هەمان شێوە، پێوەنووساندنی پاشگری ئێرانی و تورکی بە ناوی بزووتنەوەکانی کوردستان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هتد. جێخستنی ناوی باشووری کوردستان بە کوردستان لە ناو ڕۆشنبیراندا بە جۆرێک کە باقی کوردستان وەک بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەکانی تر دەبینرێ. ئەم چوونە ناو گوتاری ئەوی ترە بەوپەڕی خۆی دەگات کاتێک لە ڕۆژاڤا تەنانەت ناوی کوردستان دەگۆڕدرێ بە «باکووری سوریا». ئەم هەموو ئاڵۆزییانە بوونەتە لەمپەر لەمەڕ دیاریکردنی پێناسەیەک لە «ئێمە» وەک کورد. لەم دۆخەشدا دیاریکردنی سیاسەتی نەتەوەیی کارێکی ناموکینە.

٣٥- گوتاری برایەتیی کورد و عارەب لە لای ڕێبەرێکی سیاسی وەک جەلال تاڵەبانی تا ئەو ئاستە دەڕواتە بەرەوە کە تاڵەبانی نەتەنێ هەموو هەوڵی خۆی دەدا کە ئێراقێکی ڕووخاو دابمەزرێنێتەوە بەڵکوو، سەرەڕای نێوبژیوانیکردنی عارەبی شیعە و سوننە، دەگاتە ئەو ئاستە لە پێشێلکردنی ئازادی و ئیرادەی نەتەوەی کورد کە بە ئاشکرا وەک کوردێک کە سەرۆک کۆماری ئێراقە دەڵێ: «دەوڵەتی کوردی خەون و خەیاڵێکی شاعیرانەیە». ئەوە لە حاڵێکدایە کە کورد دەیتوانی لە باشووری کوردستان دەوڵەت دابمەزرێنێ ئەگەر کەسگەلێکی وەک تاڵەبانی کوردیان بە دەستی خۆیان نەکردبایەوە ژێردەستی عارەب.

٣٦- نموونەیەکی بەرچاو ڕێبەرە سیاسییەکانی باکووری کوردستانن. میناک، سەلاحەدین دەمیرتاش کە دەنگێکی زۆری کوردی باکووری کوردستانی هێنا و وەک ڕێبەرێکی ناسراوی باکوور هیچکات نەهات بە کوردی (زازاکی یان کورمانجی) لێدوانی سیاسی بدا. پاساوی نەزانینی زمانیش تەنانەت ئاماژەیە بە لاوازبوونی هەمان هۆشیاریی نەتەوەییەوە.

## ● ٢- کورد وەک یەک نەتەوە

سەرەکیترین کێشەی ڕوانین لە «پرسی کورد» ئەوەیە کە توێژەرەکان کورد وەک یەکەیەکەی نەتەوەیی ڕەچاو ناکەن. کێشەکە لێرەوە دەست پێ دەکرێ کە کورد وەک یەکەیەکی مێژوویی و کولتووری، و لە ئاستی سیاسیدا وەک بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی فارس و تورک و ئارەب سەیر دەکردرێ. ئەم ڕوانگەیە تەنانەت لە توێژینەوەکانی کوردناسییشدا بەدی دەکردرێ. کێشەیەکی گەورەی توێژەر، سیاسەتوان و چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان –بە کورد و ناکوردەوە– ئەوەیە کە سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەش کردووە وەک سنوورێک بۆ لێکدانەوەی سیاسی، فەلسەفی، کۆمەڵناسی و بوارەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان هەڵدەبژێرن – بەتایبەت بواری سیاسی. لێرەوە پرسی کورد هۆشیارانە و ناهۆشیارانە تووشی دابەزاندنێکی بوونناسانە دەبێ. واتە، کورد لە نەتەوەیەکەوە کە خاوەن هەموو تایبەتمەندیگەلی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە –تەنێ خاوەنی سەروەریی سیاسیی نەتەوەیی خۆی نییە– دادەبەزێندرێ بۆ کەمینە، ئەتنیک، «کەمینەی قەومی»[٣٧]، هوردەکولتوور، خەڵک، گەل[٣٨] و هتد. لە باشترین حاڵەتدا کورد وەک «کەمینەیەکی نەتەوەیی»[٣٩] لە هەر بەشەی کوردستان بە جیا سەیری دەکردرێ. لەم ڕوانگەوە، «پرسی کورد» وەک یەک نەتەوە دەکرێتە چوار پرس نەک ئەوەی لەتەک «پرسی کورد»دا وەک یەک پرس ڕووبەڕوو بین. ئەو لە حاڵێکدایە کە ئەگەر تەنانەت کورد خۆشی لەو ڕادەیە لە هۆشیاریی نەتەوەییدا نەبێ –یان بە هەر هۆکارێکی تر بۆی نەلوێ– کە خۆی وەک نەتەوەیەک دەربخا، ئەوی ترەکانی کورد هەر بە یەک نەتەوەی دەبینن.[٤٠] جیاوازیی نێوان بەشەکانی کوردستان پرسێکی کردەی سیاسییە و بێ گومان دەکرێ لە ئاستی کردە و کایەی سیاسیدا ئەو جیاوازییانە لەبەرچاو بگیرێ.

لە خوێندنەوەی پرسی کورددا بە دەگمەن بیرمەند وەک ئیسماعیل بێشکچی و جەمال نەبەز لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەرکیان بەوە کردووە کە پرسی کورد پرسی یەک نەتەوەی دابەشکراوە. بێشکچی پێی وایە کە پرسی کورد پرسی کەمایەتیی نێوان ئەو دەوڵەتانە نییە. ئەو لەم بارەوە دەڵێ: «پرسی کورد پرسی

---

٣٧- مەبەست «اقلیت قومی»یە کە فارسەکان بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکانی ناو دەوڵەتی ئێران بەکاری دەهێنن.

٣٨- گەل لە بنەڕەتەوە لە وێژەی سیاسیی کورددا بە واتای نەتەوەیە. وەلێ بە زاڵبوونی گوتاری سیاسیی چەپ، بەتایبەت وێژەی پ.ک.ک، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە واتای نەتەوەوە دوور کەوتووەتەوە و بە خەڵکی گوند، دەڤەر، ناوچە و باژێرێک هەتا کوردیش دەگوترێ گەل.

39- National minority

٤٠- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە لە پێناسەکردنی ناسنامەدا. وەک لە بەشی ناسنامەشدا باس کرا، ناسنامە لە پەیوەندی لەتەک ئەوی تردا چێ دەبێ. دەلالەتە سیاسییەکانی ئەو ڕوانینە گرنگن. بۆ نموونە، لە کەیسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستاندا ئەوەندەی کە ئێران ڕۆڵی هەبوو لە گێرەشێوێنیدا خودی دەوڵەتی ئێراق هێندە ڕۆڵی نەبوو. بە هەمان شێوە لە هێرشەکانی ترکیا بۆ سەر ڕۆژاڤا یان بۆمبارانکردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئێران و ترکیاوە. نموونەی یەکجار زۆری ترمان هەن کە ئاماژە بە کۆدەنگیی سیاسی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەکەن لە سەرکوتکردنی کورددا. تەنانەت هەندێ پەیماننامەی فەرمی، لەوانە: «ڕێککەوتنی سەعدئاباد» لە ١٩٣٧دا.

کەمایەتی نییە چونکە کورد لە نیشتمان و لەسەر خاکی خۆی دەژی و خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەیە» (بێشکچی، ٢٠٠٢: ٣٨) بۆیەش، «گەوهەری مەسەلەی کورد لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەتە ئیمپریالی و دەستوپەیوەندەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا نەتەوەی کورد و کوردستانیان دابەش و پارچە پارچە کردووە، مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لە نەتەوەی کورد زەوت کردووە.» (بێشکچی، ٢٠٠٢: ٤٠). لەبەر ئەوەشە کە کوردستان «کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی»یە. نەبەز جەخت دەکاتەوە کە «خاکی کورد بە زۆر بەسەر وڵاتانی تورکیا و ئێران و ئێراق و سووریا و سۆڤیەتدا بەش کراوە» (نەبەز، ١٩٧٢: ١٦) و ناسنامەی ئێرانی، تورکیایی، ئێراقی و سووریایی ناسنامەگەلێ ساختەن کە بەزۆر بەسەر کورددا سەپاون و پەیوەندییان بە ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوە نییە، بۆیەش دەبێ لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانە بۆ ڕێگاچارەسەر بگەڕێین (نەبەز، ٢٠٠٧). بە کورتی، هەر جۆرە ڕامانێکی فیکری و سیاسی لە پرسی کوردستان پێویستە لەم هەقیقەتەوە دەست پێ بکات کە نەتەوەی کورد و هەروەها کوردستان، وەک نیشتمانی کورد، بەزۆر و لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەگەلی تردا دابەش کراون.[٤١] ئەوە کە تایبەتمەندییەکانی کورد چین پێویستی بە توێژینەوەیەکی جیا هەیە لێ بە کورتی تایبەتکارەکانی کوردبوون بریتین لە: «زمان، بنەچە و ڕەچەڵەک، نیشتمان، ئایین، کولتوور، هەستی وەکیەکی کوردبوون» (نەبەز، ٢٠٠٧: ١٠-٤٦). نەبەز لەم بارەوە دەڵێ:

> *ئێمە کۆمەڵگەیەکی چل ملیۆنیین، بە خۆمان دەبێژین «کورد» و خۆمان چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی مێژوو و چ لە ڕووی فەرهەنگ و چ لە ڕووی هەستی پەیوەندارێتیی نێوکۆییەوە، لە گەلانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وەڵاتەکەمان بە جیا دەزانین. جا ئەگەر ئێمە هەرە کۆنترین گەلی خۆرهەڵاتیش نەبین، ئەوا بێ گومان یەکێکین لە هەرە کۆنترین گەلەکانی خۆرهەڵات و ئەم جیهانە، ئەم وڵاتەی ئێمەش کە چەند هەزار ساڵێک دەبێ واری ئێمەیە و تێیدا دەژیین بە لایەنی کەمەوە هەزار ساڵێک دەبێ بە کوردستان نێوی ڕۆیوە. (نەبەز، ٢٠٠٧ [١٩٩٥]: ١٨٥)*

دیارە جەماوەری کوردستان ئێستا ٥٠ ملوێنە. ئەم دەربڕینەی نەبەز دەگەڕێتەوە بۆ نەوەتەکان. شێخ عوبەیدوڵڵا لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە، لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزی بریتانیا، لەبارەی نەتەوەبوونی کوردەوە بەم جۆرە نووسیویەتی: «خەڵکی کورد نەتەوەیەکی «جیاوازن» [...] ئێمە دەمانهەوێ کاروباری خۆمان لە دەستی خۆماندا بێ» (کوچرا، ١٣٧٧: ٢٧)، هەروەها ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە «چارەڕەشیی نەتەوەی کورد کاتێک تەواو دەبێ کە کوردستانێکی سەربەخۆ پێک بێ کە لە کوردستانی [بندەستی] ئێران و عوسمانی پێک هاتبێ»

---

٤١- سپاسی عەتا جەماڵی دەکەم کە وێڕای چەند ڕەخنە و تێبینیی بەنرخ، ئەم خاڵەی بیر خستمەوە کە پێویستە وشەی کوردستانیش لێرە زیاد بکەم.

(هەمان ژێدەر: ٢٦). هەستکردنی کورد بە نەتەوەبوونی شتێکی نوێ نییە و دەگەڕێتەوە بەر لە قۆناخی مۆدێرنیش. تەنانەت بیرمەندی کورد، ئەحمەدی خانی (١٦٥١–١٧٠٧)، لە سەدەی پازدەدا باس لە جیاوازیی کورد لەتەک «نەتەوە»کانی تر دەکا و بانگەوازی هۆشیاریی نەتەوەیی دەدا بە کورد.[٤٢]

### ٢-١- پرسی نەتەوەیی کورد و کوردستان

سەرەتا پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە ئەو شتەی بە ناوی «پرسی کورد»[٤٣] ناسراوە چییە. پرسی کورد زاراوەیەکی زۆر گشتییە، بۆیەش زۆر لێڵ و ناڕوونە. ئەم ناڕوونییەش کاریگەریی خستووەتە سەر تێگەیشتمان لە سیاسەت و چارەنووسی کورد. وەک دەزانین کورد نەتەوەیە و پرسی کوردیش پرسێکی نەتەوەییە. پرس بە واتای شتێک دێ کە جێگەی باسە. واتە، شتێک کە مشتومڕ و مووناقشەی لەسەرە. هەر کاتێک بابەتێک دەبێتە جێگەی گەنگەشە و کۆدەنگیی نییە لەسەری بەڵکوو پێویستی بە لێکۆڵینەوە، لێوردبوونەوە، تەنانەت شەڕە بۆ یەکلاکردنەوەی، ئەو کات لەتەک پرسێکدا ڕووبەڕووین.

پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئەگەر کورد نەتەوەیە وەک نەتەوەکانی تر، چما پرسی فارس، یان تورک و ئارەبمان نییە، بەو شێوەیەی کە پرسی کوردمان هەیە.[٤٤] پرسیارێکی لۆژیکییە کە بپرسین بۆچی شتێک بە ناوی پرسی کورد هەیە و مەبەست لەم پرسە چییە؟ کەینێ، چۆن و بۆچی ئەم زاراوەیە دروست بووە؟[٤٥] خودی زاراوەکە ئاماژەیە بەوەی کە کورد جێگەی مووناقشەیە. تەنانەت ئەوی تری وەکوو کێشەیەکی جیدی سەیری کورد دەکات. کێشەیەک کە بووەتە نەخۆشی لە جەستەی ئەوی ترەکانی کورددا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوی ترەکان، کوردیان بە ناڕاست و ناڕەوا، وەک بەشێک لە جەستە و ناسنامەی خۆیان پێناسە کردووە. ئەمەش وای کردووە کە هەر جۆرە خەباتێک بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لای ئەوانە وەک کێشەیەک سەیری بکردرێ. تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا، سیستەمی تەکووزیی نێونەتەوەیی[٤٦] هەر بە کێشە سەیری پرسی نەتەوە بێدەوڵەتان دەکا.[٤٧]

---

٤٢- بۆ وتارێک لەم بارەوە بڕوانە: میرزا، شەماڵ (٢٠١٩). فۆرمی ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. گۆڤاری پۆلیتیا. ساڵی دووەم. ژمارەی ٣. لل ٥-٧.

٤٣- ئەو زاراوەیە کە وا بە ناوی پرسی کورد، دۆزی کورد، یان تەنانەت کێشەی کورد ناسراوە (Kurdish question, Kurdish issue, Kurdish problem).

٤٤- کاتێک باسی پرسی ئارەب دەکرێ مەبەست مووناقشەی نێوان ئارەبەکان و ئیسرائیل لەسەر فەلەستینە.

٤٥- ئێستا لە ئاستی توێژینەوەی ئاکادیمی و گوتارە سیاسی و میدیاییەکاندا کوردیان دابەش کردووە و باس لە چوار جۆر پرس دەکردرێ؛
The Iraqi Kurdish Question, Turkish Kurdish Question, The Iranian Kurdish Question, and the Syrian Kurdish Question

46- International Order

٤٧- هەر لێرەوە، کورد بێ ئەوەی کە بەخۆی بزانێ، لە ئاستی دیسکۆرسدا ئەرکی داکۆکیکردن لە خۆی وەک تاوانبارێک کەوتووەتە سەر شان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەتەوەی داگیرکەر پێویستە بۆ داگیرکاریی خۆی بەڵگاندن بهێنێتەوە نەک کورد بۆ بندەستیی خۆی. یەکێک لەو هۆکارانەش کە بزاڤە ئازادیخوازە نەتەوەییەکان بەشی زۆریان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە تیرۆریست

کورد نەتەوەیەکی مێژووییە کە خاوەنی تایبەتکاری نەتەوەیی خۆیەتی. کوردەکان خۆیان وەک نەتەوەیەک دەبینن و پێناسە دەکەن. ئەوەی کە پێی دەگوترێ «پرسی کورد» لەمەوە دەست پێ دەکات کە کوردەکان لەسەر پرسی کورد لەتەک نەتەوە دراوسێکانی (داگیرکەرەکان) کوردستاندا لەمەڕ ناسنامە و بەرژەوەندیی خۆیان لە شەڕدان. لە بەرامبەردا، ئەوانی تر بە هەمان شێوە داخوازیی خۆیان هەیە. ئەوان هەر کامیان بە شێوازی خۆیان تەعبیر لە بەرژەوەندی و ناسنامەی خۆیان و کورد دەکەن. لە نکۆڵیکردن لە بوونی کوردەوە بگرە هەتا سیاسەتی داگیرکاری، تواندنەوە و لەناوبردن. لەم نێوانەدا، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا[٤٨] هێزە سیاسییە نێونەتەوەییەکان بۆچوون و باندۆری تایبەتی خۆیان لەسەر پرسی کورد هەیە. لە دۆخێکی وەهادا، چارەنووسی کورد و کوردستان کەوتووەتە دەستی هێزگەل و نەتەوەگەلێ جگە لە خۆی. پرسی کورد ئاماژەیە بەو بزاڤگەلەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە لە کوردستان دەستی پێ کردووە و ئێستاش بەردەوامن. هاوشێوەی ئەم پرسە لەناو نەتەوە بێدەوڵەتەکانی تریشدا هەیە وەکوو، پرسی کۆبێک[٤٩]، پرسی تامیل، پرسی بەلووچ، پرسی سکۆتلەند، پرسی کاتالۆنیا، پرسی کەشمیر، پرسی فلاندێر و هتد. لێ پرسی کورد جیاوازیی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جیاوازییەش بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر لەتبوونی کوردستان لە نێوان چەند دەوڵەتی سیستەم-جیاوازدا و جۆری هەڵکەوتەی جوگرافیی کوردستان لە ناوچەیەکی ستراتژیکدا. وەلێ مەبەست لە پرسی کورد ئەم پرسەیە کە کورد لەگەڵ خۆیدا هەیەتی و پێوەندی بە نەتەوەکانی ترەوە نییە. پرسی کورد جیایە لە پرسی کوردستان. ئەوە کە تایبەتمەندییەکانی کورد چین، کوردبوون بە چ واتایەکە و کورد چۆن دەڕوانێتە خۆی، خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کوردبوون چین و زۆر پرسیاری تر کە مرۆڤ و بیرمەندی کورد پێویستە لە پێناو خۆناسیندا لەسەریان ڕاوەستە بکات. لێکۆڵینەوە لە کوردبوون (پرسی کورد) پێویستی بە وتارێکی جیا هەیە و خۆی باسێکی ئاڵۆز و بەربڵاوە کە هەڵبەت وەک پێویستیش لە لایەن ڕۆشنبیریی کوردەوە ئاوڕی لێ نەدراوەتە. بیرکردنەوە لە پرسی کورد خاڵێکی سەرەکیی خۆناسینی مرۆڤ و نەتەوەی کوردە.

**٢-١-١-پرسی کوردستان**

ئەو پرسە کە بە «پرسی کورد» ناسراوە هەمان پرسی کوردستانە. تێزەکان و ستراتیژە سیاسییەکان لەمەڕ ئەم

---

دەناسرێن هەر ئەوەیە کە ئەمانە بە گێرەشێوێن و تێکدەری «تەکووزیی نێونەتەوەیی» دەزانرێن. ئەوە لە حاڵێکدا کە ڕیشەی کێشەکە داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمە نەک ئەم خەباتە ڕزگاریخوازانەیە.

٤٨. ئەم تێرمە کە تێگەیەکی سەرەکی و بنەڕەتیی سیاسەتی نێونەتەوەییە بە ئاشکرا هەڵەیە. دروستەکەی ئەوەیە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی بێ، لەبەر ئەوەی کە ئەوە دەوڵەتەکانن کە سیاسەت دەکەن. ئەم دەوڵەتانەش لەوانەیە چەند نەتەوەیان تیا بن یان تەنانەت یەک نەتەوەش وەلێ نوێنەرایەتی نەتەوەکە نەکەن. کورد کە لە گەورەترین نەتەوەکانە لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەندام نییە. ئەم تێرمە هەڵەیە چونکە ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی نوێنەرایەتیی دەوڵەتەکان دەکا نەک نەتەوەکان. ( Heywood, 2013: 109: Moore, 1997: 901)

٤٩- کۆبێکەکان خۆیان لە زمانی فەڕەنسیدا بە la Question nationale باس لە پرسی کۆبێک دەکەن، بە واتای پرسی نەتەوەیی.

پرسە بە لایەکدا ڕۆیشتوون کە چیتر مەسەلەی ڕزگاریی خاک گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێ. ئەم خۆلادانە لە مەسەلەی ئازادیی خاک و نیشتمان بەشی هەرە زۆری بەرهەمی تێفکرینە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاکانی سەردەمدا. وەک کورد، بۆ هاتنەدەر لەم بازنەیە پێویستیمان بە پێداچوونەوە بە تێگەیشتنمان لە «پرسی کورد»ە. بە دەستەواژەیەکی تر، دووبارە نواڕین و ڕامانەوە لە سروشت و هەروەها پێناسەی ئەم پرسە. یەکێک لە پێویستییەکانی ئەمەش جیاکردنەوەی پرسی کورد لە پرسی کوردستانە. واتە، بەتێگەییکردن[50] و خستنە بەر باسی «پرسی کورد» و «پرسی کوردستان» بە جیا. مەبەست لە پرسی کوردستان چییە؟ پرسی کوردستان هەمان ئەو پرسەیە کە کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر لەسەری لە شەڕدایە. واتە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناو یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسەدایە کە کێ خاوەنی کوردستانە. بەڵام ئایدیا و فەلسەفەی پشتی خاوەنداریێتیکردن لە خاک و سەروەریی سیاسی بەسەر نیشتماندا کارێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. نەک هەر لەناو کوردا بەڵکوو لە تیۆری سیاسییشدا. بیوکانان کە لە نەوەتەکانەوە دیارترین توێژەری بواری «جیابوونەوە»یە[51] دەڵێ: «تیۆری سیاسی هەنووکە، بە تیۆری سیاسیی لیبراڵیشەوە، شتێکی ئەوتۆی دەربارەی [پرەنسیپی] ئەخلاقیی دروستکردن و گۆڕینی سنووره [سیاسییەکان] نەگوتووە» (Buchanan 2003, 131) تەنانەت «هەتا ئەم دواییانە، تیۆریستە لیبراڵەکان وایان دانابوو کە هەر جۆرە فرەچەشنییەکی [کولتووری] دەکرێ لەنێو دەوڵەتێکدا جێ بکرێتەوە» (Buchanan 2003, 131). هەروەها مارگارێت مۆر (٢٠١٤) لە *تیۆری سیاسیی خاکدا*[52] بەڵگە دەهێنێتەوە کە تیۆری سیاسی تیۆرێکی بۆ خاک پێ نییە. نەتەوەکانی تر تەنێ لە ڕێگەی هێزەوە خاوەنداریێتییان لە خاکی خۆیان کردووە (تەنانەت بە ناڕەوا خاکی نەتەوەکانی تریشیان داگیر کردووە).

کورد بە هەق پێی وایە کە تەنیا ئەو دەبێ سەروەریی سیاسیی بەسەر کوردستاندا هەبێ نەک هیچ نەتەوەیەکی تر. لە ڕوانگەی کوردییەوە، بەدەر لەم تەعبیرە، هەر جۆرە بۆچوونێکی تر لەمەڕ پرسی کورد بەلاڕێدابردنی پرسەکەیە. ئەو تێگەیشتنگەلەی تر کە پرسی کوردستان (وەک باس کرا، پێی دەگوترێ پرسی کورد) بە پرسگەلێک وەک دیموکراسی، سۆسیالیزم، لیبراڵیزم، مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی کرێکاران، پرسی ژن، ئێکۆلۆژی و هتد دەبەستنەوە، هەڵەن. پرسی کوردستان پەیوەندیی بەم پرسگەلەوە نییە. پرسی کوردستان گرێدراوی پرسی خاکە. لە حاڵێکدا ئەم پرسگەلە گرێدراوی جۆری کولتووری سیاسی و سیستەمە سیاسییەکانن. لە ڕاستیدا، کۆمەڵگەی کوردستان وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی تر لەتەک هەموو ئەو پرسگەلەدا ڕووبەڕوویە، بەڵام ئەمانە پەیوەندییان بە پرسی کوردستانەوە نییە بەڵکوو پرسگەلی نێوخۆیی کوردستانن و دەبێ کورد خۆی لەناو خۆیدا

---

50- Conceptualize
51- Secession
52- Moore Margaret. 2014. A Political Theory of Territory. Oxford: Oxford University Press.

چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بێ گومان هیچ پاساوێک بۆ ئەوە نییە کە مرۆڤی کورد ئەو پرسگەلە پشتگوێ بخات بە ناوی خەباتی نەتەوەییەوە. نە خەباتی نەتەوەیی بۆ ئەو پرسگەلە دادەبەزێندرێ نە ئەوانیش پێویستە بۆ خەباتی نەتەوەیی دابەزێندرێن. ئەم پرسانە هیچیان نابێ بۆ یەکتر کورت بکرێنەوە و هەر کامیان پەیوەندیان بە ژیان، ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤەوە هەیە و کوردیش پێویستە بە شێوازی خۆی وەک پرسگەلێکی گرنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. هەقیقەتەکە ئەوەیە کە «کوردەکان لەسەر خاک و جوگرافیا سیاسییەکەیان لەتەک پرسی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕووبەڕوون.» (حاجی‌زادە، ١٣٧٨: ٢٣٤) بەو واتایە کە، کورد لەگەڵ چەند نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لە موناقشەدایە – کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییان لە داگیرکاری و بەشکردنی کوردستاندایە. کەوابوو بە کورتی، ئەو زاراوەیەی کە بە پرسی کورد ناسراوە هەمان پرسی کوردستانە. پرسی کوردستانیش بە واتای یەکلاییکردنەوەی خاوەندارێتی لە خاکی کوردستانە.

## ● ٣- پرسی کوردستان لە تیۆر و فەلسەفەی سیاسیی مۆدێڕندا

لەم بەشەدا بەکورتی هەندێک سەرنجی گشتی سەبارەت بە چۆنێتیی ڕوانینی تیۆری سیاسی[53] و هەروەها تیۆری سیاسیی نێونەتەوەیی[54] لە پرسی کوردستان دەخرێتە بەر باس. ئینجا باس لە هەندێ بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆری سیاسی دەکردرێ کە ڕیشەیان لە فەلسەفەی سیاسیدایە و دەکرێ لەوێوە بۆ چارەسەری پرسی کوردستان لە چوارچێوەی تیۆری سیاسیدا ڕابمێنینەوە. وەلێ سەرەتا باس لە چەند ڕوانگەی باو لە سیاسەت دەکەم کە ئەندرۆ هەیڤوود (٢٠٠٢: ١-١٣) لە کتێبی *سیاسەت* دا بە وردی باسی کردوون. سەرەتا با بزانین سیاسەت چییە و سەروکاری لەتەک چیدا هەیە؟ «سیاسەت پەیوەندیی بە دیاردەی موناقشە و هاوکاریکردنەوە هەیە» (Heywood: 2013: 2) و بە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان بە دوای سەرچاوەکاندان (کە بە بۆچوونی مرۆڤ سەرچاوەکان کەمن و هەر کەس و نەتەوەیەک زۆرتر بۆ لای خۆی دەپچڕێ) و لەسەر پرسگەلێکی سیاسی کۆدەنگ نین ئەوە سیاسەت لە زاتی خۆیدا پانتاییەکە کە کێبڕکێ و موناقشەی تێدایە. ئامانجی سیاسەت دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرە بۆ ئەو موناقشانە کە هەندێک جاریش هەر مومکین نییە. کە وابوو، ناکۆکی ڕیشەی لە جیاوازیی باوەڕەکان و بەرژەوەندییەکاندا هەیە – واتە هەمان جیاوازیی ناسنامە و بەرژەوەندی. هەیڤوود هەروەها بە گشتی ڕوانگەکان سەبارەت بە چییەتیی سیاسەت بەسەر چوار ڕوانگەدا دابەش دەکات کە بریتین لە: سیاسەت وەک هونەری

---

53- Political Theory
54- International Political Theory

حکومڕانی، کە پێناسەیەکی نەریتییە لە سیاسەت و لەسەر ئەم گریمانەیە وەستاوە کە سیاسەت پەیوەندیی بە دەوڵەت و حکومەتەوە هەیە (Ibid: 4-5). هەر بۆیەش، تەنیا ئەو کەس و گرووپ و پارتانە کە پەیوەندییان بە ئەنستیتۆ دەوڵەتییەکانەوە هەیە دەتوانن تێکەڵ بە سیاسەت بن. لە ڕوانگەی خەڵکی ئاساییشدا سیاسەت هەر بەم جۆرە جێ کەوتووە. کاتێک کورد خۆی دەوڵەتی نییە و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی هی کورد نین ئیتر جێگەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەو جۆرە پێناسەیە لە پرسی کوردستاندا نامێنێتەوە.

ڕوانگەی دووەم سیاسەت بە جۆرێک پێناسە دەکات کە پەیوەندیی بە پرسی گشتییەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەدا کە ڕیشەکەی دەگاتەوە ئەرەستۆ (مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی) سیاسەت چالاکییەکی ئەخلاقییە و پەیوەندیی بە «پانتایی گشتی» و چاکەی گشتیی کۆمەڵگاوە هەیە لە پێناو دامەزراندنی «کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە»دا. لە زمان هەیڤوودەوە، هانا ئارێنت لە کتێبی *دۆخی مرۆڤ*دا و جان ستوارت میل لە *دەربارەی ئازادی*دا هەر لەم ڕوانگەوە بەشداریی سیاسی زۆر بە کردەوەیەکی ئەرێنی پێناسە دەکەن. لێرەوە سیاسەت پێویستی بە کێشانی هێڵێک لە نێوان پانتایی گشتی و خۆکەسیدا هەیە. ئەم بۆچوونە زۆر سەرنجڕاکێشە و لە باری هزری سیاسییەوە دەتوانێ بنەمایەک بۆ تێفکرین لە چاکە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بێ. لەمەڕ پرسی کوردستانیشدا بەشداری کورد لە ڕوانگەیەکی کوردستانییەوە لە پانتایی گشتی ناو ئەو دەوڵەتانە کە کوردیان دابەش کردووە و هەروەها پاناتیی گشتیی جیهاندا دەتوانێ بانەوڕ بخاتە سەر پێشخستنی پرسی کوردستان.

ڕوانگەی سێیەم یەکێک لە تێگەیشتنە باوەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتی کورددا ئەو ڕوانگەیەیە کە قاسملووش باسی کردووە: سیاسەت وەک «هونەری مومکین»[55]. ئەم پێناسەیە، کە پێناسەیەکی باو و ناسراوە لە دونیای سیاسەتدا، ئاماژەیە بە ڕێگاچارەسەری ئاشتییانە، واتە ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ ڕێگاچارەسەری سیاسی. ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەرەستۆ و لەناو مۆدێرنەکانیشدا بێرنارد کریک داکۆکی لە وەها بۆچوونێک دەکات (Heywood, 2013 : 9-10). کریک بۆ خۆبەدوورگرتن لە توندوتیژی، ئەم پێناسەیە لە سیاسەتدا باس دەکات. ئەو لە تیۆرەکەیدا داکۆکی لەوە دەکا کە سیاسەت بە مانای دانوستان و سازان و گەیشتن بە کۆدەنگییە. لەم ڕوانگەیەوە شەڕ کۆتایی سیاسەتە. سیاسەت بۆیە هەیە کە شەڕ نەبێ. مەبەست لە سیاسەت دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەری سیاسییە بۆ کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان. لە زمان کریک خۆیەوە، «سیاسەت چالاکییەکە کە لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەناو یەکەیەکی دیاریکراوی یاساییدا، لە ڕێگەی پێدانی پشک لە دەسەڵاتدا[56] بەیەکەوە ئاشتی دەدرێنەوە [...] بە مەبەستی نەجاتی هەموو کۆمەڵگەکە» (Crick, 1962:)

55- The Art of The Possible
56- Power

16-17). ئەم ڕوانگەیە سەرچاوەکەی هەمان پرنسیپگەلی لیبراڵییە کە لە وڵاتە لیبراڵەکاندا بۆ سیاسەتی نێوخۆ دەکار دەکرێ. کێشەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە بۆ بارودۆخی دەوڵەتە دێموکراتییەکانی ڕۆژاڤا دامەزراوە و لەو شوێنانە کە گەمەی سیاسی گەمەیەکی دێموکراتییانە نییە بە بنبەست دەگات. ئەوە پێناسەیەکی باشە لە سیاسەت کاتێک باسەکە پەیوەندیی بە سیاسەتی نێوخۆیی نەتەوەیەکەوە هەبێ نەک سیاسەتی نێوان نەتەوەکان. ڕوانگەی چوارەم سیاسەت وەک هێز دەبینێ. ئەمە ڕادیکاڵترین و بەربڵاوترین پێناسەیەکە کە لە سیاسەت کراوە (Hey-wood, 2013 : 10-11). هارۆڵ لاسوێڵ (١٩٣٦) لە پێناسەیەکی ناسراودا بەم جۆرە پێناسەی کردووە: سیاسەت بە واتای ئەوەیە کە «کێ، چ شتێ، کەینێ و چۆن وەدەست دەهێنێ؟» کەوابوو سیاسەتی نەتەوەیی کورد لە سەرەتاییترین پێناسەی خۆیدا پێویستە بەرسڤی ئەم پرسیارە بداتەوە کە کێ، کەینێ و چۆن، کوردستانی داگیر کردووە؟ بزووتنەوەی کوردستانیش لەم سۆنگەوە وەڵامێکە بەم پرسیارە کە کورد، چۆن و بۆچی دەبێ کوردستان ڕزگار بکا. مارکسیست و فێمێنیستەکان کە زێدەتر لەسەر چۆنێتیی پەیوەندیی سەردەستی-بندەستی ورد بوونەوە هەوڵیان داوە لەم ڕوانگەوە پێناسەی سیاسەت بکەن.

هەر وەک دەبینرێ پێناسەی سیاسەت وەک هێز زۆر باشتر بۆ پرسی بندەستی-سەردەستیی نەتەوەیی بەکەڵکە. ئەم پێناسەیە پڕ بە پێستی سیاسەتی نێوان نەتەوەکانە. لەخۆوە نییە کە ڕیالیستەکان لە پێوەندی نێونەتەوەییدا وەها پێناسەیەکیان لە سیاسەت هەیە. لێ کاتێک باسی سیاسەت وەک «هونەری مومکین» دەکەین وامان داناوە کە لایەنی بەرامبەر ئێمەی بەفەرمی ناسیوە و یاساکانی کایەی سیاسی بە ڕێککەوتن لە نێوان ئێمە و ئەواندا داڕێژراون. کاتێک کە لایەنی بەرامبەر نکۆڵی لە بوونی نەتەوەیەک بکا ئیتر ئەم پێناسەیە کەڵکێکی ئەوتۆی نامێنێ. لە سیاسەتدا هەندێ کێشە بە دیالۆگ چارەسەر نابن و پێویستە بە هێز یەکلایی بکرێنەوە. بە گوێرەی نەبەز کۆمەڵەی ژ.ک (ژیانەوەی کوردستان) یەکەم بڕوایان ئەوەبوو: «ئەوەی بەزۆر لە کورد زەوت کراوە، تەنها لە ڕێگەی زۆر و هێزەوە دەستێندرێتەوە» (نەبەز، ١٩٧٢: ٨٩). ئەم ڕوانینەی کۆمەڵەی ژ.ک ساکار، قووڵ و بنەڕەتییە بۆ چارەسەری دۆزی نەتەوەیی. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە هێز چییە؟ بە پێچەوانەی باوەڕی باو، هێز تەنێ هێزی ڕەق نییە، بەڵکوو لایەنی ڕەق و نەرمی[٥٧] هەیە. لە سیاسەتدا هێز خۆی لە گوتاری فیکری و سیاسیدا فۆرموولە دەکات (بەتایبەت کە کورد ناتوانێ لە هێزی ڕەقدا لەتەک دوژمنەکانیدا هاوسان بێ). سیاسەت پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ زماندا هەیە بە جۆرێکە کە: «[سیاسەت] چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی زمانەوە» (Hey-wood, 2004: 2). ئەم زمانەیە کە دەبێتە گوتار و ڕۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتدا دەگێڕێ. زمانیش خۆی ئامرازێکی بێلایەن نییە کە لە ڕێگەیەوە جیهان وێنا بکەین بەڵکوو زمان خۆی وێنە لە واقیعەت دروست

57- Hard power and Soft power

دەكات و ئەو جۆری بەكارهێنانەكەی جۆری واقعیەتەكە پێناسە دەكات. لە ڕاستیدا، «وشەكان تەنێ ڕەنگدانەوەی واقعییەتەكانی دەوروبەرمان نین، بەڵكوو فۆرم دەدەن بە جۆری دیتنی ئێمە و ڕوانگەی ئێمە بە نیسبەت ئەم واقعیەتانە چوارچێوەدار دەكەن.» (Ibid) ئەوەشە كە «تێگە سیاسییەكان زۆربەی كات دەبنە بابەتی موناقشەی ئایدیۆلۆژیكی و ڕۆشنبیری» (Ibid, 5). هەر لێرەوە تەنانەت خودی وشەی كورد و كوردستان دەبنە بابەتێك بۆ لێكدانەوە و موناقشەی سیاسی.[٥٨] كاتێك باس لە تیۆری سیاسی دەكرێ وا دانراوە كە تیۆر ڕۆڵێكی گرنگی لە دونیای سیاسەتدا هەیە. بەگشتی، تیۆر زمان و ئامرازی پەیوەندیی ئێمەوەیە بە جیهان. كاتێكیش كە باسەكە جیهانی سیاسەت بێ، تیۆر ڕۆڵێكی زۆر گرنگتریش دەبینێ. مرۆڤێك كە توانایی فۆرموولەكردنی جیهانبینیی خۆی لە چوارچێوەی تیۆر و گوتاردا نییە وەك مرۆڤێكی بێزمان وایە كە لاڵە و ناتوانێ تەعبیر لە بوون، پێداویستی، بەرژەوەندی، حەز، ئاوات و ئارمانجەكانی بكات. مرۆڤی كوردیش لە نەبوونی تیۆریگەلی نەتەوەییدا خاوەنی جیهانبینییەكی نەتەوەیی نییە كە بتوانێ ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی پێیانەوە پێناسە بكات. بۆیەش، نووسەر و ڕۆشنبیری كورد زیاتر لەوەی كە تەعبیر لە كوردبوونی خۆی بكات و خۆی بەو جۆرەی كە دەخوازێ دەر ببڕێ، تەعبیر لە حەز و خواستی نەتەوەگەلی تر دەكات و لەپێناو ناسنامە و بەرژەوەندیی ئەواندا «دەفكرێ». لە سیاسەتدا، بەهۆی فۆرموولەنەكردن و تیۆریزەنەكردنی سیاسەتی نەتەوەیی كوردەوە، كردەی سیاسیی كوردیش بووەتە گۆڕەپانی بەریەككەوتنی گوتارە ناكوردییەكان.

بۆ دەربازبوون لە گوتاری سیاسیی نەتەوە و دەوڵەتەكانی تر پێویستیمان بە گوتاری كوردی هەیە. بەگشتی، ڕوانگەی تەوسیفی لە تیۆری سیاسیدا هەر بەرەو دەكارخستنی ئەو تیۆرانەمان دەبا كە ئێستاكە هەن. ئەم تیۆرانەش لەپێناو بەرژەوەندیی دەوڵەتەكان و پاراستنی ئاسایش و تەناهیی نێونەتەوەییدا دامەزراون. بۆ دەربازبوون لە ڕوانگەی دەوڵەت-تەوەر و دامەزراندنی گوتاری نەتەوە-تەوەر پێویستیمان بەوەیە كە لە بەرژەوەندیی خۆمان پێداچوونەوە بە تێگە و تیۆرە سیاسییەكاندا بكەینەوە. ئەمەش لە ڕێگەی هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسییەوە مومكینە. تیۆری سیاسی كاتێك نۆرماتیڤ دەبێتەوە پەنا دەباتە بەر فەلسەفەی سیاسی بۆ ئەوەی گۆڕانكاری لە تیۆرەكاندا دروست بكا.[٥٩] لەبەر ئەوەی كە فەلسەفەی سیاسی دوو كاركردی گرنگی هەیە: یەك، سەروكاری

---

٥٨- بۆ باسێك لەسەر گوتاری بزووتنەوەی كوردستان بڕوانە: مەفاخری. ڕامین (٢٠١٨). بزووتنەوەی كورد؛ لە بەستێنی دیسكۆرسی نەتەوەییەوە تا گۆڕەپانی تیۆر و كردە. گۆڤاری پۆلیتیا. ساڵی یەكەم، ژمارەی یەكەم، لل ١-١١.

٥٩- ئەگەرچی بە هەڵە لە سەدەی بیستەمدا و لە ژێر باندۆری «شۆڕشی كردەوەگەراییدا» (Behavioral Revolution) هەتا دەیەكانی كۆتایی باس لە مەرگی فەلسەفەی سیاسی دەكرا. بۆ نموونە، كەسێكی وەك پیتەر لازلێت (١٩٥٦) لە كتێبی *فەلسەفە، سیاسەت و كۆمەڵگا* دا بانگەوازی «فەلسەفەی سیاسی مردووە»ی دەركرد. بەڵام زۆر زوو دەركەوت كە سیاسەت لە سرشتی خۆیدا سەروكاری لەتەك جیاوازیی بیروڕاكان و جیاوازیی بەرژەوەندییەكان هەیە بۆیەش هەمیشە وەك كایەیەكی نۆرماتیڤ دەمێنێتەوە. لە حەفتاكان و هەشتاكانەوە بە كارەكانی بیرمەندەیلێك وەك جان ڕاڵز (١٩٧١)، ڕابێرت نوزیك (١٩٧١)، ئەلێسدێر مەك ئینتایر (١٩٨١)، چارلێز تەیلۆر (١٩٧١)، مایكێڵ واڵزێر (١٩٨٣)، و هابێرماس (١٩٨١) فەلسەفەی سیاسی زۆر بەهێز بووەوە و ئێستاش بەرهەڤدانەكانی

لەتەک بەراوردی ڕەخنەگرانەی باوەڕە سیاسییەکان هەیە؛ دوو، هەوڵ دەدات ئەو تێگانەی کە لە گوتاری سیاسیدا بەکار هاتوون ڕوون بکاتەوە و دووبارە پێناسەیان بکاتەوە (Heywood, 2004: 11). ئەگەر بمانهەوێ کوردبوون، ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە دەستی ئەو گوتارانە ڕزگار بکەین و دووبارە پێناسەیان بکەینەوە – کە بەر لەوەی کە کورد پێناسەیان بکا، ئەوی ترەکانی کورد پێناسەیان کردوون– بێ گومان پێویستیمان بە ڕوانگەی نۆرماتیڤ دەبێ.

لەم سۆنگەوە، کاتێکیش کە باس لە جیاوازیی نێوان کولتوور، نەریت، هزر و ڕامانی کوردی لەتەک نەریتی هزریی نەتەوەکانی تر دەکەین دەکەوینە ناو بازنەی هزری سیاسییەوە. بەو پێیەش، پرسی کورد پرسێکی هزر و فەلسەفەی سیاسییە.[60] «تیۆری سیاسی سەروکاری لەتەک خوێندنەوەی شیکارانەی ئایدیاکان و دکتۆرینگەلێک هەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن بۆ هزری سیاسی» (Ibid: 10). کەوابوو، تیۆرەکان ڕیشەیەکیان لە هزر و فەلسەفەی سیاسیدا هەیە. هەروەها، هەر تیۆرێک لە بەستێنێکی[61] تایبەتدا سەر هەڵدەدا و بەرسڤی پرسیارگەلێک دەداتەوە کە کۆمەڵگەیەک لەو بەستێنەدا لەتەکیاندا ڕووبەڕوویە. تیۆریستە سیاسییەکان کاتێک کە تیۆرگەلی سیاسییان داڕشتوون، هۆشیارانە و ناهۆشیارانە، باسیان لە کۆمەڵگە و نەتەوەی خۆیان کردووە. وەکی هەیڤوود بە دروستی ئاماژەی پێ دەدا کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری سیاسیی مۆدێرن ئەوەیە کە گرنگییەکی زێدەتر بە ڕۆڵی مێژوو و کولتوور لە تێگەیشتنی سیاسیدا دەدات (Ibid: 12). بۆیەش، بۆ نموونە، پلاتۆ، ڕۆسۆ و مارکس زیاتر سەبارەت بەو کۆمەڵگە و دۆخە مێژوویەی کە تیایدا ژیاون نووسیویانە هەتا ئەوەی کە بابەتگەلی سیاسی و ئەخلاقیی هەمیشەییان وروژاندبێ (Ibid). ئەوەیە کە تیۆری سیاسی هەرچەندێکیش هەوڵ بدات ناتوانێ لە لێکدانەوەی کۆتاییدا بێلایەن بێ. لێرەوە پێویستیی داڕشتنی تیۆری نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کوردستان دەردەکەوێ. تیۆریگەلێک کە لەپێناو ڕزگاریی نەتەوییدا دابڕێژرێن.

بنەڕەتی فەلسەفەی سیاسی بە باسی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی»[62] و ئایدیای هاووڵاتیبوون دەست پێ دەکا. دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە تاکە ئازاد و یەکسانەکان بەیەکەوە گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەبەستن. واتە، ڕەوایی سیستەمی سیاسی لە ڕەزامەندیی هاووڵاتییانەوە سەرچاوە دەگرێ. تۆماس هابز (١٦٥١)، جان لاک (١٦٨٩)، ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧٦٢)، و جان ڕاڵز (١٩٧١) هەموویان لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی

---

ناو تیۆری سیاسی ئاماژەن بە زیندووبوونی فەلسەفەی سیاسی.

٦٠- ئیعتباری ئەم ئایدیایە دەگەڕێتەوە بۆ جەلال حاجیزادە. بڕوانە: حاجیزادە، جەلال (١٣٨٩). گۆڤاری ڕۆژەڤ. ژمارەی١٤و ١٥و ١٦. لل ٣٣١-٣٢٤. هەروەها، حاجیزادە، جەلال (٢٠٢٠). مسئلە کورد چیست؟. گۆڤاری ئەلکترۆنی پۆلیتیا. دۆسیەی تایبەتی پۆلیتیا بۆ جەلال حاجیزادە. ڕامان و زەینی کوردی. لل. ٦٦-٥٣

61- Context

62- Social contract

هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیان داوە. کاکڵی ئایدیای گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دەوڵەت گرێبەستێکە لە نێوان هاووڵاتییە ئازاد و یەکسانەکاندا. لەبەر ئەوەشە کە دەوڵەت ڕەوایی هەیە و هاووڵاتییان پێویستە یاساکانی دەوڵەت وەک یاساگەلێکی دادپەروەرانە ڕەچاو بکەن. ئێستا پێویستە بپرسین کە ئایا ئەو دەوڵەتانە کە کوردستانیان بەش کردووە ڕەواییان هەیە لە کوردستاندا؟ مرۆڤ و نەتەوەی کورد کەی و چۆن چۆتە ناو چ گرێبەستی کۆمەڵایەتییەک لەتەک ئەواندا؟

سەرەتا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینە کە سنووری ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە بەشی زۆری سنووری کۆلۆنیالیستین. ئینجا هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن لەو دەوڵەتانەدا کورد دژیان وەستاوەتە و نارەزایەتیی خۆی لە دژی یاسا و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە دەربڕیوە. بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە هەر جۆرە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەتەک «هاووڵاتییان»ی ئەو دەوڵەتانەدا –واتە بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیەکان. لەم سۆنگەوە، باسکردن لە دیموکراسی (وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی) لە ناخی خۆیدا هەڵەیەکی تیۆریی گەورەیە. لەمەش زیاتر، دیموکراسییە مۆدێرنەکان لە چوارچێوەی نەتەوە-دەوڵەتدا کار دەکەن. بۆیەش جیهان بەسەر نەتەوە-دەوڵەتەکاندا دابەش بووە. بۆچی وایە؟ هۆکارێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە دیموکراسی پێویستی بە ئاستێک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هەستی هاوبەشی نێوکۆیی هەیە. واتە دیموکراسی بەبێ هەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش ناتوانێ کار بکات. لێرەوەیە کە نەتەوە دەبێتە چەقی دامەزراندنی دیموکراسی. بە وتەی هەیڤوود (2004: 98: 97) لە دووسەت ساڵی ڕابردووەوە، نەتەوە وەکوو تەنیا کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ڕەوا دانراوە و «هەر نەتەوەیەک یەکەیەکی سەربەخۆیە» (Ibid, 97). کەوابوو، سیستەمی دیموکراسی هەمان سیستەمی دیموکراسیی نەتەوەییە. بە بۆچوونی کرایگ کاڵهون دیموکراسی تا ڕادەیەکی زۆر بە ناسیۆنالیزمەوە بەستراوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە دیموکراسی بەندە بەوەی کە کێ دەتوانێ هاووڵاتی بێت و کێ مافی دەنگدانی هەیە، بڕیاردان لەو بارەشەوە پەیوەندیی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە (Calhoun, 2014: 63). دەیڤید میلەر (١٩٩٥) لە کتێبی *دەربارەی نەتەوایەتی* لەوە دەدوێت کە هەر تیۆرێک لەمەڕ هاووڵاتیبوون دەبێ ئایدیای نەتەوایەتی ڕەچاو بکات، لەبەر ئەوەی بەبێ ئەو ئایدیایە متمانە و هەستی هاوبەشی نێوکۆیی لە نێوان هاووڵاتییاندا دروست نابێت. یائیل تامیر (١٩٩٣: ١١٧-١٤٠) پێمان دەڵێ کە چلۆن لە پشتی لیبرالیزم ئەجنێندای شاراوەی ناسیۆنالیستی هەیە. مارگاڕێت کانۆڤین (١٩٩٦) لە کتێبە *نەتەوایەتی و تیۆری سیاسی*دا[٦٣] نیشانی داوە کە تیۆری سیاسی لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دامەزراوە بێ ئەوەی کە تیۆریستە بە ئاشکرا خۆیان دانیان بەمە دانابێ. بە کورتی، دیموکراسی لە بۆشاییدا

---

٦٣- بڕوانە:
Canovan Margaret (1996). Nationhood and Politica Theory. Edward Elgar Publishing. UK. Cheltenham.

یـان لـە هەمـوو جۆرە بەسـتێنێکدا دروسـت نابـێ. قەبارەی سیستەمێکی سیاسـی و سـنوورەکانی دەبێ بەپێی سـنووری کولتووریـی نەتـەوەکان بـێ هەتا باس لـە گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی بکەین.

ئێستا بـە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کـە (١) کـورد نەتەوەیە، (٢) دێموکراسـی گرێبەسـتێکی کۆمەڵایەتییـە، و (٣) دێموکراسـی پێویسـتی بـە ناسـنامەیەکی نەتەوەیـی هاوبـەش هەیـە، هـەر جـۆرە هەوڵێکـی تیـۆری بـۆ خوێندنـەوەی دۆزی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی تیـۆری دێموکراسـیدا پێویسـتە بـاس لـە دوو جـۆر گرێبەسـت بـکات: یـەک، گرێبەسـتێک لـە نێـوان تاکـە کـوردەکان (وەک هاووڵاتیـی ئـەو دەوڵەتانـە) و هاووڵاتییـە ناکوردەکانـی ئـەو دەوڵەتانـە؛ دوو، گرێبەسـتێکیش لـە نێـوان نەتـەوەی کـورد لەتـەک نەتـەوە باڵادەسـتەکاندا. ئایدیـای سیسـتەمی دێموکراسـی بەسـەر جـۆری گرێبەسـتی دووەمـدا بـازی داوە. ئەگـەر کـورد نەتـەوە بـێ چیـتر هاووڵاتیـی کـورد تەنـێ تاکێـک نییـە بەڵکـوو تاکێکـە سـەر بـە کۆمەڵگـەی سیاسـیی کوردسـتان، واتـا تاکێکـە لـە نەتـەوەی کـورد. دێموکراسـی لـە واتـا فەلسـەفییەکەی خۆیـدا ئـەوە نییـە کـە بـە پاسـاوی مـاف و ئازادییەکانـی تـاک، ناسـنامەی نەتەوەیـی تاکـەکان پێشـێل بـکات و ڕێگـە لـە دیاریکردنـی مافـی چارەنووسـی نەتەوەی کـورد بگرێ. بەڵکـوو بنەما فەلسـەفییەکانی دێموکراسـی وا دەخـوازێ کـە بـەر لـە هـەر جـۆرە گرێبەسـتێک لـە نێـوان تاکەکانـی نـاو دەوڵەتێکـی فرەنەتـەوە، گرێبەسـتێک لـە نێـوان نەتەوەکانـی نـاو ئـەو دەوڵەتـەدا هەبـێ. لـە ئەنجامـدا، پێویسـتە پرسـی کوردسـتان وەک پرسـی نەتەوەیەکـی بێدەوڵـەت لـە پرسـی دێموکراسـی بـە تـەواوی جیـا بکرێتـەوە. هەڵەیەکـی سـتراتیژیکی کـورد بەسـتنەوەی پرسـی کوردسـتانە بـە باسـی دێموکراسـی و مافەکانـی هاووڵاتیبـوون. ڕێبـەرە سیاسـییەکانی کـورد و زۆربـەی هـەرە زۆری توێـژەر، بیرمەنـد، و خوێنـدەواری کوردیـش هـەر تووشـی ئـەم هەڵەیـە هاتـوون. لـە ڕاسـتیدا، پرسـی نەتەوایەتـی پەیوەندیـی بـە دێموکراسـییەوە نییـە. پرسـی کوردسـتان پرسـی نەتەوەیەکـی بێدەوڵەتـی دابەشـکراوە. دێموکراسـی و هاووڵاتیبـوون باسـی جـۆری سیسـتەمی سیاسـیی وڵاتێکـن. هاووڵاتیبـوون پەیوەندیی بە مافـە تاکەکەسـییەکانەوە هەیە و بـاس لـە مافگەلێکـی بەکۆمـەڵ وەک مافـی خاوەنداریێتـی لـە نیشـتمان، زمـان، هـزر و ڕامانـی گشـتیی نەتەوەیـەک، چۆنێتیـی داڕشـتنی سیاسـەتی دەرەوە و چۆنێتیـی پەیوەنـدی لەتـەک نەتەوەکانـی تـردا، بڕیاری شـەڕ و ئاشـتی، جۆری ئـاڵا، سرروودی نەتەوەیـی و سـیمبۆلە نەتەوەییـەکان، داڕشـتنی سـتراتیژ بـۆ داهاتـووی نەتەوەیـەک، دیاریکردنـی ڕۆڵی نەتەوەیـەک لـە داهاتـوودا و هتـد، نـاکات.

### ٣-١- پرسی کوردستان؛ ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و تیۆری سیاسیی نێونەتەوەیی

لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرسی کورد وەک پرسی کەمینەکان سەیری دەکردرێ. لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا[٦٤] هیچ پرەنسیپێکی نێونەتەوەیی نییە کە کورد (و نەتەوە بێدەوڵەتەکانی تر) وەک نەتەوەیەک سەیر بکا و کۆمەڵێک مافی وەک نەتەوە بۆ بەفەرمی بناسێ. تەنانەت لە هیچ بەیاننامەیەکی مافەکانی مرۆڤدا ئاماژە بە کەمینەی نەتەوەییش نادرێ. هەر بۆیەش داهاتووی نەتەوەگەلێکی وەک کورد زۆر تەمومژاوییە و لە بەردەم هەڕەشەدایە. ئەمەش هۆکارێکی تری قەیراناویبوونی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، بەهۆی ئەوەی کە کورد پێگەیەکی فەرمیی لە جیهاندا نییە. بەفەرمینەناسینی کورد وەک نەتەوە و پێناسەکردنی بە ناسنامەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە هەم بووەتە هۆی شێواندنی ناسنامەی کورد، هەم پێشێلکردنی ماف، ئازادی و بەرژەوەندیی مرۆڤی کورد. بە کورتی، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کوردیش وەک کەمینەیەک دەبینن بۆیەش، ڕێگاچارەسەر لە دیموکراسی و مافەکانی هاووڵاتیبووندا دیاری دەکەن. مافی دیاریکردنی چارەنووسیش وەک پرنسیپێک لە ئاستی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا گرنگ نییە و تەنێ باسێکی تیۆرییە کە موناقشەیەکی یەکجار زۆری لەسەرە و ڕێگاچارەیەکی کردەیی نییە[٦٥] و لە کۆتاییشدا دەبێتە باسێکی سیاسی نەک باسێکی مافناسانە. بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە بەرهەڤدان و موناقشەگەلێ تیۆرین.

لە ئاست سیاسەتی نێونەتەوەییشدا، «سەروەری نەتەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر وەک بەردی بناغەی یاسای نێونەتەوەیی دانراوە» (Heywood, 2004: 89). مەبەستیش هەمان سەروەریی نەتەوە-دەوڵەتەکانە نەک نەتەوەکان. لێرەوەیە کە پەیوەندیی نێونەتەوەیی بۆ مانەوە و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان دەست پێ دەکا. لە پەیوەندی لەتەک پرسی کوردستاندا ئەم تیۆرانە چیمان پێ دەڵێن؟ ئەگەر ئەگەر ئەم پێناسەیە قەبووڵ بکەین کە سیاسەت سەروکاری لەگەڵ ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەیە، ئایا دەتوانین باس لە پاراستن و گەشەپێدانی ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بکەین لەناو ئەم تیۆرگەلەدا؟ چلۆن دەکرێ پێداچوونەوە بەم تیۆرانە بکەین بۆ دۆخی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت؟ ئاستەنگی سەرەکی لە تیۆرەکانی پەیوەندیی نێونەتەوەییدا ئەوەیە کە نەتەوە-دەوڵەتیان وەک گریمانەیەک داناوە. لە هیچکام لە پاڕادایمەکانی تیۆری سیاسیی نێونەتەوەییدا کورد وەک

64- International Organizations

٦٥- بڕگەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک بڕگەیەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ، بە دوو هۆکار ناتوانێ ڕێگاچارەسەری کردەیی بخاتە بەر دەست: یەکەم، هیچ گەرەنتییەک نییە وەک دەسەڵاتێکی جیهانیی گشتگیر لە سەرووی دەوڵەتەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافە. بۆیەش جێبەجێکردنەکەی دراوەتە دەستی دەوڵەتەکان. دووەم، بڕگەی پەیوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووس باسی «خەڵک» (people) دەکات و دەبێژێت هەر خەڵکێک مافی دیاریگردنی چارەنووسی خۆی هەیە، لێ ڕوون نییە کێ دەتوانێ «خەڵک» بێت و کێ ناتوانێ ببێت، کورد لێرەدا هەمدیسان ناسنامە نەتەوییەکەی لە ئاستی نێونەتەوییدا بەفەرمی ناناسرێ. هەر بەم هۆیەشە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس زیاتر لەوەی کە پرسێکی مافناسانە بێت بووەتە پرسێکی سیاسی و دەسەڵات و هێز یەکلایی دەکاتەوە.

نەتەوەیـەک ڕێگـەی دەرکەوتنـی نییـە. کەوابـوو «دۆخـی بێدەوڵەتـی» وەک دۆخێکـی دەگمـەن دەردەکـەوێ کـە لـەم تیۆرگەلـەدا هیـچ پێناسـەیەکی بـۆ نەکـراوە. لـە وەهـا دۆخێکـدا چـۆن دەتوانیـن بـاس لـە بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی کـورد بکەیـن؟ ئەگـەر کـورد نەتەوەیـە کەوایـە بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی کـورد چـۆن فۆرموولـە دەکـردرێ؟ ئایـا بەبـێ پێناسـەیەک لـە کـورد و ناسـنامەکەی دەتوانیـن بـاس لـە بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی کـورد بکەیـن؟ لـەم حاڵەتەدایـە کـە بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی دیسـان دەکەوێتـەوە ژێـر سـایەی قەیرانـی ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورددا. لـە سیاسـەتی نێونەتەوەییـدا بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی وەک ئامانجـی سـەرەکیی نەتەوە-دەوڵەتـەکان پێناسـە دەکـردرێ و ئەم چەمکە گرنگییەکـی وەهـا زۆری هەیـە کـە بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی وەک ئامانجـی سیاسـەت لـە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا دەناسرێـت. هـەر وەک چـۆن تـەوەری سـەرەکیی سیاسـەتی نێونەتەوەیـی هێـزە، بەرژەوەندیـی نەتەوەییـش لـە زیادکردنـی هێـزی نەتەوەییدایـە. واتـە بـۆ پێناسـەکردنی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی چوارچێوەیەکـی مەعریفـی پێویستە کـە هـەر نەتەوەیـەک لـە ڕێگەیـەوە پێناسـەی تایبـەت لـە خـۆی بـکات. ئەمـەش هەمـان ئـەو شـتەیە کـە بە ناسـنامەی نەتەوەیـی تەعبیـری لـێ دەکـردرێ. بـە وتـەی کیملیـکا، سیاسـەت هەمیشـە سـەروکاری لەتـەک ناسـنامە و هەروەهـا بەرژەوەندیدایـە (Kymlicka, 2016: 400). دیـارە نەتـەوەکان ئـەو جـۆرە لـە گرووپـە مرۆییـەن کـە هـەم ناسـنامە هـەم بەرژەوەندیـی هاوبەشـیان هەیـە. ئێمـی گاتمـان (٢٠٠٤) لـە تیۆرییەکـەی لەژێـر نـاوی ناسـنامە لـە دێموکراسـیدا، ئـەو تێگەیشـتنە دەدات بـە دەسـتەوە کـە ناسـنامەی خەڵـک یارمەتییـان دەدات کـە بەرژەوەندییەکانیـان تـێ بگـەن.[٦٦] لێرەدایـە کـە گرنگیـی خۆپێناسـەکردنی کـورد وەک یەک نەتـەوە دەردەکـەوێ. قەبووڵکردنی دابەشـبوونی کورسـتان و مامەڵەکـردن لەتەکیـدا وەک چـوار پرسـی جیـا هۆکارێکـی سـەرەکیی بێهێزیـی کـوردە لـە ئاسـتی سیاسـەتی ناوچەیی و نێونەتەوەییـدا. ئـەوەی کـە دەتوانـێ هێـز بـە سیاسـەتی نەتەوەیـی کـورد بـدا یەکگرتوویـی کـوردە لـە ئاسـتی هەمـوو کوردسـتاندا. لەمـە گەڕییـن کـە هەتـا ئێسـتا کـورد تەنانـەت لـە یـەک بەشـی کوردستانیشـدا وەک یـەک نەتـەوە دەرنەکەوتـووە و ناسـنامەی خـۆی جیـا لـە ناسـنامەی نەتـەوە و دەوڵەتـی زاڵ پێناسـە نەکـردووە. ئەگەر کورد ناسـنامەی خـۆی لـە ناسـنامەی دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان تـەواو جیـا بکاتـەوە ئـەوە دەتوانـێ وەک ئەکتەرێکـی ناسـنامەدار (بـە ناسـنامەی نەتەوەیـی خۆیـەوە) ڕۆڵـی تایبەتـی خـۆی بگێـڕێ و بـۆ بەرژەوەندیـی خـۆی هـەوڵ بـدا لـە دەرەوەی هـەر جـۆرە گرێدراوییـەک بـە پاراسـتنی یەکێتیـی خاکـی دەوڵەتـەکان. بیرکردنـەوە لـەوەی کـە لە دۆخـی بێدەوڵەتیـدا چۆن دەتوانیـن پرسـی کوردسـتان لـە تیۆرەکانـی نێونەتەوەییـدا فۆرموولە بکەیـن یەکێکە لە پرسـە گرنگەکانـی تیۆریزەکردنی پرسـی کوردسـتان. بـە کورتـی، بـۆ ئـەوەی کـە بتوانیـن بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی دیـاری بکەیـن سـەرەتان پێویسـتیمان بەوەیـە کـە ناسـنامەی نەتەوەیـی کوردسـتان پێناسـە بکەیـن.

---

٦٦- بڕوانە: Gutmann, Amy (2004). Identity in Democracy, Princeton University Press, Princeton.

### ٣-١-١-فەلسەفەی سیاسیی خاک وەک پێویستییەک بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی

تیۆری سیاسی مۆدێرن زۆر بە قووڵی بە خاکەوە گرێدراوە لێ هاوکات خۆی لە باسگەلی پەیوەندیدار بە خاک و نیشتمانەوە بە دوور گرتووە. دیموکراسی وەک باوترین مۆدێلی سیاسیی سەردەم هیچکات پرسیاری لە سنوورە سیاسییەکان نەکردووە. لێرەدا ئەم باسە تەنیا کردنەوەی دەلاقەیەکی بۆ بیرکردنەوە لەسەر فەلسەفەی سیاسیی خاک. سنوورە سیاسییەکان بە هەر جۆرێک کێشرابن هەروا قبووڵ کراون و ڕەواییان پێ دراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کاکڵی پرسی کوردستان پەیوەندیی بەم سنوورە دەستکردانەوە هەیە. پرسیاری بنگەهین لەمەڕ پرسی کوردستان ئەوەیە کە کێ خاوەنی کوردستانە؟ ئەمە پرسیارێکی فەلسەفەی سیاسییە لەبەر ئەوەی کە پێمان دەڵێ کە چ شتێک هی کێیە. پێمان دەڵێ کە گەلۆ مافێکی بەکۆمەڵ هەیە بۆ خاوەندارێتی لە خاک و نیشتمان یان نا، پێمان دەڵێ کە ئایا پەیوەندییەکی دانەپچڕاو لە نێوان ناسنامە و بەرژەوەندی مرۆڤەکان، نەتەوەکان و خاکەکەیاندا هەیە یان نا. پێمان دەڵێ کە ئایا نەتەوەکان پێویستە سەربەخۆ بن؟ ئەم پرسیارە وەک پرسیارێکی بنەڕەتی لە تیۆر و فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە.[٦٧] ڕۆشنبیری کورد خۆیشی خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارگەلە لا داوە. بە ڕواڵەت، کورد خۆی بە خاوەنی کوردستان دەزانێ. لێ ستراتیژی سیاسی، و لەمەش خراپتر، گوتاری سیاسیی کورد داکۆکی لەمە ناکا کە کوردستان تەنیا موڵکی کوردە. لە ئێستادا، لە باشترین حاڵەتدا «گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی» داکۆکیی لە سەروەریی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی تر بەسەر خاکی کوردستاندا کردووە (کە خۆی لە فیدراڵیزمی فرەنەتەوەدا دەبینێتەوە).

مارگارێت مۆر لەبارەی فەلسەفەی سیاسیی داکۆکیکردن لە خاک باس لەوە دەکا کە «ئێمە بوونەوەرێکی فیزیکین و بۆیەش شوێن پڕ دەکەینەوە؛ بەڵام هەر لەو شوێنەشدا ئێمە پڕۆژەکان و پەیوەندییەکانمان پەرە پێ دەدەین و بە دوای ئەو شێوازە ژیانە دەکەوین کە گرێدراویمان پێیەوە هەیە» (Moore, 2014: 38). واتە ژیان و شێوازی ژیانی مرۆڤ بە شوێنەوە گرێ دراوە. لەمەش زیاتر، کولتووری نەتەوەیی لەسەر خاکێک بەرهەم دێ بە جۆرێک کە هەر کولتوورێک بە نیشتمانێکەوە گرێ دراوە. میناک، کولتووری وڵاتێکی گەرمێن لەگەڵ کوێستاندا جیاوازە. بە واتایەک، کولتوور بەرهەمی پەیوەندیی نەتەوەیەک لەگەڵ خاکێک لە مێژوودا. لە دەرەوەی ئەم خاکە کولتوور وەک بەرهەمێکی بەکۆمەڵ مانای نامێنێ. کەوابوو، کولتوور وەک یەکێک لە گرنگترین پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بەستراوەتە بە خاکەوە. ئەمەش یەکێک لە بەڵگە بەهێزەکان بۆ خاوەندارێتیکردن لە خاک. نەتەوەکان تەنانەت فۆرم دەدەن بە خاک بە

---

٦٧-بۆ زانیاری لەمەڕ لاوازیی تیۆری سیاسی و خوێندنەوەی تیۆرێکی نوێ لەم بارەوە بڕوانە:
Moore Margaret. 2014. A Political Theory of Territory. Oxford: Oxford University Press.

جۆرێک کە «[خاک] بووەتە ماڵی خەڵک، لەم واتایەدا کە ئەوان شێوازی ژیانیان لەتەک ئاستەنگە فیزیکییەکانی خاکەکەدا گونجاندووە» (Miller, 2007: 218). بۆیەش، تەنانەت لە نێوان تایبەتمەندیی خاک و تایبەتمەندیی کولتووریدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. بە بۆچوونی ئۆجالان، تەنێ لە بەستێنی فیزیکی و ماتێریالیدا دەتوانین لە فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین –واتە، [فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان] بەشێکن لە ژینگەی جوگرافی و مێژوویی خۆیان (Quoted in Matin, 2019: 1). لەپاڵ ئەوەشدا، زمان وەک یەکێ لە سەرەکیترین توخمەکانی کولتووری نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەتەک خاکدا دروست بووە و پەرەی ستاندووە. وشەگەلی کە لە زمانە جیاوازەکاندا دەکار دەکردرێن لە پێوەندی لەتەک خاکێکی دیاریکراودا بەرهەم هاتوون. چیرۆک و یادەوەرییەکانی نەتەوەیەک لەسەر نیشتمانێکی دیاریکراودا ڕوویان داوە. تەنانەت مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقاییەکان، وێژەی نەتەوەیی، جوانیناسی و تەلارسازی[٦٨] هەموویان لە پێوەندی لەتەک تایبەتمەندی خاکدا و لە نیشتمانێکی دیاریکراودا پەرەیان ستاندووە. دەیڤید میلەر بە دروستی جەخت دەکاتەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نەتەوە ئەوەیە کە «گرێدراوە بە خاکێکی تایبەتەوە» (Miller, 1995: 27). گرنگیی خاک بۆ ئەو نەتەوانە کە نیشتمانیان داگیر کراوە زۆر باش دەرکەوتووە. فرانتس فانۆن وەک تیۆریستێکی دژی کۆلۆنیالیزم گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە: «گرنگترین و بنگەهیترین بەها بۆ خەڵکێکی کۆلۆنیکراو خاکە، وەکوو کۆنکریتیترین بەها، خاکێکە کە نانیان بۆ دابین دەکات، و سەرتر لە هەموو شتێکیش کەرامەتیان دەپارێزێت» (Fanon, 1961: 43). بە کورتی، مرۆڤ پەیوەندییەکی دانەپچڕاوی بە خاکەوە هەیە. ئەگەر ناسنامەی نەتەوەیی وەک پێداویستییەکی سەرەکیی مرۆڤی مۆدێرن لەبەرچاو بگرین ئەو ناسنامەیە تەنیا لەسەر خاکێک و بە سەروەریی سیاسی بەسەر ئەو خاکەدا دێتە چێکردن.

زۆربەی ئەو تێزە سیاسییانەی لە لایەن کورد و ناکورد سەبارەت بە پرسی کوردستان دەنووسرێن باس لە مافەکانی هاووڵاتیبوون و تێزی «هاووڵاتیی دێموکراتی» دەکەن. ئەم جۆرە تیۆرانە گرنگی بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد نادەن بۆیەشە کە گرنگی بە پرسی خاک نادەن. لە دەرەوەی سەروەری سیاسیی بەسەر کوردستاندا کوردبوون واتای خۆی لە دەست دەدا. لە ڕاستیدا، مرۆڤ بە خاوەنداریێتی لە خاکەوە دەتوانێ مانا بە مرۆڤبوونی خۆی بدا. لە بێخاکیدا مرۆڤ لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە «مرۆڤی ناتەواو» و لە خراپترین حاڵەتیشدا جینۆساید دەکرێ. ئەم جۆرە تیۆرانە، لە ڕاستیدا، مرۆڤی کورد «لەخاک دەخەن».[٦٩] پێناسەکردنی مرۆڤ لە

68- Architecture
69- Deterritorize

دەرەوەی پەیوەندارێتیی بە خاکەکەیەوە هەڕەشەیە لەسەر مانەوەی کولتوور و داهاتووی ئەم نەتەوەیە. کورد سەرووەریی بەسەر خاکی خۆیدا نییە و دەوڵەتەکان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن کە کورد وەک تاک پێناسە بکەن. ئەووشە کە لە گوتاری سیاسیی داگیرکەراندا وشەی کوردستان نییە بەڵکوو تەنێ وشەی کوردەکان[٧٠] بەکار دێ. لە ئاکامدا، مرۆڤی کورد پێویستە هۆشیار بێ کە تەنیا خاکە کە دەتوانێ گەرەنتیی مانەوەی خەڵک، کەرامەت و ئازادیی نەتەوەیی، کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی کورد بکا. بیوکانان لەم بارەوە دەبێژێ کە «یەکێک لە بەهێزترین ئارگیومێنتەکان بۆ بەفەرمیناسینی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، تەنیا ئەو حاڵەتەیە کە بە کۆنترۆڵکردنی خاکێک کە تیایدان، مانەوەی ئەم گرووپە لە هەمبەر مەترسییەکانی جینۆساید لە لایەن ترکیا، ئێران و ئێراق دەپارێزێت». (Buchanan, 2007: 760) بە کورتی، سیاسەتی مۆدێرن بە چڕی بە خاکەوە گرێ دراوە و هیچ ڕێگاچارەسەرێک بۆ دۆزی نەتەوەیی ناتوانێ بەسەر ئەم ڕاستییەدا باز بدا.

## ٤- بزووتنەوەی کوردستان و خوێندنەوەی دژە-کاپیتالیستی لە پرسی کوردستان

بەهۆی تێوەگلان لەناو شەڕی بەرەی چەپ و ڕاست و باسگەلێکی ئایدیۆلۆژیکی، زۆرێک لە بیرمەند و ڕێبەرە گەورەکانی کورد لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەر بۆ پرسی کوردستان تووشی ئاڵۆزی و هەڵە بوون کاتێک پرسی کوردستان گرێ دەدەنەوە بە پێویستیی دارمان یان گۆڕانی قووڵ لە سیستەمی کاپیتالیزمدا لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی مارکسیستیدا. خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە مارکسیزم لە بنەڕەترا بۆ خەباتی چینایەتی دامەزرا. واتە ئاستی لێکدانەوە[٧١] لە پاڕادایمی مارکسیزمدا چینە[٧٢]، نەک نەتەوە. لە حاڵێکدا کە پرسی کوردستان پرسێکی نەتەوەییە -واتە پرسێکی گرێدراو بە خاکەوە. هەر لێرەوە دەردەکەوێ کە خەباتی نەتەوەیی کە قەرارە نەتەوە بە بنەما بگرێ لە پاڕادایمێکی جیا لە مارکسیزمدایە و سەر بە پاڕادایمی ناسیۆنالیزمە. لێرەدا وەک دوو نموونە و مۆدێلی سەرەکی باس لە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکی ئۆجالان و سۆسیالیزمی دێموکراتیکی قاسملوو دەکەم کە لە پاڕادایمی مارکسیزمدا هەوڵی تیۆریزەکردنی پرسی کوردستانیان داوە. دیارە گرنگە هۆشمان بەم دوو خاڵە گرنگەوە بێ کە یەک، ئەم دوو ڕێبەرە هاوکات کە بیرمەند بوون سیاسەتوانیش بوون. دوو، پێویستە

---

٧٠- لە ئارەبیدا الاکراد، لە فارسیدا کردها، بەشی زۆری کوردناسەکانیش بە جێگەی کوردستان باس لە کوردەکان (The Kurds) دەکەن.
71- The Level of Analysis
72- Class

بەستێنی کات و دۆخێک کە ئەم دوو ڕێبەرە تیایدا بوون لەبەر چاو بگیرێ؛[٧٣] چ وەک ڕێبەری سیاسی، چ کاتێک کە هێزی سیاسییان پەروەردە بووە و چ شەڕێک کە لە لایەن داگیرکەرانەوە ئێخەی ئەوان و حیزبەکانیانی (وەک نوێنەری بەشێک لە نەتەوەی کورد) گرتووەتەوە. بۆیە چاوەڕوانیم لە خوێنەر ئەوەیە کە بە خۆبەدوورگرتن لە فەزای حیزبحیزبێنەی سیاسەت لە کوردستاندا ئەم ڕەخنانە لە چوارچێوەی ڕەخنەی تیۆریدا لێک بداتەوە نەک باسیکی «سیاسی». ئەمە تەنێ هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەیە بۆ ئەم دوو تیۆرە لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە. ئامانج ئەوەیە کە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی «سیاسەتی نەتەوەیی»مان ببینەوە.

### ٤-١-کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک

پێ.کێ.کێ لە کۆتاییەکانی ١٩٧٠دا بە ئامانجی [دروستکردنی] دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دامەزرا (Ma-tin, 2019: 4)، وەلێ هەر لە سەرەتاوە «ئامانجی ستراتیژیکی پێ.کێ.کێ بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ هەمیشە لە دژیەکی و ناڕوونیدا بووە. پرۆژەی ئۆجالان بۆ «شۆڕشی ئاناتۆلی» و پێشنیاری «کۆمارێکی دێموکرات» [لە لایەن ئۆجالانەوە] کە ئاناتۆلی وەک نیشتمانی هاوبەشی کورد و تورک دادەنێ شتێکی نوێ نییە» (Özcan, 2006: 79). لە نەوەتەکاندا گۆڕانکاری لە جۆری لێکدانەوەی ئۆجالان بۆ سۆسیالیزم دروست بوو و لە دوای بەدیلگیرانی لە زیندانی «نەتەوەی تورک»دا، تیۆری کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکی لە کۆمەڵە کتێبێکدا دایە دەرەوە.[٧٤] سەرەتا پێویستە جەخت بکرێتەوە کە ئەم تیۆرە تەنێ تایبەت نییە بە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ پرسی نەتەوەیی کوردستان بەڵکوو تیۆرێکە بۆ بیناکردنی «مۆدێرنیتەی دێموکراتیک» لە بەرامبەر «مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی»دا لە ڕێگەی شۆڕشێکی ڕادیکاڵەوە –بە مەبەستی گۆڕانکارییەکی قووڵ لە جیهاندا– کە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە دەست پێ دەکا. لێرەدا باس لە گشت لایەنەکانی ئەم تیۆرە ناکرێ بەڵکوو تەنێ هەندێ خاڵی سەرکی سەبارەت بەم تیۆرە، بەتایبەت لە پەیوەندی لەتەک پرسی کوردستاندا ڕوون دەکرێنەوە.[٧٥]

کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک جیایە لە واتای کۆنفیدرالیزمی باو کە لە زانستە سیاسییەکاندا هەیە. کۆنفیدراڵیزمی باو ئەوەیە کە چەند یەکەی سیاسیی جیا و سەربەخۆ بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان و هەروەها گەیشتن بە

---

٧٣- سپاسی هێمن حسەینی دەکەم کە بیری خستمەوە کە لێرەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەمەوە.

٧٤- دیارە ئۆجالان لە زیندانی «نەتەوەی تورک»دا ئەم تیۆرەی نووسیوە و بۆیە دەبێ بە گومانەوە سەیری دەلالەتە سیاسییەکانی ئەم تیۆرە بکردرێ. بەڵام ناکرێ لەم ڕاستییەش چاو بپۆشین کە بەر لە زیندانیش ئۆجالان لەم ڕوانگەیەی ئێستای زۆر نزیک بوو.

٧٥-بۆ خوێندنەوەیەکی گشتگیر بروانە ئەم دوو وتارە:
Kamran Matin (2019): Democratic Confederalism and Societal Multiplicity: A Sympathetic Critique of Abdullah Öcalan's State Theory, Geopolitics, DOI: 10.1080/14650045.2019.1688785
حاجی‌زادە، جلال (١٣٨٩). تبیین نظریەی کنفدرالیسم دموکراتیک خلق‌ها در سپهر اندیشەهای سیاسی اوجالان. فصلنامە سیاسی، اجتماعی، فرهنگی ڕۆژەف. سال پنجم. شمارە ١٤ و ١٥ و ١٦ / بهار، تابستان و پاییز ١٣٨٩. صص ٣٠٥-٣٣٥.

بەرژەوەندییەکی زێدەتر بە ڕەزامەندی و لە چوارچێوەی گرێبەستێکدا کۆ دەبنەوە؛[٧٦] بۆ نموونە، یەکێتیی ئورووپا. هەر کاتێکیش هەستیان کرد بەرژەوەندی، ئاسایش یان ناسنامەیان کەوتووەتە مەترسییەوە لە گرێبەستەکە دێنەوە دەرێ. وەک هاتنەدەری بریتانیا لە یەکێتیی ئورووپا لە ڕێگەی گشتپرسییەوە. یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی تیۆری ئۆجالان ئەو ڕەخنەیەیە کە ئاراستەی سەرمایەداریی دەکات، لە گۆشەنیگایەکی جیاواز لەوەی مارکس. ئەو بە پێچەوانەی مارکس، ڕیشەکانی سەرمایەداری ناگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارگەلی ئابووری بەڵکوو ڕەخنە لە لێکدانەوەی ئابوورییانەی مارکس دەگرێ و دەڵێ کە «کتێبی کاپیتاڵ لە ئاستی تووتەمێکی نوێدا خزمەتی کردووە و کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ کرێکاران نەبوو» (اوجالان، ٢٠١٩: ٢٩٨). هۆکارەکەشی، لە دیدی ئەوەوە، ئەوەیە کە مارکس بۆ لێکدانەوەی کاپیتالیزم بە شوێن هۆکارە ئابوورییەکاندا دەگەڕێ لە حاڵێکدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کاپیتالیزم ئابوورییانە نین (هەمان ژێدەر). لە بەرامبەر دیالەکتیکی مێژوویی مارکسیزمدا، وێدەچێ کە ئۆجالان باوەڕی بە دیالەکتیکی ئایدیۆلۆژیکی هەبێ (حاجی‌زادە، ١٣٨٩: ٣١٩). ئەو باوەڕی بە هەبوونی ڕەسەنایەتییەک لە مێژوودایە بەو واتایە کە هەندێ گۆڕانکاریی گرنگ کە لە سەرەتای مێژوودا ڕوویان داوە کاریگەرییەکانیان هێشتاش هەر ماوە بە جۆرێک کە دەوڵەتی مۆدێرن درێژە و بەرهەمی گەشەی هەمان ڕەوتە مێژووییە. لەبەر ئەوەش، بە گوێرەی ئەو، بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای مرۆڤ و بەتایبەت تێگەی دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری پێویستە بگەڕێینەوە سەرەتاکانی مێژوو و لێکدانەوە بۆ شارستانیەتی سۆمێری بکەین. بەم هۆکارەیە کە لە میتۆدۆلۆژیی کارەکانیدا، ئۆجالان دەگەڕێتەوە سەر شیکاریی ئوستوورەکان وەک ئاخێزگە سەرەکییەکانی مێژوو و یەکەم سەرچاوەکانی «هۆشیاریی ئایدۆلۆژیکی». هەر بە لێکدانەوە بۆ شارستانیەتی سۆمێرییش دەگاتە دوو ئایدیای سەرەکیی تیۆرەکەی کە بریتین لە خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ تێگەی دەوڵەت و هێنانە ئارای تیۆری ژنۆلۆژی. ڕوانینی ئۆجالان بۆ تێگەی دەوڵەت و سەرچاوەکانی و پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە-دەوڵەت دەبێتە هۆکارێک بۆ دژایەتیکردنی لەتەک نەتەوە-دەوڵەت. بۆ تێگەیشتن لە ڕامانی ئۆجالان لە نەتەوە-دەوڵەت پێویستە سەرەتا تێگەیشتنی ئەو لە دوو تێگەی نەتەوە و دەوڵەت ڕوون بکەینەوە.

ئۆجالان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لەنێو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا جیاوازی هەیە. بۆیەش جەخت دەکاتەوە کە «باسکردن لە فۆرمی جیاوازی نەتەوە و نەک یەک جۆر نەتەوە واتادارترە. دەکرێ باس لە نەتەوەگەلێک بکەین کە لەسەر بنەماگەلێکی زۆر جیاواز دروست کراون و نەک یەک بنەمای هاوبەش» (اوجالان، ٢٠١٩: ٣٠٠). لە ڕوانگەی ئەوەوە، نەتەوە بریتییە لە «کۆمەڵە پەیوەندی یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە دەوری «هۆشیاریی

٧٦-بۆ وتارێک لەبارەی کۆنفیدراڵیزمدا بڕوانە:
سونگ، ژیاوکون (٢٠١٨). کۆنفیدراڵیزم؛ چاوخشاندنەوەیەک بە دوایین دەقەکان (وەرگێڕ: ئەروەند سالاری). گۆڤاری پۆلیتیا. ژمارەی یەکەم. ساڵی یەکەم. لل. ٦٢-٤٩.

خێڵەکی + هۆشیاریی ئایینی + ئۆتۆریتەی هاوبەشی سیاسی + بازاڕ»دا دروست بووە» (هەمان ژێدەر: ٣٠٣). لە پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا نەتەوەکان هاتوونە بوون. «[کۆمەڵەی نەتەوەیی[٧٧]] دیاردەیەکە کە لە زەیندا هەیە، کە ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە دیاردەیەکی خەیاڵییە» (Ocalan, 2017 : 12).

ئەو کە پێکهاتەی نەتەوە-دەوڵەت بە بەرهەمی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی دەزانێ لەسەر ئەو ڕوانگەیە کە «باشترین مۆدێل بۆ نەتەوەکان، نەتەوەی دێموکراتیکە» (هەمان ژێدەر: ٣٠٤) و ئەو نەتەوە دێموکراتیکە فۆرمی سیاسیی بنەڕەتیی مۆدێرنیتەی دێموکراتیکە (Ocalan, 2017 : 18). لەم حاڵەتەدایە کە، «نەتەوەکان لە سیستەمی کۆمەڵگەی دێموکراتیکدا بە باشترین شێوە دروست دەبن و گەشە دەکەن [...] بە جۆرێک کە [دەتوانرێ] «نەتەوەیەک لە نەتەوەکان» بەرهەم بێ» (اوجالان، ٢٠١٩: ٣٤). وەک ئەو دەبێژێ: «پێویست ناکات هەر نەتەوەیەک یەک دەوڵەتی هەبێ» (Ocalan, 2017 : 26) چون لە دیدی ئەودا، هەبوونی دەوڵەت کێشەکان چارەسەر ناکا بەڵکوو خودی دەوڵەتە کە بووەتە خوڵقێنەری کێشەکان. بۆیەشە کە «کۆمەڵگەی نەتەوە-دەوڵەت لە سروشتی خۆیدا ناتوانێ دێموکراتیک بێ» (Ibid: 23)، لەبەر ئەوە «دەکرێ باس لە تێگەی نەتەوەی یاسایی[٧٨] بکەین» (Ibid: 26). ئەو جۆرە لە نەتەوەیە کە لەسەر بنەمای «هاووڵاتیی دەستووری»[٧٩] دادەمەزرێ دەتوانێ گەرەنتیی هاووڵاتیبوونی یاسایی بکات کە تیایدا هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئەتنیکی و نەتەوەیی نییە (Ibid: 26). مۆدێلی «نیشتمانپەروەریی دەستووری»[٨٠] لە لایەن هابێرماسەوە پێشتر وەک مۆدێلێک بۆ یەکێتیی ئورووپا باس کراوە.[٨١] لێ ڕوونە کە یەکێتیی ئورووپا کۆنفیدراڵیزمێکی ئاساییە نەک ئەو کۆنفیدراڵیزمەی کە ئۆجالان

---

77- National society
78- Law nation
79- Constitutional citizenship
80- Constitutional patriotism

٨١- بەگشتی ئەم ڕوانگەیەی ئۆجالان ڕوانگەیەکی پۆست-ناسیۆنالیستییە. لەم ڕوانگەوە، هاووڵاتیبوون دەکرێ لەسەر کۆمەڵێک بەهای هاوبەش وەک کولتوورێکی سیاسی پێناسە بکردرێ نەک لەسەر ئەتنیسیتە و کولتوور و ناسنەمەی نەتەوەیی. هابێرماس باس لە وەها ئایدیایەک دەکا و پێی وایە کە هاووڵاتیبوون لە ڕووی تێگەییەوە بە ناسنامەی نەتەوەییەوە نەبەستراوەتەوە. بە بۆچوونی ئەو هەستی یەکگرتوویی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا دەبێ ڕیشەی لە کۆمەڵگەی سیاسیدا هەبێت نەک لە یەکگرتوویی کولتووریدا. لەو دیدەوە هاووڵاتیبوون پێویستی بە کولتوور و زمان و ئەتنیسیتەی هاوبەش نییە بەڵکوو زیاتر پەیوەندیی بە کولتوورێکی سیاسیی هاوبەشەوە هەیە و دەبێ تێگەی هاووڵاتیبوون وەک تێگەیەکی تەواو سیاسی لە تێگەگەلێکی ناڕوون وەک کولتوور و ئەتنیسیتە و نەتەوە جیا بکرێتەوە. هابێرماس وڵاتانی ئەمریکا و سویسرا وەک نموونەیەک بۆ داکۆکی لە ڕوانگەی خۆی دەهێنێتەوە (Habermas, 1994: 27). لە ڕوانگەیەکی هاوشێوەوەیە کە عەبباس وەلی پێی وایە کە بەنائەتنیکیکردنی دەسەڵاتی باڵادەست دەکرێ چەمکی هاووڵاتیی دێموکراتیانە وەدی بێت (ساڵحزادە، ٢٠١٧). بە هەمان شێوە، کامران مەتین باس لەوە دەکا کە لە ئێراندا «پێویستیمان بە تێگەیەکی فرەچەشن لە نەتەوە هەیە» و زێدەی دەکات کە سەبارەت بە ئێران «حاڵەتی ئایدیال ئەوەیە کە لە بەستێنی تەناهییەکی سیاسیی تەواو دێموکراتیکدا لە زمان، ئایینزا و نەژادێک لە پێناسەکردنی سنوورەکانی سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵگادا کەڵک وەرنەگیرێ» (متین، ٢٠٢٠). بڕوانە:

متین کامران (٢٠٢٠). کردها (کامران متین در گفتگو با غزل صدر). قابل دسترس در: https://www.aasoo.org/fa/articles/2858 [accessed 8 June 2020]

هەمووی ئەم ڕوانگانە دەکەونە ناو هاووڵاتیی پۆست-ناسیۆنالیستییەوە. ئەز لەسەر ئەو باوەڕەم کە هاووڵاتیبوون ناتوانێ لە ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم دابڕێ. لە شوێنێکی تر ئەوەم باس کردووە. بڕوانە:

باسی لێ دەکات. نەتەوەکان لە ئورووپادا خاوەنی نەتەوە-دەوڵەتن و دەوڵەتەکان بە خواستی نەتەوەکەیان دەچنە ناو یەکێتییەکە یان لێی دەکشێنەوە (هاتنە دەری بریتانیا لە ٢٠١٦دا وەک نموونە). دیارترین نموونەش لە دونیادا کە هاووڵاتیبوونی لەسەر بنەمای «نیشتمانپەروەریی دەستووری» دامەزراندبێ دەوڵەتی ئەمریکایە کە نەیتوانیوە ڕەگەزپەرەستی لە دژی ڕەشپێستەکان چارەسەر بکا. وێ ناچێ هیچ دەستوورێک و هیچ دەوڵەتێک بتوانێ بە نیسبەت کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی بێلایەن بێ. بێلایەنیی دەوڵەت لەمەڕ کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی ئەفسانەیەکی تیۆری سیاسییە. بەکورتی، ئۆجالان دەیهەوێ بێژێ کە نەتەوەکان پێویست ناکا هەموویان سەروەریی سیاسیی جیایان هەبێ بەڵکوو دەکرێ فۆرمێک لە نەتەوەی دێموکراتیک (نەتەوەیەک لە نەتەوەکان) بەرهەم بێ کە تیایدا نەتەوەکان بە ئاشتی بژین و لە دەوڵەمەندیی کولتووریی یەکتر کەڵک وەربگرن و گەشە بکەن. ئەمەیە کە دواتر لە ئاستێکی بەربلاوتردا دەبێتە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک. میناک، دەکرێ لە تورکیا کورد و تورک نەتەوەیەکی دێموکراتیک دروست بکەن، لە ئێران و دەوڵەتەکانی تریشدا هەروەها. لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەک لەو نەتەوە دێموکراتییانە دەبێتە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک. بە پەرەسەندنی ئەم مۆدێلەش لە دونیادایە کە کێشەکانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی چارەسەر دەبن.

ئۆجالان دەوڵەت چۆن دەبینێ؟ ئۆجالان ڕیشەی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ کاهێنەکانی[٨٢] سۆمێر (اوجالان، ٢٠١٩:٣٠٥) و پێی وایە کە سیستەمی هیرارشی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا لەو کاتەوە دروست بووە و لە مێژوودا پەرەی ستاندووە هەتا گەیشتووەتە دەوڵەتی نەتەوەیی ئەمڕۆ. ئامانجی ئۆجالان ئەوەیە کە ئەو هیرارشییە نەمێنێ. دژایەتیی ئۆجالانیش بۆ نەتەوە-دەوڵەت هەر ڕیشەی لەم بۆچوونەی لەمەڕ هیرارشیدایە. لێرەوە ئۆجالان دەچێتە ژێر باندۆری تیۆری ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی[٨٣] مورای بوکچین. ئامانجی ئۆجالانیش وەک بوکچین ڕزگارکردنی کۆمەڵگایە لە دەستی سێ کۆڵەکەی سەرەکیی هیرارشی: پیاوسالاری (کە ئۆجالان لە بەرامبەریدا تیۆری ژنۆلۆژیی داهێناوە)، کاپیتالیزم و نەتەوە-دەوڵەت.[٨٤] ئۆجالان پێی وایە کە «دەکرێ هەر فۆرمێک لە هێز کە باری مافناسانەی بەخۆ گرتبێ ناوی بنرێ دەوڵەت» (هەمان ژێدەر: ٣٠٥). لەم واتایەدا، کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکیش خۆی فۆرمێکە لە دەوڵەت بەڵام دەسەڵات لە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکدا ئەوەندە بەناوەندی دەکرێ و شۆڕ

---

ساڵحزادە، سیروان (٢٠١٧) ئایدیای دەوڵەتی نائەتنیکی لە هزری عەبباس وەلیدا. گۆڤاری بیروهزر. ژمارەی سێ و چوار. لل ٤١-٣٧

82- Priest
83- Social ecology
٨٤- بۆ وتارێک دەربارەی پەیوەندیی نێوان تیۆری کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیکی ئۆجالان و تیۆری ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی بوکچین بڕوانە:
Damian Gerber & Shannon Brincat (2018): When Öcalan met Bookchin: The Kurdish Freedom Movement and the Political Theory of Democratic Confederalism, Geopolitics, DOI: 10.1080/14650045.2018.1508016

دەبێتەوە ناو کۆمەڵگا (کە هەندێ تیۆریست بە دیموکراسیی ڕادیکاڵ ناوی دەبەن) کە چیتر دەوڵەتێک لە واتای ئەو شێوە باوەی دەوڵەت لە دونیای ئەڤرۆدا نامێنێ. ئۆجالان خۆی دەبێژێ کە: نکۆڵی لە ڕۆڵی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا ناکەم [...] پێناسەیەک وەک ئەوەی کە ئانارشیستەکان لەبارەی دەوڵەتەوە دەیکەن و [هەروەها] فۆرمی بێدەوڵەتی بە [شتێکی] لۆژیکی نازانم و ناتوانرێ بەکردەیی بکرێ (هەمان ژێدەر: ٣٠٥). ئەو بەگشتی، دەوڵەت بە بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی دەبینێ کە بەم جۆرەیە: «دەوڵەت = بەرهەم و بەهای زیادکراو + ئامرازە ئایدیۆلۆژیکییەکان + ئامرازەکانی بەکارهێنانی زۆر + هونەری بەڕێوەبەرێتی» (هەمان ژێدەر: ٣٠٦). ئەو باسی چەند فۆرم لە دەوڵەت دەکا و ئاماژە دەکا کە بە چەند شێوە دەکرێ دەوڵەتەکان لە مێژوودا پۆلێنبەندی بکرێن (هەمان ژێدەر: ١١-٣٠٧). ئەم جیاوازیدانانە لە نێوان فۆرمە جیاوازەکانی دەوڵەتدا لای ئەو هێندە گرنگە کە دەبێژێ: «ڕاوەستەکردن لەسەر جۆرەکانی دەوڵەت پێویستیترین ئەرکی فەلسەفەی سیاسییە» (هەمان ژێدەر: ٣١٠). ئەم فۆرمەی نەتەوە-دەوڵەت کە ئێستا لە دونیادا باوە، لە ڕوانگەی ئەودا، بەرهەمی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستییە و یەکێکە لە ڕیشە سەرەکییەکانی نەهامەتییەکانی مرۆڤ. لێرەوەیە کە ئۆجالان دژی ناسیۆنالیزمیش و بە ئامرازی ستراتژیکی ئایینی نوێی «لێک دابڕە و حکومەت بکە» لە لایەن ئینتەرناسیۆنالیستی چینی باڵادەستی دەزانێ (هەمان ژێدەر: ٣١٧). کێشەیەکی ئەو جۆرە لێکدانەوە مارکسیستییانەی ئۆجالان ئەوەیە کە پەیمان ناڵێ جیاوازیی ناسیۆنالیزمەکان لە چیدایە و بۆ هەموویان دەبێ وەکیەک پۆلێنبەندی بکردرێن. میناک، لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمی فارسدا جیاوازی هەیە، لە حاڵێکدا کە ناسیۆنالیزمی فارس شۆڤێنیستی، هێرشبەر و پاوانخوازە، ناسیۆنالیزمی کوردی ئامانجی ڕزگاریی کوردستانە لە ژێردەستی. ئۆجالان بە شوبهاندنی ناسیۆنالیزم وەک ئایین و ئاماژە بە لایەنی خودایانەی[85] دەوڵەت، پێی وایە کە نەتەوە-دەوڵەت و ناسیۆنالیزم تایبەتمەندیی مێتافیزیکییان هەیە (Ocalan, 2011: 15). بە وتەی ئەو، «ئەگەر ناسیۆنالیزم وەک ئایینی نەتەوە-دەوڵەت تەفسیر بکەین، ئەوکات نەتەوە-دەوڵەت خودای ئایینەکەیە» (Ocalan, 2011 : 13). لێرەوەیە کە، بە گوێرەی ئەو، دەتوانین بێژین کە «لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە، ناسیۆنالیزم ئایینە» (اوجالان، ٢٠١٩: ٣٠٤). ئۆجالان ئەم لایەنە مێتافیزیکییەی ناسیۆنالیزم وەک هۆکارێک بۆ ڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزم دەکار دەخا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئۆجالان خۆی بەردەوام باس لە گرنگیی مێتافیزیک دەکات و هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە ڕەخنەی جیددی لە پۆزیتیڤیزم و کاپیتالیزم دەگرێ. هەر وەک کە ئاماژە دەکا بەوەی کە «دژایەتی لەتەک مێتافیزیکدا یەکێک لە گەمژانەترین هێرشەکانی پۆزیتیڤیزمە. مێتافیزیک لە سەرەتای [دروستبوونی مرۆڤەوە]، پێویستییەکی سەرەکیی مرۆڤ بووە» (اوجالان، ٢٠١٩: ٣١٥). وەک دیارە، ئۆجالان دژی خۆی دەوەستێتەوە

85- Divine

کاتێک تایبەتمەندیی مێتافیزیکییانەی ناسیۆنالیزم وەک بەڵگەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزم دەهێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا لەسەر بنەمای گرنگیدان بە مێتافیزیک پۆزیتیڤیزم (و بە دواشیدا کاپیتالیزم) ڕەت دەکاتەوە. لەم سۆنگەوە، کۆنفیدراڵیزمێک کە ئۆجالان باسی لێ دەکا هەر لە سەرەتاوە بە ڕەتکردنەوەی نەتەوە، ناسیۆنالیزم و نەتەوە-دەوڵەت، لە واتای باودا، دەست پێ دەکات (Ocalan, 2011: 9-19 ). ئۆجالان پێی وایە کە:

*لە چەند دەیەی ڕابردوودا خەباتی کورد نەتەنێ لە دژی سەرکوتی دەسەڵاتە زاڵەکان و بە دوای ئەوەدا بووە کە بوونی بەفەرمی بناسرێ، بەڵکوو بە دوای ئازادکردنی کۆمەڵگا لە دەستی فیۆدالیزمیشدا بووە [...] داواکردنی نەتەوە-دەوڵەتێکی جودا، دەگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار یان بەرژەوەندییەکانی [چینی] بورژوازی بەڵام ئەوە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵک نییە، لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی تر تەنێ دروستکردنی نادادپەروەرییەکی زێدەتر دەبێ و ئازادی بەرتەسکتر دەکاتەوە. (Ocalan, 2011: 19)*

لە دیدی ئۆجالانەوە سەروەریی سیاسیی نەتەوەیی ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێ لە دابینکردنی دادپەروەری، ئازادی و یەکسانیدا. بۆیەش ئەو لەتەک نەتەوەی کورددا وەک یەکەیەکی جوگرافی-سیاسی هەڵسوکەوت ناکا. ئەمەش خۆی هۆکارێکە کە لە تیۆرەکەی ئەودا «ئاستی لێکدانەوە» ئاستی نەتەوە نییە، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەک چەقی لێکدانەوەی تیۆرەکەی هەڵدەبژێرێ. ئەوەیە کە، کەڵکەڵەی سەرەکیی تیۆری کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک ڕۆژهەڵاتی ناڤینە نەک کوردستان. چارەسەری «پرسی کوردستان»یش هەر بە تێپەڕکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی مومکینە. کەوابوو، «پرسی کورد دەتوانێ بەبێ ئالوودەبوون بە دەوڵەتگەرایی بێتە چارەسەرکردن» (Ibid: 19). ئۆجالان هەروەها لەژێر کاریگەریی تیۆری کۆمەڵگەی ئێکۆلۆژیکی بوکچیندا، لە لایەکەوە پرسی کوردستان گرێ دەداتەوە بە پرسی ژینگە، و لە لایەکی تریشەوە، بە داهێنانی ئایدیا و ئایدیۆلۆژیی ژنۆلۆژی، ئەم پرسە گرێ دەداتەوە بە پرسی ژن – بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی.[٨٦]

نەتەوە لای ئۆجالان تێگەیەکی سیاسییە نەک کولتووری، بۆیە کوردێک دەتوانێ بڵێ کە «من سەر بە نەتەوەی ئێران، تورکیا، سووریا و هتدم، بەڵام لە هەمان کاتدا کوردم» (لە زمان حاجی‌زادە، ١٣٨٩: ٣٢٦). بەم پێیە، لە دیدی ئۆجالان، دژیەکییەک لە نێوان ناسنامەی ئێرانیبوون و کوردبووندا نییە؛ بۆ کوردی بەشەکانی تریش بە هەمان شێوە. بە زمانێکی ساکار، ئەو پێی وایە کە دەکرێ تورکیاییبوون و ئێرانیبوون وەک «نەتەوەیەکی

٨٦-بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی کورت و پوخت لەسەر ژنۆلۆژی بڕوانە:
Ocalan, Abdulla (2013). Liberating Life: Woman's Revolution. International Initiative Edition. Available at: http://www.freeocalan.org/wp-content/uploads/2014/06/liberating-Lifefinal.pdf

دێموکراتیک» کە پێک هاتووە لە «نەتەوەیەک لە نەتەوەکان» پێناسە بکردرێن کە کورد و نەتەوەکانی تر تیایدا بە ئازادی و یەکسانی، لە دۆخی ئاشتیدا بژین. تەنانەت، بە باوەڕی ئەو، کورد دەکرێ ئەمە وەک دەرفەتێک بۆ پەرەپێدان بە زیندووکردنەوە و ڕینێسانسێک لەناو کورد و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بقۆزێتەوە (Quoted in Gerber and Brincat, 2018: 9). ئۆجالان لە نێوان ناسنامەی ئێرانیبوون و تورکیابوون لەگەڵ کوردبووندا دژیەکییەک نابینێ و تەنانەت وای بۆ دەچێ کە «کوردەکان دەتوانن ناسنامەی ئەتنیکی خۆیان هەبێ و لەبەر ئەوەی کە ناسنامەی نەتەوەییان نییە، دەتوانن خۆیان لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی، تورکیایی یان سوورییایی پێناسە بکەن و بە ناسنامەیەکی گەورەتر بگەن» (لە زمان حاجیزادە، ١٣٨٩: ٣٣٠). لێ ڕوونە کە ناسنامەی نەتەوەیی تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریا دان بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دانانێ. ئەوەی کە ناسنامەی نەتەوەیی لە ناو «نەتەوەی دێموکراتیک» چۆن دەبێ و چۆن دێتە دی بێوەڵام دەمێنێتەوە.

ئۆجالان بە دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی و دەوڵەتی نەتەوەیی، دەیهەوێ نیشانی بدا کە کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک چ شتێک نییە بەڵام ناتوانێ نیشانی بدا کە ئەم کۆنفیدراڵیزمە چ شتێکە. بە دەستەواژەیەکی تر، تیۆری کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک وەک تیۆرێکی ڕەخنەگرانە دەمێنێتەوە و ئاڵتێرناتیڤێکی ئەوتۆ ناخاتە بەر دەست. ئەم تیۆرە بەرسڤی ئەوە ناداتەوە کە بۆ نموونە یەکە خۆسەرەکانی ناو کوردستان قەرارە چۆن خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا بپارێزن (بۆ نموونە ڕۆژاڤا قەرارە چۆن لە بەرامبەر سووریا و تورکیادا گەرەنتیی مانەوەی خۆی بکا). ئۆجالان کە یەکەم ڕێبەری سیاسیی کوردە کە لە ئاستی هزری سیاسیدا هەوڵی دا خوێندنەوەیەکی مەعریفی بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی مێژوویی بکا، بەهۆی قەتیسمانەوەی لە چوارچێوەی تیۆرگەلێکی سۆسیالیستیدا تیۆرەکەی چوارچێوەی نەتەوەخوازیی بە خۆ نەگرت و جەخت لەسەر چارەسەرکردنی پرسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و چارەسەری قەیرانەکانی مۆدێرنیتەی کاپیتالیستی دەکاتەوە، کە لێکەوتەکەی مۆدێلی خۆسەریی دێموکراتییە بۆ کورد. ئەم مۆدێلە سیاسییە لە باشترین حاڵەتدا، لە کردەوەدا، هەر دەبێتەوە مۆدێلی حوکمی زاتی و خودموختارییەکی ناوچەیی بۆ کورد. بەم شێوەیەش، لە دونیایەکدا کە نەتەوە-دەوڵەت قەرارە لانیکەم هەتا داهاتووی پێشبینیکراو بمێنێتەوە، ڕوون نییە داهاتووی کورد بەم پەرتەوازەیی و لەتوپەتییە لە داگیرکراویدا چی لێ بەسەر دێ. خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەوپەڕ ڕادیکاڵی ئۆجالان لە مۆدێرنیتە و خولیای دروستکردنی ڕینێسانسێک لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە وەک ئانتی-تێزێک لە دژی تێزی شارستانیەتی کاپیتالیستیی ڕۆژاڤا بوەستێتەوە و سەنتێزێک بە ناوی شارستانیەتی دێموکراتیک وەدی بێنێ، فرە باندۆری خستووەتە سەر تێگەیشتنی ئەو لە پرسی کوردستان کە لێکەوتەکەشی تێچوویەکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد. ئۆجالان لە پێگەی «فەیلەسووف-پاشا»وە بەرپرسیارێتیی چاکسازیی شارستانیەتی مرۆیی خستۆتە

سەر شانی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە لەژێر هەژمەی چەند دەوڵەتدایە. لە دواڕۆژدا، تیۆرییەکەی ئۆجالان هەرچەندێکیش بیهەوێ لە ناسیۆنالیزم دەرباز ببێ، لە کردەوەدا چارەیەک بۆ پ.ک.ک و پارت و ڕێکخراوەکانی تری سەر بە ئاپۆیزم نامێنێتەوە جگە لەوەی کە شەڕێکی ناسیۆنالیستییانەی خاکی کوردستان بکەن. پرسیارێک کە بە کراوەیی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە چما نەتەوەی کورد دەبێ تێچووی چاکسازیی سیستەمی کاپیتالیستی جیهانی بدا؟ و بۆچی کورد لەپێناو ئەو چاکسازییەدا پێویستە دەست لە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی هەڵبگرێ، لە حاڵێکدا یەک نەتەوە-دەوڵەت لە دونیادا ئامادە نییە کارێکی وەها بکا؟

### ٤-٢-سۆسیالیزمی دێموکراتیک

سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەمان سۆسیالیزمە بەڵام لەسەر ئەو بنامەیە دامەزراوە کە سۆسیالیزم پێویستە دێموکراتییانە بێ. وەشانێکی سۆسیالیزمە لە بەرامبەر سۆسیالیزمی ستالین-لینینیستیدا دروست بوو لەسەر بنەمای ئەو ڕەخنەیە کە ستالین-لینینیزم دێموکراتیک نییە و مافەکانی هاووڵاتییان بە ئاشکرا پێشێل دەکات. قاسملوو داکۆکی لەم جۆرە سۆسیالیزمە دێموکراتیکە دەکا، هاوکات سۆسیال دێموکراسی ڕەت دەکاتەوە. ئەو لەم بارەوە دەڵێ: «ئێمە کاتێک دەڵێین: دێموکراسیمان دەوێ، ئەوە خۆی بە مانای ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری و، لە نەتیجەدا ڕەتکردنەوەی سۆسیال دێموکراسییە. بەڵام ئەگەر گوتمان: «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»مان دەوێ، مانای ئەوەیە کە دیسان هەر سۆسیالیزمان دەوێ، بەڵام سۆسیالیزمێک کە دێموکراسیشی لەگەڵ بێ و پەرەی پێ بدا» (لە زمان ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ١٣). ئەو جەخت دەکاتەوە کە، «بۆ ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئەسڵێکی زۆر گرنگە» (قاسملوو، ٢٠٠٣ [١٩٨٣][٨٧]: ١١) و «سۆسیالیزم بۆ ئێمە ئەسڵە و ئامانجی دواڕۆژی حیزبەکەمان دامەزراندنی سۆسیالیزمە» (هەمان ژێدەر: ١٣). بۆیەش، «کاتێک دەڵێین: «بمرێ ئیمپریالیزم» لە ڕاستیدا بە دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتووە، چونکە ئیمپریالیزم سیستەمی جیهانی قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییە» (هەمان ژێدەر: ١٦). بە وتەی بازیار یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە *کورتەباس*دا ئەوەیە کە «[سیستەمی] سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن مێژووەوە مەحکوومە» (بازیار، ٢٠١٩: ٩). ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ئورووپای ڕۆژاڤا سۆسیالیزم هەر زوو ڕەخنەی جیددیی لێگیران و وردەوردە بەرەو ئاراستەی سۆسیال دێموکراسی ڕۆیشت. بەتایبەت، کە لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ئورووپای ڕۆژاڤا سۆسیالیستە دێموکراتەکان بەرەو سۆسیال دێموکراسی ڕۆیشتن. ئەو

٨٧- یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان بۆ تێگەیشتن لە هزری کەسێک ئەوەیە کە بزانین لە چ کاتێکدا و لە کوێ، واتە لە چ بەستێنێکدا ژیاوە. هەر وەک لە بەشی ناسنامەی نەتەوایەتیدا باسم کرد، توێژینەوەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم دەگەڕێنەوە هەشتاکان و بەتایبەت لە ١٩٨٣ بەولاوە. واتە لە ئاکادیمیادا لەو کاتەدا بەهۆی شەڕی ساردی نێوان دوو بلۆکی ڕۆژاڤا و ڕۆژهەڵات -بەرەی سەرمایەداری و سۆسیالیزم- و کۆمەڵێک هۆکاری تر گرنگییان بە پرسی نەتەوەیی نەدەدا.

سیستەمە ئابووری و سیاسییەی ئێستای وڵاتە سکاندیڤاییەکان نموونەیەک لەم سۆسیال دێموکراسییەیە. وەک هەیڤوود باس دەکا «هەندێک بەڵگە دەهێننەوە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک یەکجار زۆر سازشی کردووە» (Heywood, 2012: 19). لە ئێستادا دەوڵەتێک نییە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی تێدا بەڕێوە بچێ کە بزانین لە کردەدا چییە و چۆنە. هەروەها گرنگە بپرسین کە چما هیچکام لە دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان هەتا ئەمڕۆ بەرەو ئاقاری سۆسیالیزمی دێموکراتیک نەڕۆیشتوون.

قاسملوو بە ڕوونی ئاماژە بە جیاوازیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی دەکات و سۆسیال دێموکراسی ڕەت دەکاتەوە، کاتێک دەڵێ: «سۆسیالیزمی دێموکراتی» لەگەڵ «سۆسیال دێموکراسی» فەرقی هەیە. سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستە کە بە ناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵی دەسووڕێنێ بە ناوی سۆسیالیزم، کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەن (قاسملوو، ٢٠٠٣ [١٩٨٣]: ٤٠). لە ڕاستیدا «قاسملوو پتر لە ٩٠ ساڵ دوای سۆسیال دێموکراتەکانی ئاڵمان، کە مارکسیزمیان ڕەت کردبووەوە، *کورتەباس* دەنووسێ. ئەو پرسیارەی لێرەدا قووت دەبێتەوە، ئەمەیە کە چۆن دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دورودرێژە و قەبووڵکردنی سۆسیال دێموکراسی لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتوو و سەرکەوتنی بەرچاوی ئەو مۆدێلە [...] قاسملوو سۆسیال دێموکراسی ڕەت دەکاتەوە؟» (ئەحمەدی، ٢٠٠٨: ١٣). بۆ زۆرێک لەوانە کە لایەنگری قاسملوو و حیزبی دێموکراتن[٨٨] ئەمە بووەتە گرێپووچکەیەکی تیۆری. گرنگە بزانرێ کە قاسملوو هیچ داهێنانێکی لە تیۆر و فەلسەفەی سیاسیدا نەکردووە و تەنێ باس لە سۆسیالیزمێک دەکات کە لە ڕۆژاوای جیهان زۆر باسی لێوە کراوە. بۆیە، ئاڵۆزییەکی تیۆریی ئەوتۆی نییە و بە سانایی دەکرێ لەم مۆدێلەی پێشنیاری کردووە تێبگەین. میراتی قاسملوو لە سیاسەتی کورددا ئەوەیە کە کەسایەتییەکی دیپلۆماتی بەهێزی هەبوو و لە ڕێبەرایەتیدا[٨٩] کەسێکی شارەزا و سەرکەوتوو بوو، نەک ئەوەی کە میراتێکی فیکریی بەجێ هێشتبێ. لە پێگەی ڕێبەرێکی سیاسیدا هاوکات کەسایەتییەکی شارەزا و ڕۆشنبیری هەبوو کە ئەمە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان نموونەیەکی شازە. بۆیەش دەکرێ لەسەر ئەو میراتەی قسە بکردرێ.

لە هەر شتێکیش گرنگتر ئەوەیە کە لەسەر ڕوانگەی قاسملوو بۆ «پرسی کوردستان» بدوێین. بە بۆچوونی قاسملوو لە *کورتەباس*دا مەسەلەی نەتەوایەتی لە ڕێگەی دیاریکردنی مافی چارەنووسەوە بە سێ شێوە جێبەجێ دەکرێ: سەربەخۆیی، فیدراڵیزم و خودموختاری (قاسملوو، ٢٠٠٣: ٩)، هەروەها دەڵێ: «[ئێمە] خودموختاریمان هەڵبژاردووە و پێمان وایە بە وەدەستهێنانی خودموختاری مەسەلەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا چارەسەر

---

٨٨- دیارە ئەم حیزبە بووە بە دوو بەش و دوو ناوەوە. بۆیە هەر لە کورتکراوەکەی کەڵک وەرگیراوە کە کوردی ڕۆژهەڵاتیش هەر بەم ناوەی دەناسن.

89- Leadership

دەکرێ» (هەمان ژێدەر)، بۆیەش، «داوای ئێمە لە سنوورەکانی ئێران تێناپەڕێ» (قاسملوو، ٢٠٠٦: ١٨)[٩٠]. قاسملوو هاوکات ژێربێژانە جەخت دەکاتەوە کە نەوەی ئێمە نەوەی خودموختاری و دێموکراسییە، لەوانەیە نەوەکانی داهاتوو خواست و ئامانجێکی تریان هەبێ (هەمان ژێدەر: ٣٦-٣٥). ئەو لە کتێبی *کورد و کوردستان*دا لێکدانەوەیەکی ئابووری-سیاسی پێشکەش دەکات. ئەمە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە قاسملوو بە قووڵی لەژێر باندۆری پێناسەی مارکسیستییە بۆ پرسی نەتەوایەتی. لەم کتێبەدا بە ڕوونی دەتوانین بۆچوونی ئەو لەسەر نەتەوەبوونی کورد و پرسی نەتەوایەتی بدۆزینەوە (بەتایبەت کە ئەوکات لە پێگەی توێژەرێکدا بۆچوونی خۆی دەربڕیوە). ئەو سەرەتا هەوڵی پێناسەکردنی نەتەوە دەدات و لە کۆتاییدا بەم جۆرە کورد وەک نەتەوە دەناسێنێ:

> «*نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا سەقامگیر دەبن [...] بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش[٩١] و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێ.*» (قاسملوو، ٢٠٠٤ [١٩٦٤]: ٢٦٠) کورد خاوەنی زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەشە (هەمان ژێدەر: ٢٦٠-٦١) وەلێ لەسەر «ئابووریی هاوبەش» موناقشە هەیە (هەمان ژێدەر). قاسملوو لە لێکدانەوەکەیدا بەم بۆچوونە دەگا کە «ئەگەر نەتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستاندا هەیە، ناشتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نییە». هەروەها، «خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بە گشتی سەلمێندراوە» (هەمان ژێدەر: ٢٦٢) کەواتە «دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قۆناغی پێگەیشتنی نەتەوایەتیدا تێدەپەڕن» (هەمان ژێدەر: ٢٦٤).

ئەو دواتر بەم جۆرە باس لە «سروشتە تایبەتییەکانی مەسەلەی کورد» دەکات: «خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا پێش هەموو شتێک خەباتێکی دژی ئیمپریالیستییە، کەوابوو، دوژمنی سەرەکیی گەلی کورد ئیمپریالیزمە [...] تا ئەوکاتەی ئیمپریالیزم هەروا بەسەر کاروباری ئەو وڵاتانەدا زاڵ بێ کە کوردیان تێدا دەژی

---

٩٠- وتووێژ لەتەک ڕۆژنامەی لیبراسیۆن. (ساڵی چاپی کتێبەکە بە هەتاوی نووسراوە واتە ڕەشەمەی ١٣٨٤)

٩١-ژیانی ئابووریی هاوبەش یەکێک لەو مەرجانە بوو کە ستالین لە پێناسەی نەتەوەدا کردییە باو. دیارە پێناسەی ستالین ڕەخنەی زۆری لێ گیراوە و زۆر پێناسەی تر لە نەتەوە هەن، لە بەشی ناسنامەی نەتەوایەتیدا ئاماژەم بە دوو پێناسەی تر داوە. بۆ ڕوانگەیەکی بەکەڵک لەم بارەوە بڕوانە ڕەخنەی گۆیبێرنائو لە ئانتۆنی سمیت لەسەر پێناسەی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوایەتی:
Guibernau, Montserrat (2004). Anthony D. Smith on nations and national identity: a critical assessment in Nations and Nationalism 10 (1/2), 2004, 125–141.

ڕزگاریی کورد و هیچ نەتەوەیەکی دیکە ئیمکانی نییە. کەوابوو، ئەرکی سەرەکیی هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکۆشانە بۆ ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم» (هەمان ژێدەر: ٢٦٤-٦٥). قاسملوو بەم جۆرە بزووتنەوەی کوردستان گرێ دەداتەوە بە خەبات لە دژی ئیمپریالیزم لەبەر ئەوەی کە بە وتەی ئەو: «خەباتی دژی ئیمپریالیستی و خەباتی دژی زۆرداریی [نەتەوایەتی]...لێک جیا ناکرێنەوە» (هەمان ژێدەر: ٢٦٦). لای ئەو، «جووڵانەوە ڕزگاریخوازی نیشتمانیی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا هەم لە دژی ئیمپریالیزم وەک دوژمنێکی سەرەکییە و هەم لە دژی چینە فەرمانڕەواکانی ئێران و عێراق و تورکیایە» (قاسملوو، ٢٠٠٤ [١٩٦٤]: ٢٥٠). واتە لای ئەو، کورد شەڕی دژی چینە فەرمانڕەواکان و ئیمپرالیزم دەکات نەک ئەوەی کە شەڕەکە لە نێوان کورد و نەتەوە سەردەستەکاندا بێ. ڕیشەی ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە سەر پێناسەیەک لە دەوڵەت کە لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا کراوە. بەپێی ئەم پێناسەیە، دەوڵەت «کۆمیتەی بەڕێوەبردنی چینی بورژوازییە» (Ormerod, 2008: 1578)، قاسملوو، وەک شوێنکەوتوویەکی مارکس، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە نوێنەری چینێکی تایبەت دادەنێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە، لەو دەوڵەتە فرەنەتەوانەدا کە نەتەوەیەک خۆی بەسەر نەتەوەکانی تردا زاڵ کردووە دەوڵەت نوێنەری نەتەوەی داگیرکەرە نەک چینی بورژوا. قاسملوو وێڕای ئەوەی کە داکۆکی لە نەتەوەبوونی کورد دەکا، وا بیر دەکاتەوە کە «جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد بەتەواوی، لە هەلومەرجی ئێستادا مومکین نییە[٩٢]، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژبەڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ» (قاسملوو، ٢٠٠٤ [١٩٦٤]: ٢٦٤). هاوکات پێی وایە کە «چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراتییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراتی» (هەمان ژێدەر: ٢٦٦) و ئاماژە بە بۆچوونی لینین دەدا و جەخت دەکاتە کە لینینیش لەسەر هەمان باوەڕە (هەمان ژێدەر: ٢٦٦-٢٦٧) و نموونە و بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەو بەڵگاندنە کە چۆن دێموکراسی (لە دەوڵەتە باڵادەستەکان) و پرسی کورد پێکەوە بەستراونەوە (هەمان ژێدەر: ٣٦٧-٦٨). لێرەدایە کە قاسملووش هەر دەچێتە ناو ئەو بازنەیەی ڕۆشنبیری کورد کە بە درێژایی حەفتا ساڵی ڕابردوو دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی کوردستانیان بە هەڵە بەیەکەوە گرێ داوەتەوە.

بە گوێرەی قاسملوو تایبەتمەندییەکی «جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیی کورد، سروشتی دژی دەرەبەگایەتیی ئەو جووڵانەوەیەیە» (هەمان ژێدەر: ٢٦٨)، بەڵام ناسیۆنالیستەکان لەمە تێنەگەیشتوون بۆیەش،

٩٢- ئەم ڕوانگەیە کە باس لەوە دەکا کە لە ئێستادا سەربەخۆیی مومکین نییە، لانیکەم لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەسەر گوتاری سیاسیی کورددا زاڵ بووە. حاجیزادە نیشانی داوە کە ئەمە هاوشێوەی ئەو شتەیە کە بیرمەندە پۆست-مۆدێرنەکان بە «چیرۆکی گەورە» باسی دەکەن. بڕوانە: حاجیزادە جلال (٢٠٢٠ [٢٠١٢]). گۆڤاری پۆلیتیا. نگاهی شالودەشکنانە بە برونڕفت از یک کلانروایت تاریخی. دۆسیەی تایبەت (ڕامان و زەینی کوردی). ل‌ل. ٥٣-٣٠.

«ناسیۆنالیستە دەستی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر نەتەوەی کورد قسە دەکەن و کەم وایە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا جیاوازی دابنێن» (هەمان ژێدەر: ٢٦٩). قاسملوو لە ١٩٦٤ لە کتێبی *کورد و کوردستان*دا دەنووسێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە [...] مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە» (هەمان ژێدەر: ٢٧٦) و پێداگرییش دەکا کە «بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم ڕوانیندا بە شتێکی خەیاڵی دێتە بەرچاو [...] بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوور و ناڕاست بێتە پێش چاو، هەر ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە» (هەمان ژێدەر: ٢٧٦)[٩٣]، بەڵام هەر لەم کتێبەدا ئەم باسە بە تەواوی بەجێ دێڵێ و باسی سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو ئارمانی سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا وەلا دەنێ. دواتر قاسملوو لێکدانەوە بۆ ڕوانگەی مارکسیستی بە نیسبەت پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکا و دەگاتە ئەو ئاکامە کە دەبێ ئەو مافە دانی پێدا بنرێ وەک ماف بەڵام «ئەو داخوازە بۆ کورد بێجگە لە یەککەوتنەوە مانایەکی نییە. کەوابوو، ناتوانین جیابوونەوەی بەشێک لە کوردستان وەک کوردستانی ئێران بەتەنیا، بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابنێین» (هەمان ژێدەر: ٢٨٣)، تەنانەت «داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان وەک دروشمێکی کاتی زیان لە خەباتی هاوبەشی ئەو نەتەوانە دەدا کە لە نێو یەک وڵاتدا پێکەوە دەژین» (هەمان ژێدەر). دوای شرۆڤەیەکی زۆر، ئەو دەگاتە ئەو دەرئەنجامە: «لە قۆناغی ئێستادا دروشمی سەربەخۆیی کورد لە باری تیۆرییەوە دروشمێکی ناڕاستە» (هەمان ژێدەر: ٢٨٣)، بۆیەشە کە «ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد» «تەنیا یەک ڕێگای لە پێشە، ئەویش چوونەپاڵی جووڵانەوە دژی ئیمپریالیستیی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە» (هەمان ژێدەر: ٢٨٤). دەبێ بزانین کە «چارەسەری مەسەلەی کورد بەستراوەتەوە بە پێشکەوتنی دێموکراتی و سۆسیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا» (هەمان ژێدەر: ٢٨٤). قاسملوو جەخت دەکاتەوە کە قسەی بەیاننامە مێژووییەکەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ڕاستە کە دەڵێ «ئەو کاتەی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان کۆتایی هات، چەوسانەوەی نەتەوەیەک بە دەستی نەتەوەیەکی تریش دوایی دێ» (لە زمان قاسملوو، هەمان ژێدەر: ٢٨٥)، بەم جۆرە ئەو دەیهەوێ بێژێ کە هەموو کێشەی چەوسانەوەی مرۆڤایەتی چارەسەر ببێ ئینجا مەسەلەی کوردیش چارەسەر دەبێ. بیرکردنەوە لەوەی کە کەی و چۆن هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی ئینسان بە دەستی ئینسان کۆتایی دێ خەیاڵێکی کۆمۆنیستییە کە زەینی قاسملووشی داگیر کردووە و ڕێگەی لە دیتنی واقعییەتەکان لێ گرتووە (بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەو ناسیۆنالیستە کوردەکان

٩٣- لە شوێنێکی تر باسی ئەوەم کردووە کە ڕۆشنبیری کورد بەڵگە دەهێنێتەوە کە کورد مافی سەربەخۆیی هەیە بەس هەوڵی بۆ نادا و پێویستییەکی و چاکەیەکی گشتی سەیری ناکات. بڕوانە: ساڵحزادە، سیروان. (٢٠١٨) گۆڤاری گوتارنامە. پێویستیی دەربازبوون لە مافخوازی بەرەو چاکەخوازی لەمەڕ پرسی بێدەوڵەتی. ل ل ٤٩-٤٢

تاوانبار دەکا کە واقیعیەتەکان نابینین). قاسملوو لە دیمانەکەی لەتەک گۆڤاری *الصیاد* لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە «ئایا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان لە داهاتوودا لە نەزەردایە؟» دەڵێ «ئێمە لە سیاسەتدا ئەهلی خەیاڵات نین، بەڵکوو واقعبینین [...] سیاسەت واتە هونەری مومکین. ئێمە باوەڕمان بە سیاسەتە نەک بە خەیاڵ. جاری وایە کوردی وا دەبینی کە خەیاڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکا» (قاسملوو، ٢٠٠٦: ٣٥). لە ڕاستیدا، «ئەمن پێم باشترە نەتەوەیەک تێر بێ و ئەوەش بزانێ کە بەسەر چارەنووسی خۆیدا دەسەڵاتی هەیە هەر چەند ئاڵا و نوێنەری لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبێ» (هەمان ژێدەر: ٣٦). قاسملوو بەم جۆرە گرنگیی بەفەرمیناسینی نەتەوەیەک لە ئاستی نێودەوڵەتی و سەربەخۆیی نەتەوەیی زۆر بە کەم دەنرخێنێ و پێشکەوتنێکی ئابووری لە سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرزتر دەنرخێنێ.

قاسملوو باس لە پێکەوەژیانی گەلان دەکات و دەڵێ «[هەرچەند] لە پێشەوە گوتمان گەلی کورد یەک دەگرێتەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوە نییە کە گەلی کورد لە نەتەوەکانی دراوسێی جیا دەبێتەوە. چونکە زۆر وێدەچێ یەکیەتییەکی دڵخوازانەی زۆر گەورەتر پێک بێ کە بە قازانجی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەش تەواو بێ. بۆیە ئەو سنوورانەی ئێستا لە داهاتوودا ئیتر ئەوەندە گرنگ نابن [...] ئەوەش ڕێگای چارەسەری لێنین[¬ـە] بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی» (هەمان ژێدەر: ٢٨٦-٨٧). دیارە ئەمڕۆ دوای نزیکەی شەش دەیە لەم لێکدانەوەیە سنوورەکان ئەگەر گرنگییەکی زۆرتریان پەیدا نەکردبێ کەمتر نەبوونەتەوە.

قاسملوو لە نێوان کوردبوون و ئێرانیبووندا دژیەکییەک نابینێ و ئەمەش ئاماژەیە بە هەمان ئەو ڕوانگە سیاسییەی کە ناسنامەی نەتەوەیی کوردستانی و ئێرانی بەیەکەوە گرێ دەداتەوە و بەشێکی سەرەکییە لە قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. ئەو هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دێموکراسی ئەگەر لە ئێراندا نەبێ شتێکیش بە ناوی خودموختاری لە کوردستان سەر ناگرێ. بەڵام ئەم لێکدانەوە دوو هەڵەی تێدایە: یەک، وێدەچێ قاسملوو نەتەوەی فارس و ناسنامەی نەتەوەیی فارسی باش نەناسیوە و پێی وایە کە دەکرێ ئێران دێموکراتیزە بکرێ (کە دواتر بوو بە یەکێک لە دژە دێموکراتیکترین دوڵەتەکانی مێژوو). دوو، ئەگەر نەتەوەی فارس نەخوازێ دێموکراسی قەبووڵ بکا ئەوکات چما کورد دەبێ جەختێکی بێهوودە بکاتەوە لەسەر دێموکراتیزەکردنی ئەوان. لە وتووێژ لەتەک *الصیاد*دا لە قاسملوو دەپرسرێ کە :ئەگەر ڕژێم خودموختاری بۆ کوردستان، بەبێ دێموکراسی لە ئێراندا قبوول بکا، ئایا ئێوە قبووڵی دەکەن؟» لە وەڵامدا دەبێژێ: «لە نێوان خودموختاری و دێموکراسیدا پەیوەندییەکی لەپساننەهاتوو هەیە [...] یەکەم، [...] باوەڕی ئێمە ئەوەیە کە بەبێ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران هەر مەسەلەیەک کە پەیوەندیی لەگەڵ ئازادییەکان و مافەکانی ئینسانی لەم وڵاتەدا بێننە گۆڕێ، شتێکی بێکەڵک دەبێ. ئێمە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. دووەم [...] لە درێژخایەندا تەنیا زامن بۆ بەردەوامبوونی

[خودموختـاری]، دێموکراسـیی واقیعـی لـە ئێراندایـە» (قاسـملوو، ٢٠٠٦: ٣٣). بەگشـتی ئەمـە ئاماژەیـە بـەوەی کـە قاسـملوو بـاش لەتـەک مانـا و گرنگیـی ناسـنامەی نەتەوەیـی ئاشـنا نەبـووە. قاسـملوو بـەردەوام سـنووری ناسـنامەی نەتەوەیـی کـورد و «ناسـنامەی ئێرانیبـوون» وەک یـەک دەوڵـەت تێکـەڵ دەکات. ئـەوە تەنانـەت خودموختارییی کورد (لـە ڕۆژهـەڵات) گـرێ دەداتـەوە بـە دێموکراتیکبوونـی نەتەوەیەکـی تـر. واتـە بەبـێ دڕدۆنگـی خودموختـاری قەبووڵ نـاکا و مەرجـی دێموکراسـی بـۆ ئێـران دادەنـێ. ئەمـە پێچەوانـەی ئەو تەفسـیرەیە لە قاسـملوو کـە گوایـە خودموختاری قۆناغێکـە بـۆ سـەربەخۆیی. بـەم هـۆکارە کـە ئەگـەر خودموختـاری لای قاسـملوو قۆناغێـک بێ بـۆ سـەربەخۆیی، چ حەوجـە بەمـە نـاکا کـە کـورد خەمـی دێموکراتیزەکردنـی ئێرانـی هەبـێ. ئـەم ڕوانگەیـە (هۆشـیارانە یـان ناهۆشـیارانە) ئـەم ڕاسـتییە لەبەرچـاو ناگـرێ کـە نابـێ نەتەوەیـەک چارەنووسـی خـۆی بـە دێموکراتیزەکردنـی نەتەوەیەکـی تـرەوە ببەسـتێتەوە؛ بـە دوو هـۆکار: یـەک، نەتـەوەکان نابـێ ئـەو مافەیـان هەبـێ کـە چارەنووسـی یەکـتر دیـاری بکـەن؛ دوو، ئەگـەر نەتەوەیـەک توانسـت یـان خواسـت و ئیـرادەی دێموکراتیزەبوونـی نەبـێ چـما چارەنووسـی نەتـەوەی کـورد بـە بڕیـاری نەتەوەیەکـی تـر دەبـێ ببەسـتینەوە. (لـە کردەشـدا هـەر بـەم جـۆرە دەرهاتـووە؛ جگـە لـە قۆناغێکـی کـورت لـە تورکیـا نەبـێ، هیچـکام لـە داگیرکەرانـی کوردسـتان دێموکراسـییان ئەزمـوون نەکـردووە. دێموکراسـییش لـە تورکیـا هیچـکات هیـچ خێرێکـی بـۆ کـورد نەبـووە و تەنـێ دێموکراسـییەکی تورکـی بـووە). قاسـملوو کـە بـە قووڵی بـاوەڕی بـە دێموکراسـی هەیـە بـاس لـە دێموکراسـی بـۆ ئێـران دەکات و کوردسـتان وەک یەکەیەکـی جوگرافی-سیاسـی لەبـەر چـاو ناگـرێ و بـاس لـە مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە ڕێگـەی دێموکراتیکتریـن مێکانیزمـی خـۆی کـە ڕیفراندۆمـی سـەربەخۆییە نـاکا. لـە حاڵێکـدا، مانـای ڕەسـەنی دێموکراسـی هەمـان سـەروەریی خەڵکـە و ئەگـەر باوەڕمـان بـە دێموکراسـیی ڕاستەقینە هەبـێ پێویسـتە ڕێگـە بـۆ نەتـەوەی کـورد خـۆش بکەیـن کـە خـۆی لـە ئازادیـدا بڕیـار لـە چارەنووسـی خـۆی بـدا نـەک ئـەوەی کـە چارەنووسـەکەی ببەسـتینەوە بـە دێموکراسـی لەنـاو نەتەوەیەکـی تـردا.

**٤-٣- کۆبەند**

لـە لێکدانـەوەی کۆتاییـدا ئەگـەر وەک ئەجێنـدا و سـتراتیژی سیاسـی، ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد لای قاسـملوو و خۆسـەریی دێموکراتـی لای ئۆجـالان تاوتـوێ بکەیـن ئەگەرچـی ڕیشـەیان لـە دوو تیـۆری جیـاواز لە سۆسـیالیزم دایە وەلـێ دەرئەنجامـە سیاسـییەکەیان لـە ئاسـتی کـردەدا زۆر نزیـک لـە یـەک دەردەچـێ. بـە واتایەکـی تـر، قاسـملووش هـەر وەک ئۆجـالان پێشـنیاری خودموختـاری (خۆسـەری) بۆ کـورد، سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک بۆ ئێـران (نەتەوەی دێموکراتیـک بـۆ تورکیـا و ئێـران) و فیدراسـیۆنی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن (کۆنفیدراڵیزمـی دێموکراتیـک بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن) و لـە کۆتاییشـدا ڕووخاندنـی سـەرمایەداری (گۆڕینـی مۆدێرنیتەی کاپیتالیسـتی بـۆ مۆدێرنیتـەی دێموکراتیک)

دەکا. قاسملووش هەر وەک ئۆجالان باس لە پێکەوەژیانی گەلان دەکات لەپێناو لەناوبردنی ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ و چارەنووسی نەتەوەی کورد گرێ دەداتەوە بە لەناوبردنی هەر جۆرە ستەمێک لە جیهاندا و هەروەها، سەرکەفتنی بەرەی سۆسیالیزم. هاوکات، کێشەیەکی جیددی لای هەردووکیان ئەوەیە کە دێموکراسی بۆ تورکیا و ئێران تەنێ ئامرازێک نییە کە لە ڕێگەی ئەم دێموکراسییەوە کوردیش بە خودموختاری و خۆسەری (دێموکراتیک) بگا بەڵکوو جەخت دەکەنەوە کە ئەمە پرنسیپێکە و دەبێ دەوڵەت ڕەچاوی بکات. ئەمەش کێشەیەکی جیددی دەخووڵقێنێ لەبەر ئەوەی کە ئەگەر باوەڕمان بەمە هەبێ کە کورد نەتەوەیەکی جیایە لە تورک و فارس و ئارەب، کورد نابێ ئەو مافە بە خۆی بدا سیستەمی سیاسی بۆ ئەوان دیاری بکا، هەروەک نابێ ڕێگە بەمانیش بدرێ کە چارەنووسی نەتەوەی کورد دیاری بکەن. ئەم دەربڕینەی ئۆجالان و قاسملوو (ناهۆشیارانە) لێکەوتەیەکی ئیمپریالیستیی بەدوادایە؛ ئەویش ئەوەیە کە کورد قەرارە گووشار بخاتە سەر بۆ ئەوەی کە جۆری سیستەمی سیاسییان بگۆڕن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەردووکیان دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژاواین. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر نەتەوەی داگیرکەر نەیهەوێ «نەتەوەی دێموکراتیک» (ئۆجالان) یان دەوڵەتی دێموکراتیک (قاسملوو) دروست بکا ئایا ئەوە مافی خۆیەتی یان نا؟ ئۆجالان بەردەوام باس لە چارەسەری دێموکراتییانە دەکات و قاسملووش جەختی تەواو لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە. لێ هەردووکیان بەسەر ئەم پرسیارەدا باز دەدەن کە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد بە دێموکراسی بگا بۆچی دەبێ بەسەر دەنگ و ئیرادەی گشتیی خودی نەتەوەی کورددا باز بدەین. لە حاڵێکدا واتای ڕاستەقینەی دێموکراسی هەمان «سەروەریی خەڵک»ە. سەرەکیترین جیاوازیی قاسملوو و ئۆجالان لەوانەیە ئەوە بێ کە قاسملوو دژایەتیی نەتەوە-دەوڵەت ناکا بەڵکوو وەک سۆسیالیستەکانی ئەوکات پێی وایە کە نەتەوە-دەوڵەت جارێ دەمێنێ و دواتر لە داهاتوودا کە سۆسیالیزم پەرە دەستێنێ و پاشان لە قۆناغی کۆتاییدا کە کۆمۆنیزم دادەمەزرێت و بەجیهانی دەبێتەوە، نەتەوە-دەوڵەت نامێنێت. لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، ئەوەی کە ئۆجالان و قاسملوو (بەهۆی چوارچێوە تیۆرییە مارکسیستییەکەیان) ڕەچاوی ناکەن ئەوەیە کە، دەوڵەت نوێنەری نەتەوەی باڵادەستە نەک چینی باڵادەست.

## ٥- پێویستیی بازدانی پاڕادایمی[٩٤] لە بزاڤی کوردستاندا

هەر وەک تا ئێستا لەم وتارەدا شرۆڤە کرا، سیاسەتی کورد لەژێر باندۆری قەیرانی ناسنامەی نەتەوایەتیدا نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ. ئەو گریمانانە کە لە هزری ڕۆشنبیر، سیاسەتوان و چالاکە سیاسییەکانی کورد (بەکارهێنەرە پرۆفێشناڵەکان) هەتا ئەڤرۆ چێ بوون و چارەسەری پرسی کوردستانیان بەستووەتەوە بە چارەسەری پرسگەلێکی تر لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و نەتەوەکانی تردا، پاڕادایمێکیان پێک هێناوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە جیاکارییەک کە جەمال نەبەز (٢٠٠٧ [١٩٩٨]) کردوویەتی ناوی دەنێم «پاڕادایمی ڕیفۆرمخوازی»، کە لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەست پێ دەکا و ئێستاش بەردەوامە.[٩٥] نەبەز باس لە دوو جۆر بزووتنەوەی کوردایەتی دەکات کە بە بزووتنەوە کلاسیکییەکان (بە سەرکردایەتیی ڕێبەرە کلاسیکەکان) و بزووتنەوە ڕیفۆرمیستییەکان ناویان دەبا. بە گوێرەی ئەو، بزووتنەوە کلاسیکەکان لە قۆناغی پێش-مۆدێرنەوە دەستیان پێ کردووە هەتا جەنگی جیهانیی دووەم، لە کۆتاییشدا دوایین شۆڕش بە سەرکردایەتیی بارزانی، کە شۆڕشی ئەیلوول بوو، لە حەفتاکاندا کۆتایی پێ هات. بە بۆچوونی ئەو، سەرکردە کلاسیکەکان هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیان دەدا. لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە بزووتنەوە کوردییەکان بە سەرکردایەتیی ئەو ڕێبەرانەی کە سەر بە چینی هوردەبورژوازی بوون ستراتیژی خودموختاری و فیدراڵییان هەڵبژارد، بۆیەش ئەمان بە بزووتنەوەی ڕیفۆرمخواز ناو دەبا. ئەم قۆناغە دەکەوێتە ناو «پاڕادایمی ڕیفۆرمخوازی»یەوە. بە بۆچوونی نەبەز، بە پێچەوانەوەی سەرکردە کلاسیکەکان، ئەو سەرکردانە کە سەر بە چینی هوردەبورژوازیی کورد بوون شۆڕشی کوردیان بەرەو بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستییانە بردووە (نەبەز، ٢٠٠٧: ٢٤٧- ٢٥١).

ئەز لەتەک ئەم بۆچوونەدا هەم کە بزووتنەوە کلاسیکییەکان پاڵنەری سەربەخۆییان لە پشت بووە و تێکەڵ بە ڕیفۆرمخوازی وەک ئایدیۆلۆژی و هزر نەبوون، وەلێ لەگەڵ نەبەزدا هاوڕا نیم کە سەربەخۆیی بووبێتە ئامانجێکی دیاریکراو لە بزووتنەوە کلاسیکییەکاندا، بەو هۆکارەی کە لەم بەستێنە مێژووییەدا هۆشیاریی نەتەوەیی کورد لەو ئاستەدا نەبووە کە کورد وەک پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی بیهەوێ دەوڵەت دابمەزرێنێ. لێ

---

94- Paradigm shift

٩٥- تێگەی پاڕادایم یەکەم جار لە لایەن تامس کون بۆ وێناکردنی پێشکەوتنی زانست دەکار خراوە. بەپێی بۆچوونی کون (١٩٦٢) لە کتێبی *پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان*دا، پاڕادایمەکان لەتەک یەکتردا پێک ناگیرێن. وەک کون باس دەکا سەرەتا «زانستێکی ئاسایی» هەیە، بەڵام ئەو زانستە لەتەک کێشەگەلی زۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ناتوانێ بەرسڤی ئەو پرسیارە نوێیانە بداتەوە کە هاتوونە ئاراوە. پسپۆڕان و بەکارهێنەرە پرۆفێشناڵەکان دەکەونە خۆ و وەڵامی نوێتر بۆ پرسیارەکان دەدۆزنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە «شۆڕشی زانستی» ڕوو بدا. ئاوایە کە هەر پاڕادایمێک لە زەمەنێکدا سەر هەڵدەدا، پەرە دەستێنێ و دواتریش کۆتایی پێ دێ. بەم پرۆسەیە دەگوترێ «بازدانی پاڕادایمی». ئەم زاراوەیە وەک چوارچێوەیەکی تیۆری لە زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆییەکانیشدا دەکار خراوە. لە ئاستی پرسگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بە کورتی، شیفتی پاڕادایمی ئاماژەیە بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دونیابینیی خەڵک و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەدوای خۆیدا دێنێ.

لەتەک پۆلێنبەندییەکەدا هاوڕام و ئەو دوو قۆناغە بە دوو پاڕادایمی کلاسیک و ڕیفۆرمخوازانە پۆلێنبەندی دەکەم. لە پاڕادایمی ڕیفۆرمخوازانەدا ئامانج گۆڕانکاری لەناو سیستەمی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندایە؛ واتە دابەشکردنی هێز و دەسەڵات (خۆسەری و خودموختاری و هەر فۆرمێکی تر لە دەسەڵاتی لامەرکەزی یان هەندێ چاکسازیی سیاسی و ئیداری) و لە باشترین حاڵەتدا دابەشکردن و هاوبەشکردنی سەروەریی سیاسییە (فیدراڵیزم). فیدراڵیزمیش تەنێ سەرەوەریی نێوخۆیی دابین دەکا و سەروەریی دەرەکی لە دەستی نەتەوەی باڵادەستدا دەهێڵێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەم پاڕادایمە بەڵگاندنەکەی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد پێویستە لە چوارچێوەی سنووری سیاسیی ئەو دەوڵەتانەدا چارەسەری پرسی کوردستان بکا. ئەم پاڕادایمە خۆی لە دروشمی خودموختاری یان فیدراڵیزم بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا مانیفێست کردووە. ئەم پاڕادایمە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستاش بەهێزە. ئەم پاڕادایمە هەروەها بەرهەمی زۆر ڕۆشنبیری کۆمۆنیست و سۆسیالیستە کە بە درێژایی نزیک لە شەش دەیە باڵیان بەسەر سیاسەتی کوردستاندا کێشاوە. لە ئێستاشدا لە هەموو بەرەکان، واتە سۆسیالیست، لیبراڵ، کانسێرڤاتیست، ئیسلامیست، ئێکۆلۆژیست، فێمێنیست و هتد، لەناو ئەو پاڕادایمەدا پرسی کوردستان دەخوێننەوە.

لە ئێستادا بزووتنەوەی کوردستان دابەش بووە بەسەر حیزب، گرووپ، دارودەستە، تاکەکەس، ئەنجومەن، چالاکی ناوەبناوە و بەگشتی کۆمەڵە، گرووپ و ڕێکخراوەی سیاسیی جیاواز و چالاکیی سەربەخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکانێکی سیاسی و ناسیاسی لە ئاستی پانتایی گشتیی دونیای واقیعی و دونیای مەجازیی کوردیدا هاتوونەتە ناو ئەم گۆڕەپانەوە. تایبەتمەندیی سیاسیی ئەم قۆناغە سەرلێشێواویی فیکری و نەبوونی ستراتیژێکی سیاسیی دیاریکراو و هەروەها بەهێزبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە بە نیسبەت هێزە حیزبییەکان (بە شێوەی ڕێژەیی). لەم پاڕادایمەدا، بڕیاری ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشوور تەنیا بڕیارێکی سیاسی بووە کە لە دەرەوەی پاڕادایمی ڕیفۆرمخوازیدا بوو. لە دەرەوەی هێزە سیاسییەکان، لە ئاستی بزووتنەوەی مەدەنی و ڕۆشنبیریدا جگە لە گوتاری ڕیفۆرمخوازی، گوتاری سەربەخۆییخوازییش هەیە لێ بە بەراورد لەتەک هێزە کوردییەکاندا هێزێکی ئەوتۆی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو نەوە نوێیەکاندا ئەم گوتارە ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبێ. ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە پاڕادایمی پێشوو ڕووبەڕووی کۆمەڵە پرسیارێکی جیددی بووەتەوە کە ناتوانێ بەرسڤیان بداتەوە (واتا وەک تامس کون دەڵێ زانستە ئاساییەکە تووشی قەیران بووە). ئەم نەتوانینە ئاماژەیە بە دەسپێکی کۆتایی ئەم پاڕادایمە. «پاڕادایمی ڕیفۆرمخوازانە» تووشی قەیران بووە و چیتر ناتوانێ وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگای کوردستان بێ. ئەم پاڕادایمە ئەگەرچی فیدراڵیزم یان چەشنێک لە فیدراڵیزم وەک مۆدێلێکی گشتی بۆ کورد سەیر دەکات بەڵام بەڵگاندنێکی وەهای پێ نییە کە داکۆکی لەو خواستەی بکا و پشتئەستوور بە هیچ تیۆرێکی ئەوتۆش نییە

و لـە کردەشـدا هـەر تووشـی هەمـان قەیرانـە. بەکارهێنـەرە پرۆفێشـناڵەکانی ئـەم پارادایمـە چیـتر توانایـی تیۆریزەکـردن و فۆرموولەکردنـی ئـەم مۆدێلـە سیاسـییەیان نەمـاوە. پێشـتر بـۆ ئـەم مۆدێلـە پاسـاوی ئایدیۆلۆژیکـی و ناسـنامەیی ساختەی ئێرانـی و تورکیایـی و هتـد دەکار دەخـرا کە ئێسـتا ئەم پاسـاوگەلە وەک پێشـوو برەویـان نەمـاوە. لەتلەتبوونی حیزبـەکان و نەگەیشـتن بـە هیـچ خاڵێکـی دیاریکـراو وەک دەسـکەوتێکی دیـار یەکێکـە لەو نیشـانانە کە ئەم شـێوازە لـە حیزبایەتـی وەڵامـدەرەوە نییـە. ئەمـەش ئاماژەیـە بـەوەی کـە ئـەم پاراداایمـە بـەرەو گۆڕانـە و پاراداایمێکـی نـوێ لـە بزووتنـەوەی کوردسـتاندا سـەر هەڵـدەدا. ئـەوەی کە ئـەم پاراداایمـە چ پاراداایمێـک دەبـێ و تایبەتمەندییەکانـی چ دەبن پرسـیارێکە کـە پێویسـتە بـە قووڵـی بیـری لـێ بکەینـەوە. لێـرەدا ئـەو پرسـیارە بـە کراوەیـی دەهێڵمـەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە نازانیـن تایبەتمەندییەکانی پاراداایمـی نوێ چۆن دەبـن، لـە ڕوانگەیەکی نۆرماتیڤـەوە دەتوانین لەسـەر ئـەوەی کـە چ باشـترە و پێویسـتە چ بکەیـن بەرهەڤدانـی هـزری و سیاسـی لـە گۆڕەپانـی ڕۆشـنبیری و پانتایـی گشـتیی کوردسـتاندا هەبـێ. ئەز لەتـەک حاجیزادەدا هـاوڕام کە پێویسـتیمان بە تێپەڕکردنـی قۆناغی حیزبایەتییـە بەرەو قۆناغـی پۆسـت-حیزبایەتی. حاجیـزادە (٢٠١٨: ١٢١) بـە کورتی ئاماژەی بە پێویسـتیی ڕەچاوکردنی ڕوانگەی پۆسـت-حیزبـی لـە چوارچێـوەی گەڕانـەوە بـۆ دیاریکردنـی مافـی چـارەی خـۆ نووسـین وەکـوو وەدەسـتهێنانی سـەروەریی نەتەوەیـی[٩٦] کـردووە. وەک ئـەو باسـی دەکا ئـەم ڕوانگەیـە بـە واتـای لادانـی حیزبـەکان، تـرس لـە حیزبایەتـی یـان دژایەتـی لەتـەک حیزبایەتیـدا نییـە بەڵکـوو سیاسـەت وا دەخـوازێ کە سـەربەخۆیی بـۆ کـورد بگەڕێندرێتـەوە. بۆ ئەم مەبەسـتەش پێویسـتە «لـە حیزبایەتییـەوە بـەرەو بزووتنـەوە» هەنـگاو هەڵێنیـن. تایبەتمەندییەکانـی ئـەو ڕوانگەیە بریتین لـە: «نەتەوە-جیهان-تـەوەری، دیـدی سـەروو-حیزبی، سەروو-سـنوور[ە دەسـتکردەکان]، سـەروو-پێکهاتەگەرایی[٩٧]، لێکنزیکبوونـەوەی سیاسـی[٩٨] و بەرزکردنـەوەی ڕەوشـتی دێموکراتیـک». لـە سـۆنگەیەکی هاوشـێوەوە، مـن سـەربەخۆییخوازی، یەکگرتووییخوازی (لە ئاسـتی کوردسـتاندا)، و بازدان لە «ڕۆشـنبیری حیزبی»یەوە بۆ «ڕۆشـنبیری ئـازاد»[٩٩] و هەنگاونـان بـەرەو بزووتنەوەیەکـی جەمـاوەری، وەک چـوار تایبەتمەندیـی سـەرەکیی پێویسـت بـۆ بازدانـی پاراداایمـی دەزانـم. پاراداایمـی هەنووکـە لە ئاسـتی تیۆر و کردەدا لە بنبەسـتدایە و تێچووی یەکجـار زۆری بـەدوادا بووە و تێچـووی زیاتریـش دەدا. وێناچـێ دەسـکەوتێکی ئەوتۆشـی هەبـێ، هەروەک تا ئێسـتاش دەسـتکەوتێکی ئەوتۆی نەبـووە. بـۆ دەربازبـوون لـەم پاراداایمـە پێویسـتیمان بـە دامەزرانـدن و پتەوکردنـی گوتـاری سـەربەخۆییخوازی هەیە کە

96- National sovereignty
97- Post-structuralism
98- Polititcal convergence

٩٩- مەبەسـت لـە ڕۆشـنبیری حیزبـی ئـەو جـۆرە لـە ڕۆشـنبیرە کـە بیرکردنـەوە و ڕەخنەگرتن بـە بـاش دەزانێ بـە مەرجێـک لـە چوارچێوەی حیزبایەتـی تێپـەڕ نەبـێ، واتـە ئەقڵـی چوارچێـوەدار دەکات بـە ناسـنامە و بەرژەوەندیـی حیزبێکـی تایبەتـەوە. ڕۆشـنبیری ئازاد ڕۆشـنبیرێکە کـە خـۆی تەنیـا دەبەسـتێتەوە بـە ئەقڵـی ئـازادەوە. ڕەوتـی ڕۆشـنبیریی کـوردی هاوچـەرخ لە ڕۆشـنبیریی حیزبـی بووە.

بەرەو «پاڕادایمی سەربەخۆییخوازی» بڕۆین. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ لەسەر ئەم پێشنیارانە بیر بکەینەوە:

-وەک یەک نەتەوە ڕووبەڕووی داگیرکاریی نەتەوەیی ببینەوە. کورد خۆی بە دەستی خۆی بە ڕەتنەکردنەوەی ناسنامەی داگیرکەران یارمەتیی پەرتەوازەبوونی خۆی دەدا. نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد ئەگەر هێز و توانایی خۆی بناسێ دەتوانێ بەرپەرچی داگیرکاری بداتەوە. بەس ئەگەر کورد بە شێوەی جیاجیا و هەر کام لە چوارچێوەی حیزبێکدا و ئەویش تەنیا لە بەشێکی کوردستان خەبات بکەن نەک دەرەقەتی داگیرکاری نایەن بەڵکوو هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە وا دەخوازێ کە لە کۆتاییدا هێزە کوردییەکان دژی یەکتریش بوەستنەوە.

-سەربەخۆیی نەتەوەیی وەک ئامانجی ستراتژیک دەسنیشان بکرێ ئەگەر تەنانەت جۆری تاکتیک و کایەی سیاسی کورد جیاواز بێ لە هەر بەشێکی کوردستان. بەبێ دەستنیشانکردنی سەربەخۆیی کورد ناتوانێ یەکگرتوو بێ. نەتەوەی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر پەرتەوازە بووە و تەنیا سەربەخۆیی وەک ئارمانجێکی نەتەوەیی دەتوانێ یەکگرتوویی بپارێزێ.

-لە قۆناغی بزووتنەوەی حیزبایەتییەوە بەرەو بزاڤێکی جەماوەریی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەنگاو بنێین. واتە خەبات بۆ سەربەخۆیی تەنیا نەبەسترێتەوە بە حیزبە سیاسییەکان (کە وێناچێ بەم زووانە ئەجێندای سیاسیی سەربەخۆیی پەیڕەو بکەن) بەڵکوو سەربەخۆیی بکرێتە ئەجێندای بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تیایدا بەشدار بن. بزووتنەوەیەک کە حیزبەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێ تیایدا. واتە، حیزب بەشێک بێ لە بزووتنەوە نەک بزووتنەوە بەشێک بێ لە حیزب.

-ڕۆشنبیر و چالاکانی کورد دەکرێ لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی نەتەوییدا کۆڕ و کۆمەڵ دابمەزرێنن و خۆیان لە هەر هاوکارییەک لەگەڵ ڕێکخراوەگەلی سەر بە نەتەوە باڵادەستەکان بپارێزن. بە واتایەکی تر، بە جێی نزیکبوونەوە لە پێتەختی دەوڵەتانی تر، هەوڵی نزیکبوونەوە لە یەکتر بدەن و لەتەک یەکتردا هاوکاری و هەرەوەزی نەتەوەیی بکەن.

-ڕۆشنبیر، نوخبە و کەسایەتییە پرۆفێشناڵەکانی کورد پێویستە «کۆمەڵەی مەعریفی»[١٠٠] دابمەزرێنن بۆ ئەوەی

---

١٠٠- Epistemic community ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە لایەن پیتەر هاس (١٩٩٢) فۆرموولە کرا. ئەو وەکوو ئامرازێکی تیۆری بەکاری هێنا بۆ ئەوەی کە باندۆری ئەو پسپۆڕانە کە لەسەر بنەمای زانست (knowledge-based) کار دەکەن لە داڕشتنی سیاسەتی نێونەتەوەییدا نیشان بدا.
ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگیان لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا هەیە. وەک نموونەیەک لەم کاریگەرییە لەناو نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا بڕوانە ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە ناسیۆنالیزمی کاتالانەکان لە قۆناغی دیکتاتۆریی فرانکۆدا:
Guibernau, M. (2000). Nationalism and Intellectuals in Nations without States: The Catalan Case. Political Studies, 48(5), 989–1005. doi:10.1111/1467-9248.00291
گوبیێرنائو هەروەها باس لە گۆڕانکارییەک دەکا کە لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا لە بزاڤی نەتەوەیی کاتالانەکاندا هاتووەتە ئاراوە. ئەو دەڵێ کە نەوەی نوێی کاتالانەکان لەم ماوەیەدا بەرەو سەربەخۆییخوازی ڕۆیشتوون (Guibernau, ٢٠١٥: ٥٤٤). بۆ وەرگێڕانی کوردیی ئەم وتارە بڕوانە:

زانست و مەعریفەی پێویست بۆ ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوە بەرهەم بهێنن. ئەمەش بە دامەزراندنی کۆمەڵەی جۆراوجۆر لە ژووری بیرکردنەوە[١٠١]، ئەنجومەنی زانستی لە بواری جۆراوجۆردا، ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی لە ئەورووپا و میدیاگەلێکی نەتەوەیی تر دەگاتە ئەنجام. هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوەیی خوێندکاران لەناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان -بەتایبەت دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوەیی خوێندکاری کورد لە نێوان خوێندەوارانی کورد لە دیاسپۆڕا. دامەزراندنی گۆڤاری زانستی و ئاکادیمی لە چوارچێوەی پارادایمی سەربەخۆییدا. جووڵەیەکی فیکری و سیاسیی لەم جۆرە دەتوانێ هەنگاوێک بێ بەرەو زیندووبوونەوەی نەتەوەیی و «شۆڕشی ڕۆشنگەریی نەتەوەیی». شۆڕشێک کە بناغەی فیکریی بزووتنەوەی نەتەویی کوردستان چێ بکا.

-نەتەوەی کورد لە دیاسپۆڕا دەتوانێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەنگ لە پرسی بێدەوڵەتیی کورد بهێنێ. ئەمە هەم ئاستی چالاکیی ئاکادیمی هەم ئاستی چالاکیی سیاسی و مەدەنی دەگرێتەوە. زۆر گرنگە کە پرسی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بکرێتە ڕۆژەڤ. هەر لەم پێناوەدا، پێویستە هاوکاریی ئۆرگانیک لە نێوان بزاڤی سەربەخۆییخوازی کوردستان و نەتەوە بێدەوڵەتەکانی تردا چێ ببێ. بێدەوڵەتی پرسێکی جیهانییە و پێویستی بە هۆشیاری و هەڵمەتێکی جیهانییشە بۆ ئەوەی پرسەکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بورووژێندرێ. قەتیسمانەوەی خەباتی نەتەوەیی کورد لە نێوخۆی سنوورە کۆلۆنیالیستییەکاندا دەبێتە هۆی سەرکوتکردن و شکستی بزووتنەوەی کوردستان. گرنگە کە کورد دڵخۆش بە «خەباتی پەرلەمانی» لە ناو ئەم دەوڵەتانەدا نەبێ و بە تەواوی سیاسەتی خۆی لە سیاسەتی دوژمنەکانی جیا بکاتەوە.

**٥-١- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

هەموو نەتەوەیەک پێویستی بە ناوەندێکی نیشتمانی هەیە کە خاوەندارێتیی نەتەوەکە بکا. بەتایبەتی کە نەتەوەکان پێویستیان بە بڕیاردان هەیە لە زۆر بارودۆخی دژواردا. هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی، نەتەوەکان پێویستیان بە دامودەزگای دەوڵەتی هەیە کە لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دێنە دامەزراندن. بۆ نەتەوەی کورد کە لە دۆخی بێدەوڵەتیدایە ڕێکخراوەیەکی سیاسیی نەتەوەیی پێویستییەکەی حاشاهەڵنەگرە. ئەم ڕێکخراوەیە دەتوانێ ببێتە ناوەندێکی بەهێز کە ئاراستەی دروست بە سیاسەتی کورد بدات. بەتایبەت کە لە دونیای ئەمڕۆدا پەیوەندیگرتن زۆر سانا بووەتەوە و دەکرێ وەک نەتەوەی کورد بە هێز

مۆنتێسترا، گوییێرنائو (٢٠٢٠). دیاریکردنی چارەنووس لە سەدەی بیست و یەکەمدا (وەرگێڕ: ڕێزان عەبدوڵڵاهی). گۆڤاری پۆلیتیا. ژمارەی چوارەم.

101- Think tank

و ئیرادەیەکەی نەتەوەییانە بچینە ناو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی. بە چەشنێک کە بوونی خۆمان وەک نەتەوەیەکی دێرین و گەورە مانیفێست بکەین. کورد ئەگەر یەک نەتەوەیە پێویستە گرێبەستێکی نەتەوەییشی هەبێ. لە دونیای نوێدا نەتەوەیەک ناتوانێ وەک یەک نەتەوە بمێنێ ئەگەر گرێبەستی نەتەوەیی و ئامانجی و خەیاڵی نەتەوەیی هاوبەش و دیاریکراوی نەبێ لەنێو خۆیدا. جیهان بە خێرایی لە گۆڕاندایە و نەتەوەی کوردیش لەبەردەم دەرفەت و هەڕەشەی زۆردا. گرنگترین فاکتەر لە دیاریکردنی چارەنووسی کورد، هەر هێزی خوودی نەتەوەی کوردە. کاتێک باس لە چارەنووسی کوردیش دەکەین، بێ گومان گرنگیی ڕۆڵی نوخبەی فیکری و سیاسیی کورد دەردەکەوێ. ئەمەش بە دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی لە ئوروووپا دەتوانێ دەست پێ بکا.[١٠٢] کۆنگرەیەک لە سەرووی حیزبایەتییەوە کە حیزبەکانیش ئەندامی ئەم کۆنگرەیە بن. بیرمەند، ڕۆشنبیر و نوخبەکانی هزری و سیاسیی کورد لەگەڵ نوخبەکانی تر (نوخبە زانستی، ئابوری، میدیایی، هونەری و ئەدەبی) لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی نەتەوەییدا دەکرێ کۆ ببنەوە. کۆنگرەیەکی وەها دەتوانێ کاریگەرییەکی یەکجار زۆر لەسەر ڕێکخستنی ناوماڵی کورد هەبێ، بە جۆرێک کە تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەری چارەسەری قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەبێ. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ بڕیاری چارەنووسساز لەمەڕ ناسنامە، ئاسایش و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا بدا و ئیرادەی نەتەوەیی کورد وەک پێویست زیندوو بکاتەوە و کەسێتیی نەتەوەیی بە کورد ببەخشێ. ئەم کەسێتییە نەتەوەییە ئیرادەی نەتەوەیی بە کورد دەبەخشێ و هەستی دەروونی و باوەڕبەخۆیی دەگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤی کورد هەم لە ئاستی مافناسانە گرنگییەکی زۆری دەبێ وەک نوێنەرایەتی کوردستان. هەروەها، دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی نەک هەر لەسەر دیپلۆماسی کوردستان هەبێ بەڵکوو ئیمکانی دامەزراندنی هێزی نەتەوەییش بخوڵقێنێ. دامەزراندنیماڵتی-میدیای نەتەوەیی وەک لقێکی گرنگیی ئەم کۆنگرەیە یەکێک لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانە کە لانیکەم بە کوردی و ئینگلیزی بتوانێ دەنگی کورد ئازادانە بە خۆی و بە جیهان بگەیەنێ.

---

١٠٢- بۆ زانیاری لەبارەی کۆنگرەیەکی هاوشێوە کە پێشتر هەندێ کەسایەتی نەتەوەیی دایانمەزراندبوو بڕوانە:
کاووسی، سیروان (٢٠١٩). هەڤپەیڤین لەگەڵ سیران کاوسی. گۆڤاری پۆلیتیا. ژمارەی ٣. لل٧٥-٦٣

## دەرئەنجام

ناسنامەی نەتەوەیی وەک دیاردەیەکی هەرە بەهێز و سەرەکی، فاکتەرێکی گرنگە لە خۆ-پێناسەکردنی مرۆڤی سەردەم. لاوازکردن و لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەیەک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە لاوازکردن و لەمرۆڤخستنی ئەندامەکانی ئەو نەتەوەیە هەیە. پاراستن و گەشەپێدانی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە خۆشبژێوی، کەرامەت و سەنگەخودی[103] تاکەکانی سەر بەم نەتەوەیە هەیە. کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بە قووڵی تووشی لاوازیی ناسنامەی نەتەوەیی هاتووە. سیاسەتی هاوچەرخی کورد بەهۆی ئەم قەیرانەوە بەلاڕێداچوونی زۆری بە خۆیەوە بینیوە؛ بە جۆرێک کە لە ئێستادا گوتاری سیاسیی کورد زۆر ئاڵۆز و سەرلێشێواوە. مرۆڤ و نەتەوەی کورد نەک تەنیا تایبەتمەندییەکانی خۆی نەناسیوە بەڵکوو زۆرێک لە نوخبە سیاسییەکانی کورد هێشتا لە نێوان ناسنامەی کوردستانیبوون و سەر بە دەوڵەتی باڵادەستبووندا (وەک ئێرانیبوون، تورکیاییبوون و هتد) خۆیان یەکلا نەکردووەتەوە. لە نەبوونی پێناسەیەکی دروست لەم ناسنامەیەش، دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و داڕشتنی سیاسەتی نەتەوەیی بۆ کورد بووەتە کارێکی ئەستەم. بۆیەش، لەم وتارەدا لەسەر ئەوە جەخت کرایەوە کە پێویستە ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی کوردستان ببینەوە و پێداچوونەوە بە پێناسەی خۆماندا بکەینەوە. واتە بە تێروتەسەلی و بە شێوەیەکی ڕوون و پتەو بەرسڤی ئێمە کێین، ئێمە چین، و چیمان دەوێ، بدەینەوە.

قەیرانی ناسنامەی کورد ڕیشەی لە نەبوونی وشیاریی نەتەوەییدایە. واتە لە نەبوونی خۆناسیندا، کورد نە خۆی، نە ئەوی ترەکانی و نە جیهانی سەردەمی باش نەناسیوە. ئەمەش وا دەکا کە کورد بە جێگەی ئەوەی وەک یەک نەتەوە بەدوای ڕزگارکردنی خاکی کوردستاندا بێ و هەوڵ بۆ دیاریکردنی پێگەی خۆی لە جیهاندا بدا، بە شوێن ئایدیۆلۆژی و مۆدێلی سیاسیی بێکەڵکدایە کە بوونە هۆی سەرلێشێواویی سیاسی. ئەم ئاڵۆزییە لە پێناسەکردنی «پرسی کوردستان»دا بە ڕوونی لە گوتاری سیاسیی بیرمەند، ڕۆشنبیر، ڕێبەر و نوخبە سیاسییەکانی کورددا دیارە کاتێک پرسی کورد دەبەستنەوە بە ئایدیۆلۆژیاکانی سەردەم و دێموکراتیزەکردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکان. لە حاڵێکدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پرسی سەروەری بەسەر خاکدا لەتەک ئەم ئایدیۆلۆژیانە نییە. لە کاتێکدا کە سیاسەت بە پێناسە و جیاکاری «ئێمە» و «ئەوان» دەست پێ دەکا ئۆجالان و قاسملوو هەوڵی لێڵکردنی ئەم هێڵە دەدەن و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەوەی کە هەیە ئاڵۆزتر دەکەن. «پرسی کوردستان» پرسێکی نەتەوەییە کە چارەسەرییەکی نەتەوەیی پێویستە؛ واتە ڕزگاریی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش باس لە پێویستیی تێپەڕاندنی «پارادایمی ڕیفۆرمخوازی» بەرەو «پارادایمی سەربەخۆییخوازی»

103- Self-esteem

کرا. لەم پێناوەشدا، سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێ زۆر پڕۆژەی کوردستانیمان هەبێ، لە سەرووی هەموویانەوە پێویستیمان بە کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کوردستانە کە لە ئورووپا دابمەزرێ و ئاراستەیەکی نەتەوەیی بە سیاسەتی کورد بدا بە چەشنێک کە نەتەوەی کورد لە سەرلێشێواویی سیاسی دەرباز بکا.

## ● ژێدەرەکان کوردییەکان


ئەحمەدی، ئیدریس (٢٠٠٨). لە هێگلەوە هەتا قاسملوو: بەرەو کۆنگرەی ١٤و تازەکردنەوەی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک». وەشانی بڵاوکراوە لە ئینتەرنێتدا.

بازیار، سمایل (٢٠١٩). خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک (کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی). ماڵپەڕی کورد و کوردستان. ئینتەرنێت.

بێشکچی ئیسماعیل (٢٠٠٢). کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەڵەتی (وەرگێڕ: حەمە ڕەشید). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

قاسملوو، عەبدولرەحمان (١٣٨٤[٢٠٠٦]). تاقگەی هەقیقەت؛ بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو. بەرگی دووهەم (کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی). سلێمانی.

قاسملوو، عەبدولرەحمان (٢٠٠٣). کورتە باس (نووسینەوەو ئامادەکردنی: سەلاح شەشە). سوید.

قاسملوو، عەبدولرەحمان (٢٠٠٤[١٩٧٣]). کوردستان و کورد (وەرگێڕ: عەبدوڵا حەسەن زادە). سوید.

نەبەز، جەمال (٢٠٠٧). ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا؛ کۆبەرهەم ژمارە ٤. چاپخانەی منارە. چاپی دووهەم. هەولێر.

نەبەز، جەمال (١٩٧٢). کوردستان و شۆڕشەکەی؛ کۆبەرهەم ١ (وەرگێڕ: کوردۆ). نوکسە. ئاڵمان.


## ● ژێدەرە ئینگلیزییەکان


Buchanan Allen (2003). The Making and Unmaking Boundaries: What Liberalism Has to Say in Moore Margaret and Buchanan Allen (eds.). States, Nations and Borders; The Ethics of Making Borders.Cambridge University Press: Cambridge. pp. 231-261

Buchanan Allen (2007). Secession and Nationalism in Robert E. Goodin, Philip Pettit

and Thomas Pogge. second edititon (eds.). A companion to contemporary political philosophy.

Calhoun, Craig and Eliassi, Barzoo (2014), "Nationalism, Cosmopolitanism And Statelessness: An Interview WithCraig Calhoun, Kurdish Studies, Volume: 2, No: 1, pp. 61-74, May 2014.

Calhoun, Criag and Elyasi Barzoo (2014). Nationalism, Casmopolitanism and Statelessness: An Interview with Craig Calhoun. Kurdish Studies. Volume: 2, No: 1, pp. 61 – 74

Canovan, Margaret. 1996. Nationhood and Political Theory. Cheltenham: Edward Elgar.

Castells, Manuel (1997). The Power of Identity, The Information Age: Economy, Society and Culture Vol. II. Cambridge, Massachusetts; Oxford, UK: Blackwell.

Crick, Bernard. (1962). In defence of politics. London: Weidenfeld and Nicolson.

Frantz Fanon (1968). "Wretched of the Earth", Grove Press, New York.

Geertz, Clifford. 1973. The Interpretation of Cultures. London: Fontana.

Gerber, Damian & Shannon, Brincat. 2018. When Öcalan met Bookchin: The Kurdish Freedom Movement and the Political Theory of Democratic Confederalism, Geopolitics, DOI: 10.1080/14650045.2018.1508016

Giddens, Anthony (2009). Introduction to sociology. New York: Norton.

Guibernau Montserrat (1999). Nations Without States: Political Communities in the Global Age. Cambridge: Polity

Guibernau, Montserrat (2004). Anthony D. Smith on nations and national identity: a critical assessment in Nations and Nationalism 10 (1/2), 2004, 125–141.

Guibernau, Montserrat (2004). Anthony D. Smith on nations and national identity: a critical assessment in Nations and Nationalism 10 (1/2), 2004, 125–141.

Guibernau, Montserrat. 1999. Nations without States. Cambridge: Polity

Gutmann, Amy (2004). Identity in Democracy, Princeton University Press, Princeton.

Habermas, Jurgen (1994). Citizenship and National Identity in Steenbergen van Bart (ed.). The Concept of Citizenship. SAGE. London.

Heywood Andrew (2013). Politics. Politics. Houndmills, Basingstoke, England: Macmillan.

Heywood, Andrew (2004). Political Theory: An introduction. Houndmills, Basingstoke, England: Macmillan.

Heywood, Andrew (2012). Political Ideologies: An introduction. New York: St. Martin›s Press.

Kymlicka Will (2000). Federalism and Secession: At Home and Abroad. Canadian Journal of Law & Jurisprudence. Volume 13, Issue 2 (SECESSION). July 2000. pp. 207-224. DOI: https://doi.org/10.1017/S0841820900000400

Kymlicka, Will and Michael Jewkes and Jean-François Grégoire (2016). Models of Cit-

izenship, Inclusion and Empowerment: National Minorities, Immigrants and Animals? An Interview with Will Kymlicka. Political Theory, Vol. 44, No. 3 (June 2016), pp. 394-409.

Kymlicka, Will. 1995. Multicultural citizenship: a liberal theory of minority rights. Oxford: Clarendon Press.

Lasswell, Harold. D. (1936). Politics; who gets what, when, how. New York: Whittlesey House.

Markell, Patchen. 2003. Bound by Recognition. Princeton, N.J: Princeton University Press.

Matin, Kamran. 2019. Democratic Confederalism and Societal Multiplicity: A Sympathetic Critique of Abdullah Öcalan's State Theory, Geopolitics, DOI:10.1080/14650045.2019.1688785

Miller, David. 1995. On Nationality. Oxford: Oxford University Press. New York.

Miller, David. 2007. National responsibility and Global Justice. Oxford: Oxford University Press. New York.

Moore Margaret. 1997. On National Self-Determination. Political Studies. XLV 900-913

Moore Margaret. 2014. A Political Theory of Territory. Oxford: Oxford University Press.

O'balance, Edgar (1996). The Kurdish Struggle 1920-94. Plagrave Macmillan. New York.

O'Leary Brendan (2014). The Federalization of Iraq and Break-up of Iraq in Kymlicka Will and Pfostl Eva (eds.) Multiculturalism and Minority Rights in the Arab World. Oxford University Press: Oxford. pp. 219-249.

Ocalan Abdullah (1998). «We Are Fighting Turks Everywhere». Middle East Quarterly 5(2), Jun 1998, 79-85. Available at: https://www.meforum.org/399/abdullah-ocalan-we-are-fighting-turks-everywhere.

Ocalan, Abdollah (2011). Democratic Confedralism. International Initiative. London, Cologne.

Ocalan, Abdollah (2017). Democratic Nation, International Initiative Edition. International Initiative in cooperation with Mesopotamian Publishers, Neuss.

Ormerod J. R (2008). The History and Ideas of Marxism: The Relevance for OR. The Journal of the Operational Research Society. Vol. 59, No. 12 (Dec., 2008), pp. 1573-1590

Ozcan Ali Kemal (2006). Turkey's Kurds; A theoretical analysis of the PKK and Abdullah Ocalan. Routledge Advances in Middle East Studies. London.

Smith, Anthony D. 1986. The Ethnic Origins of Nations. Oxford: Blackwell.

Smith, Anthony D. 1991. National Identity. London: Penguin.

Smith, Joel, «Self-Consciousness», The Stanford Encyclopedia of Philosophy (Summer 2020 Edition), Edward N. Zalta (ed.), forthcoming URL = <https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries/self-consciousness/>.

Tamir, Yael (1993), Liberal Nationalism (Princeton University Press, Princeton).

Taylor, Charles, Amy Gutmann, and Charles Taylor. 1994. Multiculturalism: examining

the politics of recognition. Princeton, N.J.: Princeton University Press.

Wellman, Christopher. 2005. A Theory of Secession: The Case for Political Self-Determination. Cambridge University Press. New York.

## ● ژێدەرە فارسییەکان

اوجـالان، عبدللـه (۲۰۱۹). مانیفسـت تمـدن دموکراتیـک؛ دوره پنـج جلـدی. چـاپ سـوم. مرکـز نـشر و آثـار اندیشـه هـای عبداللـه اوجـالان.

حاجـیزاده، جـلال (۱۳۸۹). تبییـن نظریـهی کنفدرالیسـم دموکراتیـک خلقهـا در سـپهر اندیشـههای سیاسـی اوجـالان. فصلنامـه سیاسـی، اجتماعـی، فرهنگـی ڕۆژەڤ. سـال پنجـم. شـماره ١٤ و ١٥ و ١٦ / بهـار، تابسـتان و پاییـز ۱۳۸۹. صـص ۳۰۵-۳۳۵.

حاجـیزادە، جـەلال (۲۰۲۰). گۆڤـاری ئەلکترۆنـی پۆلیتیـا. دۆسـیەی تایبەتـی پۆلیتیا بـۆ جـەلال حاجیـزادە؛ ڕامان و زەینـی کـوردی.

کوچرا، کریس (۱۳۷۷). یونسی، ابراهیم. جنبش ملی کرد. موسسه انتشارات نگاه. چاپ دوم. تهران.